هەواڵنامەی کتێب

# جوانترین خنکاوی دونیا

چیرۆک

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٣٦)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

هەواڵنامەی کتێب

■ **جوانترین خنکاوی دونیا**

نووسینی: کۆمەڵێک چیرۆکنووس
وەرگێڕانی: ژوان شوانی
بابەت: چیرۆک
دیزاینی ناوەوە: ڕێبوار سەدرەدین
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٧٥٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
چاپی: چاپخانەی **سەردەم**، ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی
■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٠٨)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە
■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# جوانترین خنکاوی دونیا

له ئینگلیزییه‌وه: ژوان شوانی

چیرۆک

٢٠١٧ سلێمانی

هەواڵنامەی کتێب

پێشکەش بەو ژنەی بە نیو ماف و نیو
ئازادی و نیو خۆشەویستی ڕازی نابێ،
پێشکەش بە بەهێزترین ژن کە دەیناسم:
**خۆم!**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

پێرست


کاغەزی زەردی دیوار ........................................................ ٩

بێدەنگییەکان ........................................................ ٣٤

یازدە........................................................ ٣٨

جوانترین خنکاوی دنیا ........................................................ ٤٤

تا ئاگرێک بکرێتەوە........................................................ ٥٣

حیسابی بانک........................................................ ٧٨

ماشێنەکە دەوەستێت ........................................................ ٨٣

لە وڵاتێکی تر........................................................ ١٣٤


هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

# کاغەزی زەردی دیوار

**شارلۆت پێرکینز گیلمان**

زۆر بە دەگمەن کەسانی وەک من و جۆن، کۆشک بۆ هاوین بە کرێ دەگرن. ئەویش کۆشکی سەردەمی ئیستیعمار، موڵکی وەرەسە، بەڵام ئەو کۆشکە لای من دەڵێی خانوویەکە بۆ حەوانەوەی تارماییەکان.

من بە دڵنیاییەوە ددان بەوەدا دەنێم، کە شتێک لەو خانووەدا نائاساییە. ئەگینا بۆچی ئەوەندە هەرزان بە کرێی دەدەن؟ یان بۆ ئەوەندە دەمێکە کەسی تێدا نەژیاوە؟

جۆن پێم پێدەکەنێت، بەڵام بێگومان ئەوە لە ژیانی ژنومێردایەتیدا شتێکی ئاساییە. جۆن لە ڕادەبەدەر کەسێکی کردەییە. بڕوای بە قەدەر و چارەنووس نییە؛ لە قسەی پڕوپیرێژنان دەترسێت؛ گاڵتەی بە هەر شتێک دێت، کە بنیادەم نەتوانێ بیبینێ، یان دەستی لێوە بدا، یاخود بیژمێرێ.

جۆن دوکتۆرە و ڕەنگبێ بە هۆی ئەو دوکتۆرییەی ئەوەوە بێت (من ئەمە بە بەشەری خودا ناڵێم، بەڵام ئیدی ئەمە کاغەزی بێگیانە و سەبووریم دێ کە لێرەدا دەینووسم) کە زووتر چاک نابمەوە.

هەواڵامەی کتێب

ئاخر ئەو باوەڕ ناکات کە نەخۆش بم.
ئیتر من چیم دەسەڵاتە؟
ئەگەر دوکتۆرێکی باش و بەناوبانگ و مێردی خۆت لەناو خزم و کەسوکاردا ڕایبگەیەنێت، کە جگە لە خەمۆکییەکی نیگەرانئامێزی کاتی، چ خەوشێک لە تەندروستیتدا نییە – ئیدی من چ بڵێم و دەسەڵاتم چییە؟
براکەیشم هەر دوکتۆرە و ئەویش بەناوبانگە و هەمان شت دەڵێت.
بۆیە وەک چارەسەر، فۆسفات یان فۆسفەیت – هەر کامێکیانە، لەگەڵ تۆنیک دەخۆم، سەفەر و هەواگۆڕکێ و وەرزین دەکەم. هەتا چاک دەبمەوە، بە تەواوەتی "کارکردن"م لێ قەدەغە کراوە.
من خۆم قسەکەی ئەوان پەسەند نادەم.
پێم وایە کارێکی گونجاو لەگەڵ کەمێک گۆڕانکاری، جۆشوخرۆشم تێدەگەڕێنێتەوە و باشتر دەبم.
بەڵام چیم دەسەڵاتە؟
وێڕای بەرهەڵستییان، ماوەیەکی کەمە کەوتوومەتەوە نووسین؛ بەڵام نووسین ئێجگار ماندووم دەکات – چونکە دەبێ یان زۆر بە نهێنی بنووسم، یان ئەوەتا دەکەومە بەر ڕێژنەی گلەوگازندەیان.
هەندێ جار خەیاڵ دەکەم لەم حاڵەتەی مندا چەند شتێکی باش دەبوو ئەگەر کەمتر خەڵکانی بەرهەڵستکارم هەبوونایە و خەڵکانی زۆرتر هاندەرم بوونایە – بەڵام جۆن دەڵێت خراپترین شتێک بیکەم ئەوەیە، بیر لە حاڵەتەکەم بکەمەوە. ددان بەوەشدا دەنێم کە هەندێ جار بیرکردنەوە لەوە، دڵتەنگم دەکات.

هەولێرەی کتێب

بۆیە واز لەم باسەیان دێنم و باسی خانووەکە دەکەم.
خانووەکە قەشەنگترین جێگەیە! تا ڕاددەیەک عەلاحەدەیە، هەم لە جادەکەوە دووره و هەم سێ میلیش لە گوندەکەوە. ئەو خانووە ئینگلیزییانەم دەخاتەوە بیر، کە بنیادەم لە بارەیانەوە شت دەخوێنێتەوە؛ چونکە پەرژین و دیوار و دەروازەی هەن. دەستەیەک خانووبەرەی بچکۆلەشی بۆ باغەوان و خزمەتکارەکانی تێدان.
باخچەکەی هەر زۆر جوانە! هەرگیز باخی وا جوانم نەبینیوە – گەورەیە و پڕە لە سایە و سێبەر و ڕێگەی پێچاوپێچ و کورسیی ژێر کەپری مێو.
خانۆچکەی شووشەییشی هەبووە، بەڵام ئێستا هەمووی شکاوە.
پێم وا بێ کێشەی یاسایییان هەبووە، وەک کێشەی میراتگر و شەریک. بە هەرحاڵ، ساڵانێکە خانووەکە چۆڵە.
من کەمێک دەترسم، بەڵام نەیشم کردووە بە خەم –شتێکی نائاسایی لەبارەی ئەم خانووەوە هەیە– هەستی پێ دەکەم.
لە ئێوارەی مانگەشەوێکدا، ئەوەم تەنانەت بە جۆن–یش وت، بەڵام ئەو وتی تەنها با بووە و هەستا پەنجەرەکەی داخست.
هەندێ جار زیاد لە پێویست لە جۆن تووڕە دەبم. دڵنیام جاران هێندە هەستیار نەبووم. پێم وایە خەتای ئەم دۆخی نیگەرانییەمە.
بەڵام جۆن دەڵێت، کاتێ هەست بە تووڕەیی دەکەم، پێویست ناکا لە خۆمدا بیخۆمەوە؛ بەڵام هەوڵی تەواو دەدەم کە لە خۆمدا بیخۆمەوە– هەر نەبێ لە بەرچاوی ئەودا. ئەوەش تەواو ماندووم دەکات.
هیچ خۆشیم بەم ژوورەمان نایەت. من ژوورێکی خوارەوەم دەویست کە بەسەر گۆڕەپانەکەدا دەڕوانێ و گوڵەباخ بە

دەوری پەنجەرەکەیدا پەلی هاویشتووە. پەردەکانی لە قوماشی چیتی قەیمین! بەڵام جۆن چ باکی بەوە نییە.

جۆن دەڵێ ئەو ژوورە تەنیا یەک پەنجەرەی هەیە و جێگەی دوو قەرەوێڵەی تێدا نابێتەوە و ئەگەر بیەوێت لە ژوورێکی تر بنوێت، ژووری نزیکی لەلاوە نییە.

جۆن زۆر بە مشوور و میهرەبانە و لێناگەڕێت پەنجە بە ئاودا بکەم.

خشتەیەکم هەیە بۆ هەر سەری سەعاتێک کە دەرمانی تێدا بخۆم؛ ئەو ئاگای لێمە و ئەگەر ئەوەم لەبەر چاو نەبێ، کەواتە کەسێکی بێسفەتم.

جۆن دەڵێ کە ئێمە تەنیا و تەنیا لەبەر خاتری من هاتووین بۆ ئێرە. دەبێ پشوویەکی درێژ بدەم و جەو بگۆڕم. دەڵێت، "گیانە، وەرزشەکانت بەندن بە تینوتاوی خۆتەوە و خواردنیشت بەندە بە ئیشتیهاتەوە، بەڵام دەتوانی هەموو کات هەوا وەربگریت." بۆیە ئەو ژوورەی نهۆمی سەرەوەمان، کە پێشتر وەک دایەنگە بەکارهاتبوو، بۆ خۆمان دانا.

ژوورێکی گەورە و بەرینە. نهۆمەکە هەمووی فراوانە و پەنجەرەکانی بەسەر هەرچوار لادا دەکرێنەوە و تا خوا حەز بکا هەتاوی تێدەکەوێت. پێشتر دایەنگە بووە و دواتر بووەتە شوێنی یاریکردن و دواتریش بووەتە هۆڵی وەرزش. بۆ سەلامەتیی منداڵ، پەنجەرەکانی تەلبەند کراون و قولاپ و شت بە دیوارەکانیەوەن.

بە بۆیاخ و کاغەزی دیوارەکانیدا دەڵێی قوتابخانەی کوڕان بووە. لە سەرووی قەرەوێڵەکەمەوە تا دەست دەیگاتێ، کاغەزەکەی لێکراوەتەوە و لەوبەریشەوە لە خوارەوە پارچەیەکی گەورەی لێ دڕاوە. لە ژیانمدا کاغەزی وا ناشیرینم

نەبینیوە. لەو زەخرەفە ناقۆلا و زەرەقوبەرەقانەیە کە هەرچی تاوانی هونەری هەیە، تیایدا ئەنجام دراوە.

هێڵەکانی تەڵخ و لێڵن و چاو ناتوانێ بەبێ سەرلێشێوان دوایان بکەوێت، کەچی بەشی ئەوەش زەقن کە بەردەوام بەرەو لای خۆیان کەمەندکێشت بکەن. کاتێکیش دوای هێڵە لاسەنگ و قەوسە ناهاوسەنگەکانی دەکەویت، لەپڕێکدا خۆیان لەناو دەبەن و – خۆ هەڵدەدێرنە سووچ و قوژبنی سەیروسەمەرەوە و خۆیان تێکوپێک دەشکێنن.

ڕەنگی کاغەزەکە هەر زۆر قێزەونە، خەریکە هێڵنجم دێ؛ زەردێکی بۆری سووتاو، لە شوێنی سەیردا بە تینی هەتاو کاڵ بووتەوە و پرتووکاوە.

لە هەندێک شوێندا پرتەقاڵییەکی تەڵخە، لە هەندێک شوێنی تریشدا زەردێکی لیمۆییە کە ئاوی چاو دەبا.

تومەز بۆیە منداڵەکان ڕقیان لێی بووە! منیش ڕقم لێی دەبوو ئەگەر ناچار بوومایە لەم ژوورەدا بژیم.

وا جۆن هات، دەبێ نووسینەکەی بەردەستم لابەرم – ئاخر حەز ناکات یەک وشە بنووسم.

دوو هەفتەیە لێرەین و هەست دەکەم وەک یەکەم جار زەوقی نووسینم نەماوە.

ئێستا لە لای پەنجەرەکەوە دانیشتووم، لەم ژوورە نەفرەتییە.

جگە لە بێهێزییم، چ شتێکی تر ڕێگر نییە لەوەی کە بنووسم.

جۆن بە درێژایی ڕۆژ لە دەرەوەیە، تەنانەت هەندێ شەویش کە نەخۆشی قورس هەن، نایەتەوە.

بەس نییە حاڵەتەکەی من زۆر قورس نییە!

بەڵام ئەم وردەنیگەرانییانە هەر بەڕاستی جێگەی خەفەتن.

هەواڵنامەی کتێب

جۆن نازانێت لە ڕاستیدا من چەند دەناڵێنم. ئەو وا دەزانێت کە هیچ شتێک نییە پێوەی بناڵم. ئەو بەوە دڵخۆشە.
بێگومان تەنها نیگەرانییە. بەڵام ئەو نیگەرانییە هێندە گیانی داهێزراندووم، کە نەتوانم هیچ کارێک بکەم!
بەنیاز بووم زۆر یارمەتیدەری جۆن بم، مایەی خۆشی و حەوانەوەی بم، کەچی ئەوەتا لە ئێستاوە بووم بە بار بەسەریەوە.
کەس نازانێ چ هەوڵ و بەرخۆدانێکی دەوێ تا دەتوانم ئەو تۆزە شتە بکەم – شتی وەک خۆگۆڕین و شترێکخستن.
مایەی خۆشبەختییە کە مێری لەگەڵ منداڵەکەدا زۆر باشە. منداڵێکی ئازیزە! کەچی هەرچەند دەکەم ناتوانم لەگەڵیدا بم، ئەمەش زۆر نیگەرانم دەکات.
پێم وا بێ جۆن هەرگیز لە ژیانیدا نیگەران نەبووە. لە بارەی کاغەزی دیوارەکەوە، پێم پێدەکەنێت.
یەکەم جار بەنیاز بوو ژوورەکە چاک بکات، بەڵام دواتر وتی گوایە خەتای خۆمە لێدەگەڕێم ئەو جۆرە شتانە نیگەرانم بکەن، خراپترین شتێکیش کە نەخۆشێک نیگەران بکات ئەوەیە، لێگەڕێت واهیمەکانی ژیانی کۆنترۆڵ بکەن.
جۆن دەڵێ دوای گۆڕینی کاغەزی دیوارەکە، دەکەویتە بیانووگرتن لە قەرەوێڵەکە و ئینجا لە تەلبەندی پەنجەرەکە و دواتر لە دەرگای سەر پێپلیکانەکان و شتی تریش.
هەروەها دەڵێ:" دەزانیت ئەم شوێنەت باش پێدەکەوێت. ئازیزم هەر بەڕاستییش حەوسەڵەی نوێکردنەوەی خانوویەکم نییە، کە تەنها بۆ سێ مانگ بە کرێمان گرتبێ."
منیش دەڵێم:" دەی کەواتە با بچینە خوارەوە، ژوورەکانی خوارەوە زۆر جوانن."

پاشـان لە باوەشـم دەگـرێ و بە مـراوییە بچکـۆلەکەی خـۆی بانگم دەکا و پێم دەڵێ: ئەگەر پێم خۆش بێ، ئەوا تەنانەت بۆ ژێرزەمینەکەش لەگەڵم دێت.

بەڵام تـا ئەنـدازەیەکیش لە بـارەی قەرەوێـڵە و پەنـجەرە و شتەکانەوە، حەق بەوە و ڕاست دەکا.

ئـاخر تـا بڵێـی ژووریکـی فـراوان و باشـە. منـیش ئەوەنـدە حولحـولی نـیم تـا سـەری مێـردەکەم بە شـتگەلی پڕوپـووچ و کاتییەوە بیەشێنم.

خەریکە لەگەڵ ژوورەکەدا ڕادێم، جگە لە کاغەزی دیوارەکە.

لە پەنجەرەکەوە باخ و کەپر و پەناوپەسێرە تاریکەکانی دەبینم.

گوڵە قەیمی و دار و دەوەنە چڕوپڕەکەی دەبینم.

لە پەنـجەرەکەی تریشـەوە کەنـداوەکە و لەنـگەرگەکە دەبیـنم. ڕێگەیەکی پڕ سایە و دڵگیر لە خانووەکەوە بەرەو کەنداوەکە شۆڕ دەبێتەوە. من هەمیشە خەیاڵ دەکەم. کە خەڵک دەبینم بەو ڕێگەیەنەدا و لەژێر کەپرەکاندا دێن و دەچن، بەڵام جۆن پێم دەڵێت نابێت لێگەڕێم خەیاڵ بمنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

پـێم دەڵێـت بەو توانـای خەیـاڵ و خولیـای چیـرۆکچنینەوە، کەسـێکی نـیگەران و بێجـورمی وەک مـن بە تەونـی واهـیمەوە دەبێت و لێی دەرباز نابێت. بۆیە دەبێت عەقڵ و قودرەتم بەکار بهێنم تا مەیلی خەیاڵکردن سەرکوت بکەم. بۆیە هەوڵ دەدەم.

پێم وایە ئەگەر بەشـی ئەوە تەندروسـتیم باش بوایە کە بتوانم کەمێـک بنووسـم، ئەوا دەریچەیەکـم بـۆ ئەو هەمـوو خەیـاڵە پۆنگخــواردووە دەکــردەوە و خۆیشــم دەحەوامەوە. بەڵام کە هەوڵـی ئەمە دەدەم، زۆر مانـدوو دەبـم. بەشـێکی گەورەی کە ساردم لە نووسین ئەوەیە، کەسێک نییە ڕای خۆی سەبارەت بە نووسـینەکانم دەرببڕێـت، یـان ئامۆژگـارییەکم بکـات. جـۆن

دەڵێت کاتێک کە تەواو باش بووم، ئەوا داوەتی ئامۆزا هێنری و ژولیا دەکات سەردانمان بکەن؛ دەڵێت بەڵام هاتنی کەسانێکی وەک ئەوان لە ئێستادا وەک ئەوە وایە دەمەقاچان لەژێرمدا دابنرێت.

خۆزگە زووتر باش دەبووم.

بەڵام نابێ بیر لەوە بکەمەوە. ئەم لەعنەتییە دەڵێی خۆی بە خۆی دەزانێ کە چ کاریگەرییەکی نەفرەتیی لەسەر داناوم. لە پنتێکی دووبارەدا زەخرەفەکە خۆی لوول دەکات وەک ئەوەی ملی شکابێت. دوو چاوی زەق و دەرپەڕیو سەربەرەوخوار لێم دەڕوانن.

هەر بەڕاست زۆر تووڕەم لە بەردەوامی بێسەروبەریی ئەم زەخرەفەیە. هێڵەکانی بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە و بۆ ئەملا و ئەولا پەل دەکوتن. ئەو چاوە بێئابڕووە نەپروکاوانەش لە هەموو جێیەکدان. لە شوێنێکدا کە دوو پارچە لە کاغەزەکە هێڵەکانیان تەریب نین، چاوەکان لە سەرەوە تا خوارەوە ڕیز بوون و هەمیشە چاوێکیان لەوی تریان بەرزترە. من دەزانم کە شتی بێگیان توانای گوزارشتی هەیە، بەڵام هەرگیز نەمبینیوە شتێکی بێگیان بەم ئەندازەیە توانای دەربڕینی هەبێت. کە منداڵ بووم هێندەی تەماشاکردنی دوکانی لەیستۆکفرۆشییەک چێژم لە تەماشاکردنی دیوار و کەلوپەل و تفاقی ناو ماڵ دەبرد.

بیرمە دەسکی چەکمەجەی مێزی نووسینەکەمان چەند بە میهرەوە چاوی لێ دادەگرتم. کورسییەکیشمان هەبوو هەر لە هاوڕێیەکی دێرین و بەهێز دەچوو. بیرمە ئەگەر هەستم بەوە کردبا کە کەلوپەلەکانی تر دڵڕەقانە دێنە بەرچاو، خۆم دەهاوێشتە باوەشی ئەو کورسییەوە و لەوێدا هەستم بە

خاترجەمی دەکرد. کەلوپەلی ئەم ژووره هیچیان لەگەڵ یەکدی ناگونجێن، چونکە هەموویمان لە خوارەوە هێناون. پێم وا بێ کاتێک ئێرەیان کردووە بە شوێنی یاری، پێویستی کردووە کەلوپەلەکانی بۆ جێگەی تر بگوێزنەوە. ناهەقیشیان نەبووە، تەماشا منداڵ چییان لەم ژووره کردووە! کاغەزی دیوارەکە، وەک پێشتر وتم، لێرە و لەوێ لێی دڕاوە. جا چ نووسانێکیش بەو دیوارەوە نووساوە – خراپتر لە منداڵی جمک بەو دیوارەوە نووساوە. هەڵبەت دیارە منداڵەکان هەم قیرسیچمە و هەم بوغزلەزگ بوون.

زەویی دارینی ژوورەکە ڕووشاوە و هەڵکۆڵراوە و تەلاشی هەڵداوە. ئەم قەرەوێڵەیەش دەڵێی لە جەنگ جێماوە.

قەرەوێڵەکە قیروسیا – بەڵام کاغەزی دیوارەکە سەری لە گێژەوە بردووم.

ئەوە خوشکەکەی جۆن-یش هات. کچێکی تا بڵێی شیرینە و زۆریش بە غەمەوەیە. دەبێ نەهێڵم بزانێت کە خەریکی نووسینم.

کچێکی ماڵداریکەر و خزمەتکەرێکی ئێجگار باشە. خۆیشی چ کارێکی لەوە پێ باشتر نییە. ئەو پێی وایە نووسین نەخۆشی خستووم.

بەڵام من کاتێک دەنووسم کە ئەو لە دەرەوەیە و لە پەنجەرەکەمەوە لە دوورەوە دەیبینم.

ئەم کاغەزی دیوارە جۆرە زەخرەفەیەکی لاوەکییشی هەیە لە ڕەنگێکی تر. زۆر لەوەی خۆی ناشیرینتر، چونکە تەنها لە ڕووناکییەکی تایبەتدا دەردەکەوێت.

لەو جێیانەدا کە خۆر کاڵی کردووەتەوە، نەخشێکی سەیر و وروژێنەر دەبینم. بیچمێکی بێفۆرم کە لەودیو زەخرەفە سەرەکییە ناقۆڵاکەوە دەنۆڕێت.

ئاهەنگی ڕۆژی سەربەخۆییش کۆتایی هات! میوانەکان ڕۆیشتوون و منیش ماندووم. جۆن پێی باش بوو کەمێک تێکەڵاوی خەڵک ببم، بۆیە دایکم و نێلی و منداڵەکان بۆ هەفتەیەک لێرە مانەوە.

من تاکە ئیشێک چییە نەمکرد. ئێستا جێنی هەموو ئیشوکارەکان دەکات.

کەچی هەر ماندوو بووم.

جۆن دەڵێ ئەگەر باشتر نەبووم، ئەوا پایز دەمنێرێت بۆ لای ویێیر میتچڵ.

بەڵام من بە هیچ جۆرێک نامەوێ بچم بۆ لای. جارێکیان هاوڕێیەکم چووبووە ژێر چاودێریی ئەوەوە و دەیوت ئەو هەر دەڵێی جۆن و براکەمە، بگرە لەوانیش خراپترە.

جگە لەوەش، ئەو زەحمەتە ناهێنێت کە بچمە ژێر چاودێریی دوکتۆرەوە.

تا ئێستا خێرم لە هیچ پێشنیارێک، کە بۆیان کردووم، نەبینیوە.

وام لێ هاتووە لە هیچی خۆڕایی دەگریم، زۆربەی کاتیش دەگریم.

بێگومان بەس ئەو کاتانەی کە بە تەنیام دەگریم، ئەگەر جۆن یان کەسێکی تر لێرە بێت، ناگریم.

بەینێکە زۆر بە تەنیام. جۆن لە شار بە دیار نەخۆشە خەتەرەکانیەوە دەمێنێتەوە و (جێنی)ش کە داوای لێ دەکەم، بە تەنیا جێم دێڵێت.

جاروبار لە باخەکە پیاسە دەکەم و لەناو گوڵەباخەکاندا لەسەر سەکۆکان دەحەوێمەوە و کاتێکی باشیش لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕادەکشێم.

سەرباری کاغەزی دیوارەکە، خەریکە بە ژوورەکە ڕادێم.

ڕەنگبێ -بە هۆی- کاغەزی دیوارەکەوە بێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم کاغەزە دیقی پێ کردووم.
ئێستا لەسەر ئەم قەرەوێڵە قورس و گەورەیە ڕاکشاوم و – پێم وا بێ بە ئەرزەکەوە داکوتراوە– چەند سەعاتێکە چاوم دوای زەخرەفەکە کەوتووە. بڕوا بکە هێندەی یاریی جومناستیک خۆشە، بۆ نموونە، لە خوارەوە دەست پێ دەکەم، لەو سووچەوە کە دەستی لێ نەدراوە، بۆ هەزارەمین جار بەڵێن بە خۆم دەدەم، کە تا کۆتایی شوێنپێی ئەو نەخشە هیچوپووچە هەڵگرم.
من شتێک دەربارەی یاسا و ڕێسای زەخرەفەسازی دەزانم؛ دەزانم کە ئەم زەخرەفەیە لەسەر هیچ بنەمایەکی تیشکدانەوە، یان دووبارەبوونەوە، یان هاوگونجان و ئاڵوگۆڕ، یان هەر شتێکی تر کە بیستبێتم، ڕۆ نەنراوە.
ئەگەر دووبارەبوونەوەیەک لەو زەخرەفەیەدا هەبێ، ئەوە تەنها بە هۆی دووبارەبوونەوەی ئەو پارچە کاغەزانەوەیە، کە بە دیوارەکەوە کراون.
ئەگەر بە جۆرێکی تر تەماشای بکەیت، هەر پارچەیەک بە خۆی و زەخرەفە تێکەڵوپێکەڵەکەیەوە، ورگی داوە و دەڵێی لە دیوارەکە هاتووەتە دەرەوە. کەچی لە لایەکی تریشەوە بە شەفتولی یەکدەگرنەوە و هێڵە ناقۆڵاکانی وەک گیای بن ئاو، بە خواروخێچی، ترسناکانە شەپۆلان دەدەن. هەموویان بە ئاسۆییش یەکدەگرنەوە. منیش هەر ئێجگار لە شوێنپێی هەڵگرتن و جیاکردنەوەیان ماندوو بووم.
هەروەها پارچەیەکیشیان بە ئاسۆیی بۆ لێواری سەرەوە بەکارهێناوە. ئەمەش ئەوەندەی تر سەری لێ شێواندووم.
لە سووچێکی ژوورەکەدا کە کاغەزەکەی بە باشی پێوە ماوە، لە کاتێکدا خۆر ئاوا دەبێ و ڕووناکییەکی زەرد ژوورەکە

دەتەنیٚ، دواجار تیشکدانەوەیەک لە نەخشەکەدا دەبینم، تیرە ناشیرینەکان لە چەقێکی هاوبەشەوە پەل دەکوتن و کەسیش نازانێ بەرەو کوێ.
ماندوو بووم هێند دوایانکەوتم، تا بزانم دەگەن بە کوێ. باشتر وایە سەرخەوێک بشکێنم.
نازانم بۆ دەبێ ئەمە بنووسم.
نامەوێ بنووسم.
هەست دەکەم ناتوانم.
دەزانم جۆن گاڵتەی پێم دێت. بەڵام دەبێت بە هەر جۆرێک بێ، ئەوەی لە ناخمدایە بیڵێم – ئەوە زۆر ئارامم دەکاتەوە.
بەڵام وا خەریکە تەقەڵادانەکەی لە ئارامییەکەی زۆرتر دەبێت.
زۆربەی کات تەمبەڵ و لەشداهێزراوم و ڕادەکشێم.
جۆن دەڵێت نابێ لێگەڕێم بێهێز ببم. خستوومیەتە سەر هەوای خواردنی ڕۆنماسی و تۆنیک و بیرە و شەراب و گۆشتی ناسک و دنیایەک شتی تر.
جۆن-ی ئازیز! زۆری خۆش دەوێم، حەز ناکات ناساغ بمبینێت. ئەو ڕۆژە زۆر هەوڵم دا بتوانم گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەی لەگەڵدا بکەم و پێی بڵێم، کە چەندێک حەز دەکەم سەردانێکی ئامۆزا هێنری و ژولیا بکەم.
بەڵام وتی گوایە من بەرگەی سەردانەکە ناگرم و کە دەشگەمە ئەوێ، تەنانەت بەرگەی مانەوە لە لایان ناگرم؛ خۆشم بەهانەیەکی ئەوتۆم بۆ داواکەم پێ نەبوو و لە نیوەی قسەکانمدا کۆنترۆڵم لەدەست دا و کوڵی گریانم بەربوو.
خەریکە بیرکردنەوە شەکەتم دەکات. ڕەنگبێ تەنها خەتای ئەم نیگەرانییە بێت.

جۆن بەستەزمانە لە باوەشم دەگرێ و بۆ سەر جێیەکەم لە سەرەوە هەڵمدەگرێ. لە لامەوە دادەنیشێ و هەتا سەرم لە گێژەوە دەچێ، شتم بۆ دەخوێنێتەوە.
پێم دەڵێ من تاکە ئازیز و پەناگەی ئەوم و پێویستە لەبەر خاتری ئەو ئاگام لە خۆم بێت.
دەڵێت جگە لە خۆم، کەس ناتوانێت لەم ناساغییە چاکم بکاتەوە. دەڵێت دەبێت توانام هەبێ و نەهێڵم خەیاڵی حەلەقومەلەق بێنە بنکڵێشەم.
تاقە سەبوورییەک هەبێت، لەشساغی و بەختەوەریی کۆرپەکەمە، کە سوپاس بۆ خوا پێویستی نەکردووە بێتە ناو ئەم ژوور و نێوان ئەم چواردیوارە نەفرەتییەوە.
ئەگەر ئێمە ئەم ژوورەمان بەکار نەهێنابا، ئەوا دەبوو ئەو منداڵە نازدارە لێرە بێت! بەس نەبوو تووشی ئەو عەزابە نەبوو! قەت نەمدەهێشت منداڵی من لە ژوورێکی ئاوهادا بژی.
هەرگیز بەم جۆرە بیرم لێ نەکردبووەوە، بەڵام باشتر کە جۆن منی لێرە دانا، ئاخر من زۆر باشتر لە منداڵێک دەتوانم لەم ژوورەدا هەڵکەم.
بێگومان ئیتر باسی ئەم کاغەزەیان لە لا ناکەم –من عاقڵ بووم– بەڵام بەشبەحاڵی خۆم بەردەوام چاودێریی دەکەم.
ئەو کاغەزە شتگەلی وەهای تێدایە، خۆم و خوای خۆم نەبێ، کەس تێیان ناگات.
لە پشت زەخرەفە دەرەکییەکەیەوە، بیچمە تاریکەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوونتر و ڕوونتر دەردەکەون.
هەمیشە هەمان بیچم، تەنها لە ژمارەدا زیاد دەکەن.
بیچمەکە لە ژنێکی کۆم دەچێت کە لەودیو زەخرەفەکەوە خۆی شاردبێتەوە. هیچ ئەمەم پێ خۆش نییە – ئای خۆزیا جۆن لێرە ڕزگاری دەکردم.

زۆر قورسە قسەکردن لەگەڵ جۆن لەبارەی ئەم دۆخەمەوە، چونکە ئەو زۆر زرینگە و زۆریشی خۆش دەوێم.
لەگەڵ ئەوەشدا دوێنێشەو هەوڵم دا.
مانگەشەو بوو. لێرە مانگ بە ئەندازەی خۆر هەموو کونوکەلەبەرێک ڕووناک دەکاتەوە.
هەندێ جار ڕقم لە بینینی مانگە، ئاخر زۆر خاووخلیچک و دزەدزە دەجووڵێتەوە و هەر جارە و لە پەنجەرەیەکەوە دەردەکەوێت.
جۆن نوستبوو، منیش پێم خۆش نەبوو وەئاگای بێنم، ئیدی بێجووڵە مامەوە و تەماشای تریفەی مانگم لەسەر شەپۆلانی کاغەزەکە دەکرد، تا ئەو کاتەی ترس دایگرتم.
وا دەردەکەوت بیچمە تاریکەکەی ئەودیو زەخرەفەکە بیەوێت لە دیوارەکە ڕزگاری بێت. لە پشتەوە زەخرەفەکەی ڕادەوەشاند.
هەستام و دەستم لە دیوارەکە دا تا بزانم هەر بەڕاست کاغەزەکە جووڵا؟! تا هاتمەوە جێگەکەم جۆن-یش هەستابوو.
وتی: "چییە ئازیزم؟ ئاوها مەسووڕێوە، سەرمات دەبێت."
پێم وا بوو ئەمە کاتێکی باشە بۆ قسەکردن و پێم وت هەست ناکەم هیچ باشتر بووبم و داوام لێ کرد لێرە بڕۆین.
وتی: "بۆچی ئازیزم! ئاخر پارەی سێ هەفتەی تریشمان داوە، هیچ مانای نییە زووتر لە وادەی خۆی ئێرە جێبهێڵین. پاشان هێشتا نۆژەنکردنەوەکانی خانووەکەمان تەواو نەبوون و ئێستاش بە هیچ جۆرێک پێم ناکرێت شار بەجێبهێڵم. بێگومان ئەگەر تۆ لە خەتەردا بوویتایە دەمکرد، بەڵام ئەوەتا تۆ باشیت، خۆت نایبینیت کە باشیت. من دوکتۆرم گیانە، من دەزانم. هەم کێشت زیادی کردووە و هەم ڕوخسارت ڕەنگی تێکەڕاوەتەوە. ئیشتیهات باشترە و ئێستا کەمتر لە جاران لە خەمت دام."

وتم: "کێشم زیادی نەکردووە، بگرە دابەزیوم؛ ئیشتیهاشم تەنها ئێواران باشە کە تۆ لێرەیت، دەنا بەیانییان هیچم پێ ناخورێت."

-"ئای خوایە لەم کچە! ئەگەر بیەوێت بە ئارەزووی خۆی، خۆی نەخۆش دەخات! دە تۆ وەرە بنووین ئێستا، سبەینێ باسی دۆخەکەت دەکەین."

بە غەمێکەوە پرسیم: "ئیتر ناڕۆیت؟"

-" نا، ئازیزم، چۆن دەڕۆم! تەنها سێ هەفتەی ترە و دواتر سەفەرێکی چەند ڕۆژی دەکەین تا جێنی ماڵەکە ئامادە دەکات. ئازیزم، هەر بەڕاست تۆ زۆر باشیت!"

"ڕەنگبێ لە ڕووی جەستییەوە باشتر بم...." قسەکەم بۆ تەواو نەکرا، چونکە جۆن ڕاست بووەوە و خێسەیەکی وەهای لێ کردم، کە نەمتوانی یەک وشەی تر بڵێم.

وتی: "ئازیزم، تکات لێ دەکەم، لەبەر خاتری من و منداڵەکەمان و لەبەر خاتری خۆت، هەرگیز لێمەگەڕێ تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش خایلەی وا بە مێشکتدا بێت! هیچ شتێک لەوە مەترسیدارتر نییە بۆ مەزاجت! ئەوە خایلەیەکی تا بڵێی هەڵە و گەمژانەیە! ئایا وەکو دوکتۆریش بڕوا بەم قسەیەم ناکەیت؟"

بێگومان ئیدی هیچی ترم لەو بارەیەوە نەگوت و هێندەی نەبرد چووینە ناو جێگە. لەو وا بوو من یەکەم جار خەوم لێکەوت، بەڵام تا چەندین سەعات دواتریش هەر بەخەبەر بووم و لەو دوو زەخرەفەیەی پێشەوە و دواوە ڕامابووم، کە ئاخۆ پێکەوە، یان بە جیاجیا دەجووڵێنەوە.

بە ڕۆژ وا دەردەکەوێت کە نەبوونی هیچ ڕیزبەندی و یاسایەک لەم زەخرەفەیەدا، مێشکێکی ساغیش تێک دەدەن. ئەوە هیچ کە ڕەنگەکەی تا بڵێی ناشیرین و بێزارکەرە، بەڵام

زەخـــرەفەکەی ســـوێ بە دڵـدا دەکــا! وا دەزانیــت ئیتــر تەواو بەســـەریدا زاڵ بوویــت و دەتوانیــت دوای هێڵەکــانی بکەویــت، کەچــی هێنــدە نابــات ســـەرمەوقولاتێک بەدوادا دەدات و یەک شـەپازللەت تێدەسـرەوێنێ. دەکەویـت و بەسـەرتدا زاڵ دەبێت. دەڵێی مـۆتەکەیە. زەخـرەفەکەی دیـوی دەرەوە، زەخرەفەیەکـی پەمەیـی عەرەبییانەیە، کەمێکـیش لە قارچـک دەچێت. ڕیزێـک قــارچکی بەپەتەوەکــراو، لەمــلاولاوە هەڵتۆقیــون و ســـەریان دەرهێنـاوە - هەر ڕێک وایە. شـتێکی سـەیروسـەمەرەی تـریش لەبارەی ئەم کاغەزەوە هەیە، شـتێک کە جگە لە خـۆم، کەسـی تــر دەرکــی پــێ ناکــات. ئەویــش ئەوەیە کە لەگەڵ گــۆڕانی ڕووناکیدا، ئەویش دەگۆڕێت.

کاتێـک خـۆر لە پەنـجەرەی خـۆرهەڵاتەوە دەردەکەوێـت -مـن هەمیشـە خـۆم مات داوە بۆ بینینی ئەو یەکەمین تیشـکە درێـژە- هێنـد کتـوپڕ دەگۆڕێت کە خۆیشـم بڕوا نـاکەم. بۆیە هەمیشـە تەماشای دەکەم.

لە مانگەشەویشدا، کە مانگ ڕووناکیی خۆی بە هەموو کونوقوژبنێکی ئێـرەدا بـڵاو دەکــاتەوە، هەر دەڵێــی ئەو کــاغەزەش نیـیە کە بە ڕۆژ دەیبینیت. بە شـەویش، لەژێر هەر ڕووناکییەکدا بێت، تـاریکوڕوون، مـۆم، گڵـۆپ، لە هەمووشـیان خراپتـر ئەگەر لەبەر تـریفەی مانگـدا تەماشای بکەیت، وەک شیشی بەندیخانە دەردەکەوێت! زەخرەفەکەی پێشـــەوە دەبێــت بە شیشـــبەند و زەخـــرەفەکەی دواوەش کە لە ژن دەچێت، بە ئاشـکرا دیارە. تـا مـاوەیەکی زۆر نەمـدەزانی ئـاخۆ ئەو زەخرەفە لیلەی دواوە چی بێ، بەڵام ئێستا تەواو لیم ڕوونە، کە ژنێکە. بە ڕۆژ، کـپ و بێـدەنگە. ڕەنگبـێ نەخشـونیگارەکە وەهـا لە جـووڵەی بخات. زۆر سەیرە، بە سەعات منیش لە جووڵە دەخات.

ئێستا زۆر پاڵ دەکەوم. جۆن دەڵێت پاڵکەوتنم بۆ باشە، بەتایبەتی ئەگەر بتوانم خەوم لێبکەوێ. هەر ئەویش فێری ئەم خووەی کردم بەوەی، کە زۆری لێ دەکردم دوای نانخواردن، بۆ ماوەی چەند سەعاتێک پاڵ بکەوم. ئەوە خوویەکی زۆر خراپە، چونکە خەوم لێ ناکەوێت و ناشوێرم پێیان بڵێم کە نەخەوتووم - نەخێرا! بەمەش فێری درۆ دەبم. ئەوەی ڕاستی بێ خەریکە کەمێک لە جۆن دەترسم. هەندێک جار زۆر سەیر مامەڵەم دەکات، تەنانەت جێنی-ش بە جۆرێکی سەیر تەماشام دەکات. هەندێ جار گومان دەبەم کە بە هۆی کاغەزەکەوە بێ. لەو کاتانەدا کە جۆن ئاگای لە خۆی نییە، بینیومە بۆ شتێکی هاکەزایی خۆی کردووە بە ژووردا و تەماشای کاغەزەکەی کردووە! هەروەها جێنی-ش لە کاغەزەکە دەنۆڕێت. جارێکیان جێنی-م لە قافا گرت کاتێ دەستی لە کاغەزەکە دەدا. ئەو نەیدەزانی من لە ژوورەکەدام. کاتێکیش بەوپەڕی ئارامی و دەنگێکی نزمەوە لێم پرسی کە ئاخۆ چ لە کاغەزەکە دەکا - کتوپڕ ئاوڕی دایەوە وەک بڵێی بە دزییەوە بگیرێ، بە توڕەیی پێی وتم بۆ دەبێ ئاوا بیتۆقێنم! دواتر وتی ئەو کاغەزە بەر هەر شتێک بکەوێت ڕەنگی دەکات، گوایە پەڵە و لەکەی زەردی بەسەر هەموو جلکەکانی من و جۆن-ەوە بینیوە و داوای کرد کەمێک بەئاگاتر بین. ئاخر توخوا ئەوە قسەیەکی سادە و بێمەبەست نییە؟ بەڵام من باش دەمزانی ئەو لە کاغەزەکە ورد دەبووەوە. پەیمانم بە خۆم داوە نابێ کەس پەی بە نهێنیی ئەو کاغەزە ببا، خۆم نەبێ.

ژیان ئێستا زۆر خۆشتر و پڕرووداوتره له جاران. ئاخر ئێستا شتی ترم بۆ چاوەڕوانی هەن، شتی تر بۆ پێشبینیکردن و سەیرکردن. ئێستا زۆر باشتر دەخۆم و کەمدووترم له جاران. جۆن زۆر دڵی خۆشه که باشترم له جاران. ئەو ڕۆژی پێشوو زەردەی هاتێ و وتی پێدەچێ سەرەڕای کاغەزی دیوارەکه، له جاران باشتر بم. منیش به پێکەنینێک له کورتی بڕیمەوه. نەمویست پێی بڵێم که *(لەبەر)* کاغەزی دیوارەکەیه، باشترم، دەنا گاڵتەی پێ دەکردم. لەوانه بوو هەر لەو ژوورەش دەرم بکات. نامەوێ ئێستا بڕۆم هەتا نەیدۆزمەوه. تەنیا هەفتەیەکی ترمان ماوه و ڕەنگه ئەوەنده بەس بێ.

هەر زۆر له جاران باشترم! به ئاستەم به شەو دەخەوم، چونکه چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکان زۆر خۆشە؛ بەڵام به ڕۆژ باشتر دەنووم. به ڕۆژ تەماشاکردنی کاغەزەکه، ماندووکەره و سەرم لێ دەشێوێ. هەمیشه قارچکی نوێ له قارچکەکانی ترەوه هەڵدەتۆقن و ڕەنگی زەردی نوێ پەیدا دەبێ. گەرچی زۆریش هەولم داوه، بەڵام ناتوانم بیانژمێرم. سەمەرەترین ڕەنگی زەردی هەیه ئەم کاغەزه! وام لێ دەکات بیر له هەرچی شتی زەرد، که بینیومه، بکەمەوه -زەردی جوان نا، بەڵکو زەردی کۆن و خراپ و ناشیرین. بەڵام شتێکی تریش هەیه له بارەی ئەم کاغەزەوه- بۆنەکەی! هەر یەکەم چرکه که هاتینه ژوورەکەوه، هەستم پێ کرد، بەڵام بەو هەموو هەتاو و هەوایەوه، که ڕژابووه ژوورەکەوه، بۆنەکه ئێجگار وەک ئێستا ئەوەنده تیژ نەبوو. ئێستا هەفتەیەکه باران و تەمه و پەنجەرەکان کرابنەوه یان نا، بۆنەکه هەر هەیه. به هەموو ماڵەکەدا دەگەڕێ. بۆنەکه خۆی له ژووری نانخواردنەکه

مەڵاس دەدا، خۆی لە دیوەخانەکە و هۆڵەکە حەشار دەدا و لەسەر پێپلیکانەکان چاوەڕێم دەکا. دەچێتە قژمەوە. تەنانەت کە دەچم بۆ ئەسپسوارییش، گەر لەپڕ ئاوڕ بدەمەوە، ئەوا بۆنەکە هەر لەوێیە. چ بۆگەنێکی سەیریشە! چەندان سەعات دانیشتووم و بیرم کردووەتەوە، تا بزانم لە بۆنی چی دەچێت. زۆر خراپیش نییە - یەکەم جار، بۆنێکی زۆر ئارامە. بەڵام لەم کەشە شێدارەدا زۆر خراپە، شەوان بەئاگا دێم و دەبینم بەسەر سەرمەوەیە. یەکەم جار زۆر عەزابی دەدام. زۆر بە جیددی بیرم لەوە دەکردەوە گڕ بەر بدەمە ماڵەکە - تا بە بۆنەکە بگەم. بەڵام ئێستا لەگەڵی ڕاهاتووم. تاقە شت کە لەو بۆنە دەچێت، ڕەنگی کاغەزەکە خۆیەتی. بۆنێکی زەرد!

هێمایەکی زۆر سەیر لەسەر دیوارەکە هەیە، لای خوارەوە، نزیکی ئەرزەکە، خەتێک کە بە چواردەوری ژوورەکەدا، بە پشت هەموو دۆڵاب و قەنەفەکانی ژوورەکەدا ڕۆیشتووە، بێجگە لە تەختەخەوەکە، خەتێکی درێژ و ڕێک. دەبێت کێ ئەو خەتەی کێشابێت و بۆچی کێشابێتی؟ لەمسەر بۆ ئەوسەر بۆ ئەمسەر — سەرم لە گێژەوە دەبا! دواجار شتێکم دۆزییەوە! لە ئەنجامی ئەو هەموو شەونخونییە، دواجار شتێکم دۆزییەوە. هەر بەڕاست خۆ زەخرەفەکەی پێشەوە دەجووڵێت - سەیریش نییە چونکە ژنەکەی دواوە ڕایدەوەشێنێت! هەندێ جار وا هەست دەکەم ژمارەیەکی زۆر ژنان لە پشت زەخرەفەکەوەن، هەندێ جاریش تەنیا یەک ژنە کە بە خێرایی بە پشت نەخشەکەدا دێت و دەچێت و زەخرەفەکە دەجووڵێنێت. لە شوێنە ڕووناکەکاندا ڕەق دەوەستێت و لە شوێنە سێبەرەکاندا دەست بە شیشەکانەوە دەگرێت و توند ڕایاندەوەشێنێت.

هەمیشـــەش لە هەوڵـــی ئەوەدایە لەنێـــوان شیشـــەکانەوە بێـــتە دەرەوە. بەڵام کەس ناتوانێـت لەو زەخـرەفەیە بێـتە دەرەوە – بۆیە ئەو هەموو قەوسە خوار و تێکەڵپێکەڵانەی بۆ کراوە. هەر کەس لەنێـوان شیشـەکانەوە بێـتە دەرەوە، زەخـرەفەکە ملـی دەگرێـت و سـەربەرەوخوار هەڵیدەواسـێت، تـا گلێـنەی چـاوی دیار نامێنێت.

ئەگەر ئەو ســـــەرە خواروخێچـــــانەی نـــــاو زەخـــــرەفەکە بسڕدرانایەتەوە، یان لاببرانایە، ئەوەندە خراپ نەدەبوو. پێم وا بێ ئەو ژنە بە ڕۆژ دێتە دەرەوە! دەزانی چۆن دەزانـم –نێوانی خۆمـان بێ– بینیومە! لەودیو هەمـوو پەنجەرەکـانەوە دەیبینم! هەمـان ژنە، دەزانـم، چـونکە هەمیشـە خـۆی چەمانـدووەتەوە، زۆربەی ژنـان بە ڕۆژی ڕوونـاک خۆیـان نـاچەمێننەوە. لەسـەر ئەو ڕێگە درێژە دەیبینم، کۆمەکۆم بەژێر درەختەکاندا دەڕوات و کە عارەبـانەیەک دێـت، لەودیـو تەلانـی توتڕکەکـانەوە خـۆی دەشارێتەوە. هیچ نـاهەقی نـاگرم. ئـاخر شـەرمەزارییە ئەگەر بە ڕۆژی ڕوونـاک بەو شـێوەیە ببینرێـت. مـن هەمیشـە دەرگەکە دادەخەم کـاتێ کۆمەکـۆم بە ژوورەکەدا دەگەڕێـم. نـاتوانم بە شەو وا بکەم، چونکە جۆن گومانم لێ دەکات. جۆن ئێستا زۆر سەیر مـامەڵەم دەکات، بۆیە نـامەوێ بێزاری بکەم. خۆزگە لە ژوورێکی تر دەنووست. نـامەوێ جگە لە خـۆم، کەسـی تـر ئەو ژنە ڕزگـار بکـات، هەنـدێ جـار خـایلە دەکەم، کە ئـاخۆ بڵێـی بتـوانم ژنەکە لە یەک کاتـدا لە هەمـوو پەنجەرەکـانەوە ببیـنم. بەڵام هەرچـی خێـراش ئـاوڕ بـۆ یەک بە یەکـی پەنجەرەکـان دەدەمەوە، هەر جارە و لە یەک پەنـجەرەوە دەیبینم. هەرچەنـد هەمیشــە لە پەنجەرەیەکـدا دەیگـرم، بەڵام هێشـتا ڕەنگبـێ ئەو

خێراتر بێ لە ڕوانینی من. هەندێ جار دەیبینم لە دوورەوە بە دەشتەکەدا ڕا دەکات، هێندەی سێبەری هەورێک لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا خێرایە.

خۆزگە ئەو زەخرەفەیەی پێشەوە، لەوەی دواوە جیا دەکرایەوە! ئای ئەگەر وردەوردە هەوڵی لەگەڵ بدرایە، ڕەنگبێ بکرێ. شتێکی سەیری دیکەشم دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەمەیان باس ناکەم! پێویست ناکات ئەوەندە متمانە بە خەڵک بکەین. تەنها دوو ڕۆژی تری ماوە بۆ ئەوەی ئەم کاغەزە لێ بکەمەوە، پێشم وایە جۆن خەریکە لە مەسەلەکە تێدەگات. حەزم لە نیگای چاوەکانی نییە. گوێم لێ بوو کۆمەڵێک پرسیاری پرۆفیشیۆناڵانەی لەبارەی منەوە لە جێنی دەکرد. ئەویش ڕاپۆرتێکی باشی ئامادە کردبوو. وتی بە ڕۆژ باش دەنووم. جۆن دەزانێت کە بە شەو کەم دەنووم، تەنها خۆم بێدەنگ دەکەم! جۆن دنیایەک پرسیاری لە خۆیشم کرد. خۆی وا دەنواند زۆر میهرەبانە و زۆری خۆش دەوێم. وەکو من ئەودیو دەمامکەکەی نەبینم! ناهەقی ئەویش ناگرم ئەگەر ئاوها هەڵسوکەوت بکات، ئاخر ئەویش سێ مانگە لەژێر ئەم کاغەزەدا دەنوێت. من خەمم لێ نەهاتووە، بەڵام تەواو دڵنیام کە جۆن و جێنی-ش بە نهێنی کەوتوونەتە بۆسەی ئەو زەخرەفەیەوە.
ئۆخەی! ئەمڕۆ دوایین ڕۆژە، بەڵام ئایا کات بەش دەکات. جۆن ئەمشەو لە شار دەمێنێتەوە و تا ئێوارە ناگەڕێتەوە. جێنی ویستی لە لای من بنوێت - ئەو زۆرزانە! بەڵام پێم وت بە تەنیا باشتر خەوم لێ دەکەوێت. ئەوە بیانوویەکی باش بوو! دەنا لە ڕاستیدا هیچ بە تەنیا نیم! هەر کە تیشکی مانگ

دەردەکەوێت، ژنەی بەستەزمانیش دەکەوێتە ڕاوەشاندنی زەخرەفەکە و منیش بۆ یارمەتیدانی، دەکەومە خۆ. من ڕایدەکێشم و ئەو ڕایدەوەشێنێ. من ڕایدەوەشێنم و ئەو ڕایدەکێشێ، تا پێش هەتاوکەوتن چەندان مەتر لەو کاغەزە لێدەکەینەوە. بە بەرزی بالآی خۆم کاغەز بە دەوراندەوری ژوورەکەدا لێدەکەینەوە. پاشان کە خۆر هەڵدێت و زەخرەفە نەفرەتییەکە دەکەوێتە پێکەنین پێم، ئەوسا بڕیار دەدەم ئەمڕۆ نەجاتی بدەم. سبەینێ ئێرە جێدێڵین و دەبێ هەموو کەلوپەلەکانی ئەم ژوورە ببرێنە خوارەوە بۆ شوێنی پێشوویان. جێنی کە دیوارەکە بینی، دەمی داچەقاند. پێم وت کە تەنها بۆ خۆشی و لە ڕقی ئەو زەخرەفەیە وام کردووە. پێکەنی و وتی پێی خۆش دەبوو ئەگەر خۆیشی دەستێکی لەوەدا هەبوایە، بەڵام گرنگ ئەوەیە من خۆم زۆر ماندوو نەکەم پێیەوە. ئای جێنی چ غەدرێکی لە خۆی کرد! بەڵام تا من لێرە بم، کەس بۆی نییە دەست لەو کاغەزەوە بدات! جێنی هەوڵ دەدا لە ژوورەکە بمباتە دەرەوە – زۆر ئاشکرا بە دەموچاویەوە دیار بوو! بەڵام من پێم گوت ئێستا ژوورەکە هێند ئارام و چۆڵ و پاکە، کە هەر حەز دەکەم تیایدا ڕاکشێم و هێندەی بتوانم بنووم و تەنانەت بۆ ژەمی شێویش هەڵنەستم – کە هەستام پێتان دەڵێم. ئێستا ئیدی ئەو ڕۆیشتووە، خزمەتکارەکانیش ڕۆیشتوون، شتەکانیش لابراون، هیچی لێ نەماوە، جگە لەو قەرەوێڵەیەی بەرگی دۆشەکەکەی لە کانڤاسە و بە زەوییەکەوە داکوتراوە. ئەمشەو لە خوارەوە دەنووین و سبەی بە بەلەم دەگەڕێینەوە ماڵەوە. زۆر کەیفم بەم ژوورە دێ کە وا ئێستا دیسان خاڵییە لە کەلوپەل. تەماشا ئەو منداڵانە چۆن ئەم ژوورەیان وێران کردووە. دەڵێی قەرەوێڵەکەیان

جویــوە! بەڵام پێویســـتە ئیتــر دەســـتبەکار بــم. دەرگەکەم داخستووە و کلیلەکەم فڕێ داوەتە خوارەوە. نامەوێ بڕۆمە دەرەوە و ناشمەوێ هەتا جۆن دێتەوە، کەس بێتە ژوورەوە. دەمەوێ شتەکەی بۆ بکەم بە سورپرایزێکی گەورە. گوریسێکم لایە کە جێنــی بــۆی نەدەدۆزرایەوە. ئەگەر ئەو ژنە ڕزگــاری ببێــت و بیەوێــت ڕا بکــات، ئەوا دەتــوانم بە گوریســەکە بیبەستمەوە، بەڵام بیری ئەوەم نەبوو بەبێ شتێک کە بچمە سەری، دەستم بە بەرزاییەکاندا ڕاناگات! ئەم قەرەوێڵەیەش خۆ ناجووڵێت! تا هێزم لێ بڕا هەڵمبڕی و پاڵم نا، ئیتر لە داخا ئەوەندە تووڕە بووم، گازێکم لە سووچێکی گرت - بەڵام ددانم ئازاری پێ گەیشت.

هەرچی لە زەوییەکەوە دەستم گەیشتێ، لێم کردەوە. خراپ بە دیوارەکەوە نووساوە و زەخرەفەکەش پێی خۆشە کە وا خراپ بە دیـوارەکەوە لکـاوە. گشـت چـاوە زەق و مـلە خـواروخێچ و کەڕووە تووکنەکانی ناوی، حیلکەحیلک پێدەکەنین. بە جۆرێک تووڕەیان کردووم، کە ناچارم شتێکی خراپ بکەم. خۆفڕێدان لە پەنــجەرەکەوە شــتێکی ئازایــانەیە، بەڵام تەلبەنــدەکەی زۆر قایمە. بە هەرحـاڵ، خـۆ مـن شـتی وا نـاکەم. بێگومـان نـایکەم، چونکە باش دەزانم کارێکی لەو جۆرە خوێندنەوەی هەڵەی بۆ دەکرێت. مـن تەنانەت حەز نـاکەم لە پەنجەرەکەشـەوە تەماشـا بــکەم - دەرەوە پڕپــڕە لەو ژنەی نــاو زەخــرەفەکە و هەر هەموویان بە دزەدزە دەڕۆن.

تۆ بڵێی هەموویان وەک من لەم زەخرەفەیە هاتبنە دەرەوە؟

بەڵام ئێســتا مــن بە باشــی بە گوریســەکەوە بەســتراوم و ناتوانیت وەدەرم بنێیت بۆ سـەر جاددە! کە شـەو هـات دەبێت

بچـمەوە ئەودیـو زەخـرەفەکە، ئەوەش کـارێکی سـەختە! زۆر خۆشە کە لەم ژوورە چۆڵەدا، بە ئارەزووی خۆت، بە دزەدزە بێیت و بچیت. نامەوێت بڕۆمە دەرەوە. نـاچم، تەنانەت ئەگەر جێنیش داوام لێ بکات. لە دەرەوە دەبێت بەسـەر زەوییەکەدا بڕۆیـت و لەوێـش هەمـوو شـتێک لە بـری ئەوەی زەرد بێـت، سـەوزە. لێـرە دەتـوانم بە ئاسـانی بەسـەر ئەرزەکەدا بـڕۆم و شانم ڕێک لە ئاستی تاقی ناو دیوارەکەدایە و ڕێگە بزر ناکەم.

ئەرێ خۆ ئەوە جۆن-ە لە دەرگە دەدات! تازە بێسوودە، کوڕی باش، ناتوانیت بیکەیتەوە! تەماشا چۆن دەرگاکە دەکوتێ و هاوار دەکات! ئەوەتا داوای تەورێک دەکات. حەیفە ئەو دەرگا جوانە بشکێنرێت! بە ناسکترین شێوە وتـم: "ئازیزم جۆن، کلیلەکە وا لەسـەر پلیکانەکەی خوارەوە، لەژێر گەڵایەکدایە!" ئەم قسەیە بۆ چەند ساتێک بێدەنگی کرد. ئەوجا زۆر بە هێواشـی وتـی: "گیانەکەم، دەرگەکە بکەوە!" پێم گوت: "ناتوانم، کلیلەکە لەسەر پلیکانەکەی خوارەوەیە لەژێر گەڵایەکدا!" پاشان چەنـد جارێـک ئەمەم وتەوە، زۆر بە ئـارامی و بەکـاوەخۆ، ئەوەنـدەم وتەوە کە ئیدی بۆ خۆی چوو کلیلەکە بدۆزێتەوە. بێگومان دۆزییەوە و هـاتە ژوورەوە. هەر لەبەر دەرگەکە ڕاوەستا. وتـی: "ئەوە چییە! بۆ خـاتری خـوا تـۆ چـی دەکەیت!" منیش بەشـبەحاڵی خـۆم دەهـاتم و دەچووم، بەڵام ئاوڕێکم بۆ دایەوە. وتـم: "دواجار وێڕای تۆ و جێنی، ڕزگارم بوو. زۆربەی کاغەزەکەیشـم لێ کردووەتەوە، ئیتر ناتوانیت بمخەیتەوە ناو زەخرەفەکە!"

تێنـاگەم بـۆ ئەو پیـاوە بـوورایەوە؟ بەڵام بـوورایەوە، ڕێـک لە بەردەمیشـمدا و لەسـەر ڕێـیەکەم. دەبـوو هەمـوو جارێـک کە دەڕۆیشتم، هەنگاوێکی بەسەردا هەڵبێنمەوە.

**سەرچاوە:**

The Best Short Stories of All Time
Volum II
Edited by: J D Labranche

* شارلۆت گیلمان، سێی تەمموزی ساڵی ١٨٦٠ لە شاری هارتفۆردی ویلایەتی کۆنێتیکەت لە ئەمەریکا هاتووەتە دنیاوە. بە هۆی ئەوەی کە دایکی نەخۆش بووە، شارلۆت لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خۆی فێری خوێندنەوە کردووە. دواتر لە پەیمانگەی دیزاین خوێندوویەتی و وەک دیزانەری پۆستکارت کاری کردووە.

ساڵی ١٨٨٤ لەگەڵ چارلز ستێتسۆن-ی نیگارکێش ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنن. چوار ساڵ دواتر جیادەبنەوە و شارلۆت بۆ جاری دووەم لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆیدا هاوسەرگیری دەکات و تا مردنی مێردەکەی لە ساڵی ١٩٣٤دا پێکەوە دەبن.

لە هەرە دیارترین کارەکانی گیلمان ئەم چیرۆکەیەتی کە لە ماوەی دوو ڕۆژ و لە بەهاری ساڵی ١٨٩٠دا نووسیویەتی. چیرۆکەکە بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری نیو ئینگلاند-دا چاپ کراوە.

شارلۆت ساڵێک دوای مردنی مێردی دووەمی، تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبێت و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

# بێدەنگییەکان

**دێنیس جۆنسۆن**

کەسمان، ڕاستەوخۆ پاش خوانی ئێوارە، نەچووینەوە ماڵەوە. پێم وا بێ هەموومان هێند خوان و دانیشتنەکەمان پێ خۆش بوو، کە حەزمان دەکرد ئیلەین سەرلەنوێ داوەتمان بکاتەوە. ئێمە لە ڕێی کارە خۆبەخشەکانی ئیلەینەوە ئەم کەسانەمان کەمێک دەناسی کە لەم داوەتەدا ئامادە بوون – کەسیان لەگەڵ من کاریان نەدەکرد. لە ژووری میوانەکە دانیشتبووین و باس باسی بەرزترین دەنگ بوو، کە بیستبێتمان. یەکێک وتی بەرزترین دەنگ کە بیستبێتی، دەنگی ژنەکەی بووە کاتێک پێی وتووە چیتر خۆشی ناوێت و داوای کردووە لێی جیاببێتەوە. یەکێکی تر وتی بەرزترین دەنگ، دەنگی لێدانی دڵی بووە ئەوکاتەی کە جەڵتەی دڵ لێی داوە. تیبیا جۆنز لە تەمەنی سیوحەوت ساڵیدا بووبووە داپیرە و ئاواتی خواست هەرگیز گوێی لە دەنگێکی بەرزیتر نەبێت، وەک دەنگی گریانی کچەزا کۆرپەکەی لە باوەشی کچە شانزەساڵانەکەیدا. ڕاڵف–ی هاوسەری تیبیا–ش وتی دەنگێک کە ئازاری گوێچکەی دەدات، دەنگی براکەیەتی کاتێک لە شوێنە گشتییەکاندا قسان دەکات.

چونکە براکەی نەخۆشیی تووریت سیندرۆم[1]ی هەیە و لە ناکاویکدا و بە بەرچاوی خەڵکانی نەناسەوە، لە پاسدا، یان لە سینەمادا، تەنانەت لە کەنیسەیشدا قسانی وەک "من دەستپەڕ لێدەدەم! ناوگەڵت بۆنی خۆشە!" دەردەپەڕێنێت.
کریس کەیس باسەکەی وەرچەرخاند بە لایەکی تردا و بابەتی بێدەنگیی دامەزراند. ئەو وتی بێدەنگترین شت کە گوێی لێ بووبێت ئەو مینە بووە، کە لاقی ڕاستی پەڕاندووە لە ناوچەیەکی دەرەوەی کابوڵ لە ئەفغانستان.
سەبارەت بە بێدەنگیی تر، کەسی دیکە هیچی نەگوت. لە ڕاستیدا خودی بێدەنگیی ئێستا باڵی کێشابوو. هەندێکمان نەمانزانیبوو کریس لاقێکی نەماوە. کەمێک دەشەلی، بەڵام زۆر نا. من تەنانەت نەشمدەزانی کە لە ئەفغانستان شەڕی کردووە.
پرسیم، "مین؟"
"بەڵی قوربان. مین."
دییردری وتی "ئەکرێ بیبینین؟"
"نەخێر، خانم. خۆ مین هەڵناگرم لەگەڵ خۆم"
"نا! مەبەستم لاقتە."
"لاقەکە پەڕیوە."
"مەبەستم ئەو بەشەی کە هێشتا پێوەی ماوە!
بە مەرجێک پیشانت دەدەم، ئەگەر ماچی بکەیت."
تاساین و پێکەنیین. دەستمان کرد بە باسکردنی سەیروسەمەرەترین شت کە ماچمان کردوون. هیچی وا

---

[1] Tourette syndrome: نەخۆشییەکی مێشکیی بۆماوەیە، کە وا لە نەخۆش دەکات لە ناکاوێکدا و بێ ویستی خۆی شتگەلی سەیروسەمەرە بە دەنگی بەرز بڵێت، یان جووڵە و هێمای لەناکاو و نائاسایی بکات.

نەبوون. هەموو تەنیا خەڵکمان ماچ کردبوو، ئەویش لە شوێنە ئاساییەکانی لەشیاندا. کریس وتی "یەڵڵا دییدری، ئەمە هەلێکە بۆ تۆ کە ببیتە پاڵەوانی ئەم بابەتە."
"نا، نامەوێت ماچی لاقت بکەم"
هەرچەند کەسمان خۆمان وا پیشان نەدا، بەڵام هەموومان حەزمان دەکرد ببینین.
مۆرتن ساندز-یش لەوێ بوو، زۆربەی شەوەکە هیچی وای نەگوتبوو، بەڵام ئێستا وتی، "بۆ خاتری خوا دییدری، ماچی بکە."
"دە باشە، دەی"
کریس لنگی پانتۆڵی لاقی ڕاستی هەتا نیوەی ڕانی هەڵکرد و قایشوقروشی لاقە دەستکردە کرۆمەکەی لێکردەوە و سەری گرژ و کۆڵی لاقە بڕاوەکەی دەرخست. دییدری لەبەر پێی کریس-دا لەسەر ئەژنۆ دانیشت و کریس لە جێی خۆیەوە بۆ پێشەوە تەکانێکی دا، تا لاقە بڕاوەکە لە دییدری نزیک بکاتەوە. دییدری گریا. ئێمەش هەموو شەرمەزار و سوور هەڵگەڕابووین.
بۆ دەقیقەیەک هەموو چاوەڕوان بووین.
ئەوجا ڕاڵف جۆنز وتی "کریس، بیرمە وەختی خۆی تۆم بینی کە لە دوو کەست دا لە میوانخانەی (ئەیس)". ڕووی کردە ئێمە و وتی "گاڵتە ناکەم. کریس چووە دەرەوە لەگەڵ ئەو دوو کورە و تێروپڕی کوتان."
کریس وتی "هەق نەبوو وایان لێ بکەم، ئەوان تەواو سەرخۆش بوون."
"بەڵام چاکت کوتان ئەو شەوە."
لە گیرفانی کراسەکەمدا چرووتی کوبیی عەجایەبم پێ بوو. دەمویست لە دەرەوە بیکێشم. خوانەکە یەکێک لە باشترین

خوانەکـــان بـــوو و حەزم ئەکـــرد ئەو ئەزمـــوونە بە چرووتکێشـانێک کۆتـایی بێنم. بەڵام ئەتەوێ بزانیت ئەم جۆرە شتانە چۆن کۆتـایی دێن. لە ژیانتدا چەند جار ژنێک ئەبینیت مـــاچی لاقبڕاوێــک بکـــات؟ بەڵام جـۆنز هەمـــووی تێکـدا بە چەنەبـــازی. ئەو ســـیحرەکەی بەتـــاڵ کـــردەوە. کـــریس لاقە سـەناعییەکەی بەستەوە و لنگی پانتۆڵەکەی دادایەوە. دییێدری هەستایە سەر پێ و چاوانی سڕی و تەنوورەکەی ڕێکخستەوە و دانیشت. هەر ئەوەندە. دەرەنجامی ئەم شـەوە ئەوە بوو کە کـریس و دییێـدرێ، شــەش مانـگ دواتـر و بە ئامــادەبوونی نزیکەی هەریەک لەم کۆمەڵە هاوڕێیە لە دادگە هاوسـەرگیرییان کـرد. ئێســتا ئەوان ژنــومێردن. مــن و تــۆش دەزانــین چــی بەڕێوەیە ڕوو بدات.

**سەرچاوە: گۆڤاری** (The New Yorker), Feb 24, 2014

* دێنیس جۆنسۆن: نووسـەرێکی ئەمەریکییە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩یە و بە هۆی کورتەچیرۆکەکانیەوە ناوبانگی دەرکردووە. دێنیس لە تەمەنی هەرزەکاری و گەنجێتیدا بە هۆی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانەوە بەگشتی دەسـەپاچە و بێکار بووە. لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا بە مەبەستی دەستهەڵگرتن لەو خووە، دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی و دەست دەکاتەوە بە نووسین. دوو لە بەرهەمە دیارەکانی کۆمەڵێک کورتەچیرۆکن بە ناونیشانی (کوڕەکەی عیسا) و ڕۆمانێک بە ناوی (داری دووکەڵ).

# یازدە

**ساندرا سیسنێرۆس**

ئەوەی ئەوان لەبارەی ڕۆژی لەدایکبوونەوە لێی تێناگەن و هەرگیز پێت نالێن ئەوەیە، کاتێ تەمەنت دەبێتە یازدە ساڵان، تۆ لە هەمان کاتدا دە و نۆ و هەشت و حەوت و شەش و پێنج و چوار و سێ و دوو و یەک ساڵانیشیت. کاتێکیش لە یازدەیەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونتدا بەخەبەر دێیت، چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت هەست بکەیت، کە تەمەنت یازدەیە. کەچی نەخێر، چاوانت دەکەیتەوە و هەموو شت وەک دوێنێ وایە، جگە لەوەی ئەمڕۆ ئەمڕۆیە، بە هیچ جۆرێکیش هەست ناکەیت یازدە ساڵانیت. هەست دەکەیت هێشتا هەر دەیت. خۆی لە ڕاستییشدا، لەژێر تویێ ساڵی یازدەیەمینەوە، تۆ هێشتا دە ساڵانیت.

وەک هەندێ ڕۆژ ڕەنگبێ شتێکی گێلانەت لە دەم دەرچێت، ئەوە ئەو بەشەی تۆیە کە دە ساڵانە، یان ڕەنگبێ هەندێ ڕۆژ لە حەژمەت ترسێک پێویست بکات لە کۆشی دایکتدا دانیشیت – ئەوە ئەو بەشەی تۆیە کە هێشتا پێنج ساڵانە. ڕەنگبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان کە تەواو گەورە بوویت، هەر زۆر ئاسایی

پێویستت بێت وەک سێ ساڵانێک بگرییت. کاتێک کە دایکم غەمبارە و پێویستی بەوەیە بگری، من ئەو قسانەی بۆ دەکەم. ڕەنگبێ دایکم هەست بکات کە سێ ساڵانە.
چونکە گەورەبوون، نەختێک لە تویکڵی پیاز، یاخود لە ئەڵقەکانی قەدی درەخت، یان لەو بووکەڵە ڕووسییانەی کە یەک لەناو یەکدا جێیان دەبێتەوە، دەچێت، هەر ساڵێک لە توێی ئەوی تردا جێی بووەتەوە. یازدە ساڵییش هەر ئاوهایە.
یەکەندەردوو هەست ناکەیت کە یازدە ساڵانیت. چەند ڕۆژێک، تەنانەت چەند هەفتەیەک، هەندێ جاریش چەند مانگێکی دەوێت تا دەتوانیت وەڵامی پرسیاری "تەمەنت چەندە؟" بە "یازدە" بدەیتەوە، هەروەها هەتا نزیک لە دوازدە ساڵی دەبیتەوە، هەست ناکەیت کە هێندەی یازدە ساڵانێک زیرەکیت. ئیتر ئاوایە.
بەڵام ئەمڕۆ ئاوەتەخواز بووم کە تەنیا یازدە ساڵی پووچ، وەک یازدە دراوی ئاسن لەناو دەغیلەیەکی تەنەکەدا، لە ناخمدا زرینگەی نەهاتایە. ئەمڕۆ ئاواتەخواز بووم لەبری یازدە، تەمەنم سەد و دوو ساڵ بوایە، چونکە ئەگەر سەد و دوو ساڵ بوومایە، دەمزانی چی بە میس پرایس بڵێم کاتێ کە بلووسە سوورەکەمی لەسەر مێزەکەم دانا. ئەوسا لەبری ئەوەی واقوڕماو و دەمداچەقاو دانیشم، دەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە.
میس پرایس بلووسە سوورەکەی لە حەوادا بەرز کردەوە تا هەموو قوتابییانی پۆلەکە باش ببینن و ئینجا وتی: "ئەمە هی کێیە؟ ها، هی کێیە؟ مانگێکە لە ژووری چاکەتەکان فڕێدراوە!"
هەموان دەڵێن:" هی ئێمە نییە."
میس پرایس بەردەوام دەڵێت: "خۆ دەبێ هی کەسێک بێت!" بەڵام کەس خۆی ناکاتە خاوەنی. بلووسێکی ناشیرینە بە

قۆپچەی سووری باغە و ئێخە و دوو قۆڵی هێند درێژ و کشاوەوە، کە دەتوانیت بۆ پەتپەتێن بەکاریان بهێنیت. ڕەنگبێ بلووسی هەزار ساڵ لەمەوبەر بێ. خۆ ئەگەر هیی منیش بێ، هەرگیز ناڵێم هیی منە.
ڕەنگبێ لەبەر ئەوە بێ کە من لاوازم، یان ڕەنگبێ لەبەر ئەوە بێ کە چارەی ناوێم، ئەو سیلڤیا دەبەنگە دەڵێت "پێم وا بێ بلووسی ڕەیچڵە." بلووسێکی ناقۆلا و ناشیرین، کەچی میس پرایس باوەڕی پێ دەکات. میس پرایس ڕێک بلووسەکە دەخاتە سەر مێزەکەم، بەڵام کاتێ دەم هەڵدێنمەوە شتێک بڵێم، هیچم بۆ گۆ ناکرێ.
دواجار بە چرپە و لەژێر لێوەوە، کە ڕەنگبێ دەنگی سەردەمی چوار ساڵیم بێ، دەڵێم: "ئەوە هیی من نییە، من نا، تکایە... هیی من نییە."
میس پرایس دەڵێ: "بێگومان هیی تۆیە، بیرمە جارێکیان لە بەرتدا بوو." چونکە ئەو گەورەترە و مامۆستایە، هەڵبەت ئەو ڕاستە و من نا.
-هیی من نییە، هیی من نییە، هیی من نییە.
بەڵام میس پرایس وا گەیشتە لاپەڕەی سیودوو و هاوکێشەی ژمارە چوار. نازانم بۆ، بەڵام لەناکاو هەست دەکەم نەخۆشم. ئەو بەشەم کە سێ ساڵانە دەیەوێت لە چاومەوە بێتە دەرەوە، بەڵام توند چاوم دەنوقێنم و ددانم لە یەک گیر دەکەم و هەوڵ دەدەم بیر خۆمی بهێنمەوە، کە من ئەمڕۆ یازدە ساڵانم، یازدە. دایکم ئەمشەو کێکم بۆ دروست دەکات و کە باوکم هاتەوە، هەموان گۆرانیی (هەموو ساڵێ بە خۆشی)م بۆ دەڵێن.
بەڵام کاتێ هەستە ناخۆشەکان دەڕەونەوە و چاوم دەکەمەوە، بلووسە سوورەکە هێشتا وەک شاخێکی سووری زل لەسەر

مێـزەکەم چەقیـوە. بە نـووکی ڕاسـتەکەم بلووسـەکە بەرەو لێواری مێزەکە پاڵ پێوەدەنێم. قەڵەم و کتێب و لاستیکەکەمی لـێ دووردوور دەخەمەوە. تەنـانەت کورسییەکەشـم بە لای ڕاستدا دەجووڵێنم.

هیی من نییە، نا، هیی من نییە.

لە فیکرەوە دەچـم ئـاخۆ چەنـدی تـا کـاتی نـانخواردن مـابێ، چەندی مابێ تا بتوانم بلووسە سوورەکە فڕێ بدەمە ئەودیو پەرژینی قوتابخـانەوە، یان بەسـەر عـامووديکەوە جێی بهێڵم، یان تۆپەڵی بکەم و وەک تۆپێک فڕێی بدەمە کۆلانێکەوە. کەچی کـاتێ وانەی ماتماتیـک تەواو دەبێـت، مـیس پـرایس دەڵێـت "ڕەیچـڵ، ئێسـتا ئیتـر ئەم گەمەیە بەسـە!" چـونکە دەبینێـت بلووسەکەم تا لێواری مێزەکە پاڵ پێوە ناوە و وەک جۆگەیەک بە لێواری مێزەکەدا شۆڕ بووەتەوە. بەڵام هەر هیچ باکم نییە.

میس پرایس وەک بڵێی تووڕە بووبێت، دەڵێت: "ڕەیچڵ، هەر ئێستا ئەو بلووسە لە بەر بکە."

-بەڵام هیی من نیـــــ.....ــــە"

دەڵێت: "هەر ئێستا!"

ئا لێرەدا ئاوات دەخوازم کە یازدە ساڵان نەبوومایە، چونکە هەموو ساڵەکانی ناخم –دە، نۆ، هەشت، حەوت، شەش، پێنج، چوار، سێ، دوو، یەک– هەموویان گوشار بۆ چاوم دەهێنن. کاتێ هەردوو قۆڵ بە بلووسەکەدا، کە بۆنی پەنیری کۆنی لێ دێـت، دەکەم، وەک ئەوەی بلووسـەکە ئـازارم بـدات، ڕەپ ڕادەوەسـتم. لە ڕاستییشـدا ئـازارم دەدات، میکرۆبـی دنیـای پێوەیە و بە هۆیەوە هەموو گیانم دەخورێ.

ئیـدی لێـرەدا هەرچـی لە بەیـانییەوە لە ناخمـدا پـۆنگی خواردووەتەوە، کتوپڕ دەتەقێتەوە و وەک سێ ساڵانێک لەبەر

چاوی هەموویاندا دەگریم. خۆزیا دەبووم بە تەمێکی نادیار، بەڵام بەداخەوە هەر دیارم و هەر یازدە ساڵانم و ئەمڕۆش یادی لەدایکبوونمە و ئەوەتا لەبەر چاوی هەمووشیاندا دەگریم. سەرم لەنێو هەردوو باسکمدا، کە لە بلووسە قەرەقۆزییەکەوە دەرهاتوون، حەشار دەدەم. کوڵی گریانم بەربووە و دەموچاوم سوور بووەتەوە و لیک لە دەممەوە دەڕژێت، چونکە ناتوانم ئەو دەنگە ئاژەڵییانەی کە لە گەرووەمەوە دەردەچێت، بوەستێنم. هەتا فرمێسک لە چاوانم دەبڕێت، گیانم وەک ئەو کاتانەی کە نزگەرەمە دەلەرزێت و سەرم وەک ئەو کاتانەی کە لە پڕێکدا شیری سارد دەخۆمەوە، دەئێشێت.

بەڵام خراپترین شت، کاتی پێش لێدانی زەنگە بۆ نانخواردن. ئەو فیلیس لۆپیز-ە گەمژەیە، کە تەنانەت لە سیلڤیا سالدیڤاریش گەمژەترە، دەڵێت کە بلووسە سوورەکە هیی ئەوە! هەر زوو دایدەکەنم و دەیدەمێ، کەچی میس پرایس وا دەنوێنێ وەک ئەوەی هەر هیچ ڕووی نەدابێت.

ئەمڕۆ من یازدە ساڵانم. دایکم بۆ ئەمشەو کێکێکم بۆ دەکات؛ کە باوکم لە کار هاتەوە، دەیخۆین. دیاری و مۆمیش دادەنرێن و هەموان گۆرانیی (هەموو ساڵێ بە خۆشی، هەموو ساڵێ بە خۆشیی ڕەیچڵ)م بۆ دەڵێن، بەڵام ئیدی تازە درەنگە.

من ئەمڕۆ یازدە ساڵانم. من یازدە و دە و نۆ و هەشت و حەوت و شەش و پێنج و چوار و سێ و دوو و یەک ساڵانیشم. بەڵام بریا سەد و دوو ساڵ بوومایە. هەر شتێک بوومایە، بەڵام خۆزگە یازدە نەبوومایە، چونکە لە ئێستاوە دەمەوێت دوور بکەومەوە، وەک میزەڵدانێکی پچڕاو لە هەوادا، وەک پیتێکی (o)ی زۆر بچووک لە ئاسمان، هێند ورد کە دەبێ چاوانتی بۆ بچووک بکەیتەوە، تا بتوانیت ببیبینیت.

**سەرچاوە:**

**لە کتێبی (Woman Hollering Creek) ١٩٩١**

* ساندرا سیسنێرۆس نووسەرێکی مەکسیکی- ئەمەریکییە، ٢٠ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٥٤ لە شیکاگۆ لەدایک بووە و ئێستا لە شاری سان ئەنتۆنیۆی ویلایەتی تەکساس دەژی. سیسێرنۆس تاکە خوشکە لەنێو شەش برادا و لەگەڵ خێزانەکەیدا هەمیشە لەنێوان ئەمەریکا و مەکسیکدا، لە هەڵوەشاندنەوە و دامەزراندنەوەی ژیاندا بوون، هەر بۆیە لە نووسینەکانیدا بە ئاشکرا هەستکردن بە ترس و بڕوابەخۆنەبوون و ناسەقامگیریی دەروونی ڕەنگی داوەتەوە. سیسێرنۆ خاوەنی سیوپێنج ڕۆمانە، لەوانە (کوڕانی خراپ)، (کارامێلۆ) و (ماڵی سەر جاددەی مانگۆ)، هەروەها دامەزرێنەری دوو ڕێکخراوی کارایە کە خزمەت بە نووسەران دەکەن.

# جوانترین خنکاوی دونیا

**گابریئێل گارسیا مارکیز**

منداڵەکان کاتێ شکڵە هەڵتۆقیو و پەنهانەکەیان بینی کە لە زەریاوە بەرەو کەنار دەهات، پێیان وا بوو کەشتیی دوژمنە. بەڵام دواتر بینییان نە ئاڵای هەبوو نە دارئاڵا، بۆیە پێیان وا بوو نەهەنگە. بەڵام کاتێ شەپۆل لەسەر ڕۆخ داینا و ئەمان گیاوگوڵی زەریا و گوێچکەماسی و جەلییەماسی و پەڕۆوپاتاڵ و ئەو چیلکەوچەوێڵانەیان لێکردەوە کە پێوەی نوسابوون، ئیتر بۆیان دەرکەوت، کە ئەوە پیاوێکی خنکاوە.
ئەو کاتەی کەسێک بینیبوونی و بەناو گوندەکەدا هاواری کردبوو، تازە ئەمان بە درێژایی پاشنیوەڕۆ گەمەیان لەگەڵ خنکاوەکەدا کردبوو، لەژێر لمدا ناشتبوویان و دەریانهێنابووەوە. ئەو پیاوانەی کە تەرمەکەیان تا نزیکترین ماڵ گواستەوە؛ سەرنجیان دا ئەو تەرمە، لە تەرمی هەر پیاوێکی مردووی تر کە لە ژیانیاندا بینیبوویان، قورسترە، نزیکەی هێندەی ئەسپێک قورس. وتیان ڕەنگبێ هێند لە زەریادا بووبێت کە ئاو دزەی کردبێتە ناو ئێسکەکانیشیەوە. کاتێ لەسەر ئەرزەکە پاڵیانخست، بینییان لە هەر پیاوێکی تر بەخۆتر

بـووه، چـونكه به ئاسـتەم له مـاڵەكەدا جێـی دەبـووەوه. بەڵام پێیان وا بوو توانای هەڵئاوسانی دوای مردن تەنها سروشتی هەندێ پیاوی خنكاوه. پیاوەكه بۆنی ئۆقیانووسی لێ دەهـات و تەنهـا به قەوارەیـدا مەزەنـدەیان كـرد كه ئەوه لاشـەی مـرۆڤە، چونكه قوڕ و مارماسی یەكپارچه سەروگوێلاكیان داپۆشیبوو.
چ پێویستی بەوه نەكردبوو ڕوخساری پاک بكەنەوه تـا بزانن خەڵكی ئێره نییه. تەواوی گوندەكه به ئاستەم دەگەیشته بیست خانۆچكەی تەخته. خانۆچكەی هەیوان ڕووتەن و بێ گوڵ و به بەرد ڕۆنـــراو، كه به نـــیمچەدوورگەكەدا بڵاوبووبـــوونەوه. زەوییەكـی هێنـد ڕووتەن، كه دایكـان هەمیشـه له خەمـی ئەوەدا بوون با منداڵەكانیان نەبات. مردووەكانیشیان له خەرەندێكەوه بەردەدانەوه. بەڵام زەریـــا دەســـتەمۆ و زۆروزەوەنـــد و هەر هەمـوو پیاوەكـان له حەوت بەلەمـدا جێگەیـان دەبـووەوه. بۆیه كـاتێ پیـاوه خنكاوەكەیـان دۆزیـیەوه، تەنیـا هێنـده بەس بـوو تەماشایەكی یەكدی بكەن و بزانن كه هەموویان ماون.
ئەو شـــەوه پیاوەكـان بـۆ ئیشوكـار نەچـوون بـۆ زەریـا. به گونـدەكانی تـردا جاڕیـان دا تـا بـزانن ئـاخۆ كەس لەو گونـدانه بزر نەبووه. ژنەكانیش له خزمەت پیـاوه خنكـاوەكەدا مـانەوه. تــۆپەڵه قــوڕ و گژوگیـــا و خاروخەســـی بـــن دەریایـــان لـــێ دەكــردەوه، به چەمــچه مارماســییەكانیان له گیـانی دەكڕانـد. بۆیـــان دەركەوت گژوگیاكـــان، گژوگیـــای زەریـــاگەلی دوور و ئاوی قووڵن و جلەكانی بەری به جۆرێ شڕووڕ بوون، وەک ئەوەی بەنێـــو گەردەلوولێـــک له شـــیلانەی دەریـــادا هـــاتبێ. ســـەرنجیان دا به ویقـارەوه ڕووبەڕووی مـردن بـووەتەوه، نه لەو پیـاوه تەنیایـانه دەچـوو، كه سـەرئاو دەكەون و نه قیـافەی ئەو پیـاوه بێجورمانەشـی هەبـوو كه له ڕوبارەكانـدا دەخنكێن.

تەنیا ئەو کاتەی کە لە خاوێنکردنەوەی بوونەوە، لە جۆری پیاوەکە حاڵی بوون و ئیدی هەناسەیان لەبەر بڕا. ئەو کەڵەگەتترین و بەهێزترین و پیاوانەترین پیاو بوو کە تا ئێستا بینیبێتیان. هەتا ئەمان زۆرتر لێیان دەڕوانی، ئەو کەمتر لە ئەندێشەیاندا جێگەی دەبووەوە.

نەیانتوانی لە گوندەکەدا تەختەخەوێکی هێند گەورە، یان مێزێکی هێند تۆکمە بدۆزنەوە تا لەسەری پاڵی بخەن و ئێشکی بە دیارەوە بگرن. نە پانتۆڵی بالآبەرزترین، نە کراسی کەتەترین، نە پێڵاوی بەخۆترین پیاوی بە بەر دەبوو. مەجزووب بە قەوارە و جوانییەکەی، ژنەکان بڕیاریان دا لە چارۆکەی کەشتی، پانتۆڵێک و لە باشترین قوماش، کراسێکی بۆ بدروون، تا ویقاری مردنەکەی درێژەی هەبێت. لە کاتێکدا بازنەیی دانیشتبوون و دروومانیان دەکرد، لەنێوان تەقەڵەکاندا خەیاڵی تەرمەکە لێی دان و بۆیان دەرکەوت "با" هەرگیز ئەوەندە خامۆش و کاریبییان[1] هەرگیز ئەوەندەی ئەو شەوە پەشۆکاو نەبووە و پێیان وا بوو هەموو ئەو گۆڕانکارییانە بە هۆی پیاوە خنکاوەکەوەیە. مەزەندەیان کرد ئەگەر ئەو پیاوە بەشکۆیە خەڵکی گوندەکەی ئەمان بوایە، ئەوا خانووەکەی گەورەترین دەرگە و بڵندترین ساپیتە و ڕەقترین زەوی دەبوو؛ چوارچێوەی تەختەخەوەکەی بە داری زۆر تۆکمە و مێخی ئاسن ڕایەڵ دەکرا و ژنەکەیشی خۆشحاڵترین ژنی دونیا دەبوو. پێیان وا بوو خاوەن قودرەتێکی وەها دەبوو، دەیتوانی ماسییەکانی زەریا بەرەو لای خۆی بانگ بکا و کانی لە بن

---

[1] کاریبییان: ناوچەیەکە لە خوارووی خۆرهەڵاتی نیمچەدوورگەی مەکسیک، زەریای کاریبییان و دوورگەکانی و ئەو کەنارانەی لێوەی نزیکن، دەگرێتەوە.

هیشکترین بەردەوە هەڵگۆزێ و دەستی بە گوڵی خەرەندەکان بگات. لە دڵی خۆیاندا پیاوە خنکاوەکەیان بە پیاوەکانی خۆیان بەراورد دەکرد و پێیان وا بوو ئەوەی ئەم دەیتوانی لە تاکە شەوێکدا بیکا، پیاوەکانی خۆیان بە یەک تەمەن بۆیان ناکرێ. ئیدی لە دڵی خۆیاندا پیاوەکانی خۆیان بە ترسنۆکترین و بودەڵەترین پیاوی دونیا دانا. بەم خەون و خەیاڵاتەوە مەست و حەیران بووبوون و کاتێ بەتەمەنترین ژنیان، کە بە هۆی تەمەنییەوە زیاتر لە ڕووی میهرەوە، نەک لە ڕووی شەهوەتەوە، لە فیکری پیاوە خنکاوەکەوە چووبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

-"ڕوخساری کەسێکی هەیە، ناوی ئێستێبان بێت."

هەر بەڕاستییش وا بوو. لای زۆربەیان هێندە بەس بوو جارێکی تر تەماشای بکەنەوە تا تێبگەن نەدەکرا جگە لە ئێستێبان، هیچ ناوێکی تری هەبێت. ئینکارترین ژنەکان، کە گەنجترینیان بوون، پێیان وا بوو لە پاش لەبەرکردنی جلک و پێڵاوی ڕەشی قەترانی و دانانی تەرمەکە لەنێوان گوڵوگوڵزاردا، دەشیا ناوی لوراتۆ بوایە. بەڵام ئەوە تەنیا خەیاڵی خاو بوو. چارۆکەکە بەشی نەکرد، پانتۆڵە خراپ - بڕدراو و خراپ- درواوەکە بە ئاستەم بە بەریدا چوو. هێزە پەنهانەکانی نێو دڵی وایان کرد دوگمەی کراسەکەی بترازێ. لەدوای نیوەشەوەوە لوورەی ڕەشەبا و هاژەی زەریا نیشتنەوە. بێدەنگییەکە کۆتایی بە گومانەکان هێنا و ئیدی ناوی نرا ئێستێبان. ئەو ژنانەی کە جلکیان لە بەر کردبوو، کە بسکیان بۆ داهێنابوو، کە نینۆکیان بۆ کردبوو، کە ڕیشیان بۆ تاشی بوو، نەیانتوانی تەزووی ئەو سۆزە بشارنەوە کە بە گیانیاندا گەڕا، کاتێک دەبوو تەرمەکە لەسەر ئەرزەکە جێبهێڵن.

ئا لەوێدا بۆیان دەرکەوت دەبێ ئاخۆ بەو قەوارەیەوە چەند غەمگین بووبێ، کە تەنانەت دوای مردنیش لە هیچ شوێنێکدا جێگەی نابێتەوە. مەزەندەیان کرد هەبێونەبێ لە ژیاندا مەحکووم بووە بەوەی لەسەر لا بە دەرگەکاندا ڕەت ببێ و سەری بە تاقە نزمەکان شەق ببێ و لە میوانییەکاندا بە پێوە ڕاوەستێ و نەزانێ چی لەو دەستە پەمەیی و ناسکانەی بکات، کاتێک ژنی ماڵەکە بۆ تۆکمەترین کورسی گەڕاوە و لێی پاڕاوەتەوە، ئێستێبان تکایە لێرە دانیشە، ئەویش پاڵی بە دیوارەکەوە داوەتەوە و بە زەردەیەکەوە وەڵامی داوەتەوە: خەمت نەبێ خاتوون، من ئاوام پێ باشە. هێند لە میوانییەکاندا بە پێوە ڕاوەستاوە، تا پاژنەی پێی توێخی هەڵداوە و پشتی لە ئێشا شکاوە و لە ترسی ئەوەی نەبا شەرمەزاریی شکاندنی کورسییەک دایبگرێ، هەر "خەمت نەبێ خاتوون، من ئاوا باشم"ی دووبارە کردووەتەوە. ڕەنگبێ هەرگیز نەیزانێ هەر هەمان ئەو کەسانەی کە پێیان وتووە ئێستێبان مەڕۆ، چاوەڕێ بکە تا قاوەکە دەم دەکێشێ، هەر ئەوانە بوون کە دواتر لەژێر لێوەوە وتوویانە، دواجار یارۆی گەمژە ملی شکاند، سوپاس بۆ خودا، دواجار ئەو گەمژەیە سەری خۆی هەڵگرت. ئەمە ئەو خەیاڵانە بوو کە پێش هەتاوکەوتن لە بەردەم تەرمەکەدا بە مێشکی ژنەکاندا هات. دواتر کە دەموچاویان بە سەرپۆشێک داپۆشی، تا ڕووناکییەکە بێزاری نەکات، هێند بە مردوویی و بێدەسەڵاتی و هێند وەک پیاوەکانی خۆیان هاتە بەرچاویان، کە درزێ کەوتە دڵیان و فرمێسکی لێوە ڕژا. یەکێک لە جاحێڵترینیان دەستی کرد بە گریان. ئەوانی تر کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوون، دەستیان کرد بە ئاخوئۆف و لاوانەوە. هەتا دەهات زیاتر فرمێسکیان دەوەراند و دەگریان،

چونکە پیاوە خنکاوەکە زیاتر و زیاتر وەک ئێستێبان- ناوێک دەردەکەوت. ئەوەندە بۆی گریان، تا کردیان بە بێدەسەڵاتترین پیاوی دنیا، کردیانە داماوترین و زەلیلترین ئێستێبان. لەو کاتەدا بوو، پیاوەکان بەو هەواڵەوە گەڕانەوە کە پیاوە خنکاوەکە خەڵکی هیچ کام لەو گوندە نزیکانە نییە و ئیدی ژنەکان ئۆخژنێکیان پێدا هات.
هاواریان کرد "سوپاس بۆ خودا، هیی خۆمانە!"
پیاوەکان پێیان وا بوو ئەو زیلوبەمە تەنیا هەرزەگۆیی بێمانای ژنانە و هیچی تر. ماندووی گەڕانی شەوی پێشوو، هەموو ئەوەی پیاوەکان دەیانویست ئەوە بوو، پێش ئەوەی هەتاوی بەتینی ئەو ڕۆژە گەرم و بێ شنەبایە بکەوێ، تەرمی ئەو غەریبەیە بە یەکجارەکی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە. دارەمەیتێکیان لە پارچە تەختە و چارۆکەی کەشتیی تێکشکاو پێکەوە نا و بە گوریس گرێیان دا تا بتوانن تەرمەکە بەرەو خەرەند هەڵبگرن. ویستیان لەنگەرێک بە قولەپێیەوە ببەستن تا دڵنیا بن لەوەی لە قووڵایی ئاوەکەدا، لەوێدا کە ماسییەکان بیناییان نییە و مەلەوانەکانی ژێر دەریا لە پەرۆشیدا دەمرن، بمێنێتەوە و سەرئاو نەکەوێتەوە و جارێکی تر وەک لاشەکانی تر سەرشێتترین شەپۆلەکان نەتوانن بەرەو کەنار بیهێنن. بەڵام تا ئەمان زۆرتر جەختیان لەوە دەکردەوە، ژنەکان لە بەهانەی تر دەگەڕان تا کاتی پێ بکوژن. ملوانکەی گوێچکەماسی لە ملیاندا و وەک مریشکی زیڕەکردوو دەهاتن و دەچوون، هەندێک دەیانویست شاڵێک بدەن بە شانیدا و هەندێک دەیانویست قیبلەنومایەک لە مەچەکی ببەستن. لەپاش گەلێک هاتوهاوار و "لاچۆ لێرە ژنەکە" و "ڕێگەکە چۆڵکە" و "تەماشا خەریک بوو بەسەر لاشەکەدا بمخەیت"، پیاوەکان دڵیان لە ژنەکانیان پیس کرد و کەوتنە بۆڵەبۆڵ. ئاخر غەریبەیەک ئەم هەموو گرنگیپێدانەی بۆ چییە، ئەو هەموو خرتکەوپرتکەیەی پێوە دەکەن و

قرشـەکان دەیخۆن. بەڵام ژنەکان لە بەزمی خۆیان نەدەکەوتن و لە مـــتوموررووە هەرزانبەهاکـــانی خۆیـــان دەگەڕان و هەرچییـــان بەدەستەوە هاتبا هەڵیاندەگرت و دەیانهێنا و دەیانبرد، گەر فرمێسکیان نەڕشـتایە، ئەوا هەناسـەیان بـۆ هەڵدەکێشـا، تـا پیاوەکـان نەڕانـدیان بەســەریاندا، لە کەیەوە ســەرئاوکەوتوویەک، خنکــاوێکی بێســاحێب، ڕەقهەڵگەڕاوێکــی بــۆگەن، ئەم هەمــوو هەراهەرایەی گەرەک بــووە. یەکێک لە ژنەکـان، کە بەو سـووکایەتییە تـووڕە بـوو، ڕووپۆشـەکەی لەسەری خنکاوەکە کردەوە و پیاوەکانیش هەناسەیان لەبەر بڕا.

ئێستێیان خۆی بوو. پێویستی بە دووبـارەکردنەوە نەدەکـرد تـا ئەوە بزانن. ئەگەر بیانوتبا، سێر واڵتەر ڕاڵی[1]، ڕەنگبێ بە زاراوە و زوبانە بێگانەکەی، یان بەو تووتییەی سەر شانی، یان بە شۆڕەسوارییەکەی لە کوشتنی زەلامخۆرەکاندا سەرسام بان، بەڵام دەبوو لە دونیادا هەر یەک ئێســتێیان هەبــێ و ئەویــش ئەوەتــانێ لەوێـدا پێخــاوس و بە پانتۆڵێکی کورتوکوێرەوە، وەک ماسیی ڕاوکراوی نـاو ڕوبـار، فڕێ درابـوو. هەر هێنـدە بەس بـوو کە ڕووپۆشـەکە لەسـەر ڕوخسـاری لاببەن تا بزانن کە شەرمندەیە، کە خەتای خۆی نییە قڵافەتی هێند زلە و هێند قورس و هێندەش جوانە. ئەگەر بیزانیبا ئەمە ڕوو دەدات، ئەوا لە شوێنێکی چەپەکتر دەگەڕا تا لێی بخنکێ: بڕوا بکەن، لەنگەرێکم لە ملـم دەبەسـت و بەرەو خەرەنـدەکە ڕێگەم دەکوتـا، وەک کەسـێک کە نایەوێت مەزاحیمی خەڵک بێت، نەدەهـاتم و وەک ئێسـتا بەم لاشـە لەعنەتییەوە، وەک ئێوە دەڵێن، کەسـم بەم بۆگەنییە ڕەقهەڵاتووەی کە

---

[1] سـێر واڵـتەر ڕاڵـی: (١٥٥٤ – ١٦١٨) نووسـەر و شـاعیر و سـەرباز و سیاسـی و سـیخوڕ و گەڕیـدەی ئینگلیـز. لە لای شـاژنی بەریتانیـا، ئیلیـزابێس، کەسـێتییەکی خۆشەویست بووە و بۆ گەشتی تایبەت بە دۆزینەوەی سەرمایە لە ئەمەریکای لاتین، ناردوویەتی.

کەس نایەوێ دەستی تێوە بدا، بێزار نەدەکرد. ڕاستییەکی وەها لە شێوەیدا هەبوو تەنانەت بەدگومانترین پیاوەکان، ئەوانەی کە ڕقیان لە شەوانی ناو زەریا دەبووەوە، لە ترسی ئەوەی نەبا ژنەکانیان لە خەونبینین بەوانەوە بێزار ببن و خەون بە پیاوی خنکاوەوە ببینن، تەنانەت ئەوان و پیاوانی لەوان دڵڕەقتریش، لە ڕاستگۆییەکەی ئێستێیان تەزوو بە مۆخیاندا هات.
ئیتر ئاوها ناوازەترین پرسە کە بۆ پیاوێکی خنکاو دابنرێت، داندرا. هەندێک لەو ژنانەی بۆ گوڵ چووبوون بۆ گوندی تر، لەگەڵ ژنانی تردا هاتنەوە کە باوەڕیان بەوە نەکردبوو، بەڵام کاتێک ئەمانیش خنکاوەکەیان بینی، ئەوسا بۆ گوڵی تر چوون و لەگەڵ خۆیان ژنی تر و گوڵی تریان هێنایەوە، هەتا ئەوەندەی ژن و گوڵ لێ بوو، کە بە ئاستەم دەتتوانی بڕۆیت. لە دوایین ساتدا، فڕێدانی خنکاوەکە وەک منداڵێکی بێدایکوباوک ئازاری دان و بڕیاریان دا باشترین دایک و بابی بۆ هەڵبژێرن و کەسانی تریش خۆیان کرد بە برا و مام و ئامۆزای، هەتا لەڕێی ئەوەوە هەموو گوندییەکان بوونە خزمی یەکدی. هەندێک دەریاوان کە لە دوورەوە گوێیان لە گریانەکان بوو، ڕێگەیان لێ تێک چوو. دواتر زانرا یەکێکیان بە دارئاڵای کەشتییەکەدا سەرکەوتووە و حەکایەتی کۆنی سەبارەت بە ئاژێرلێدان بیر هاتووەتەوە. لە کاتێکدا مشتومڕی ئەوەیان دەبێ کێ شەرەفی ئەوەی هەیە مەیتەکە بەو خەرەندە لێژەدا هەڵبگرێ، ژنان و پیاوان بۆ یەکەم جار لە بەرانبەر جوانی و مەزنیی پیاوە خنکاوەکەدا، لە خامۆشیی جاددەکانیان و لە بێگیانیی گۆڕەپانەکانیان و لە بچووکیی خەونەکانیان وەئاگا بوون. لێگەڕان لاشەکە بەبێ لەنگەر بکەوێتە ئاوەکەوە تا ئەگەر ویستی و هەر کاتێک حەزی کرد، بگەڕێتەوە. ئەو نەختە

سەدەیەی کە پێی چوو تا تەرمەکە کەوتە ئاوەکەوە، هەموان هەناسەیان لە خۆیان بڕی. پێویستی بە تەماشاکردنی یەکتری نەدەکرد تا بزانن کە ئەوان چیدی کامڵ نین و هەرگیزیش کامڵ نەدەبوون. بەڵام دەشیانزانی لەمەودوا هەموو شت جیاواز دەبێت، دەیانزانی ماڵەکانیان دەرگەی گەورەتر و ساپیتەی بڵندتر و زەویی تۆکمەتریان دەبێت، تا تارمایی ئێستێبان بە ئارەزووی خۆی بە ناویاندا هاتوچۆ بکات، بەبێ ئەوەی سەری بەر تاقەکان بکەوێت و چیدی کەس نەوێرێ لەژێر لێوەوە بڵێ دواجار گەمژەی زلحۆرت مرد، حەیف، ئەو گێلە مرد. ڕوکاری ماڵەکانیان بە ڕەنگی ئاڵواڵا ڕەنگ دەکەن تا یادی ئێستێبان بۆ هەمیشە بە زیندوویی بمینێت، ئیتر ئەمان پشتی خۆیان لە هەڵگۆزانی کانی و چنینەوەی گوڵی خەرەندەکاندا دەشکێنن، تا موسافیرانی زەریا لە بۆنی خۆشی گوڵەکان وەئاگا ببنەوە و کاپتن بە جلکی فەرمی خۆیەوە و بە قیبلەنوما و ڕیزە مەدالیای سەرکەوتنەکانی جەنگەوە ناچار ببێ لە کەشتییەکە بێتە خوارەوە و ئاماژە بۆ ئەو مێرگوزارەی ئاسۆی کاریبییان بکات و بە چواردە زوبان بڵێ: تەماشای ئەوێوە بکەن، ئەوێ کە با لێی هێور دەبێتەوە و ئارام دەگرێ، ئەوێ کە ڕۆژ بە جۆرێ لێی هەڵدێ، گوڵەبەڕۆژەش نازانێ ڕوو بکاتە کوێ، بەڵێ ئەوێ، گوندەکەی ئێستێبان-ە.

**سەرچاوە:**

http://www.colorado.edu/studentgroups/shortfiction/The_Most_Handsome_Drowned_Man.pdf

# تا ئاگرێک بکرێتەوە

**جاك لەندەن**

ڕۆژ ڕووەو سەرما وەردەگەڕا و خۆڵەمێشی دادەگەڕا، دونیا هەر ئێجگار سارد بوو، کاتێک پیاوەکە لە ڕێگە سەرەکییەکەی ڕووباری یوکان لای دا و بە ڕۆخی ڕووبارەکە و بە باریکەڕێیەکی تاریک و کەمپێداڕۆیشتووی ڕووەو خۆرهەڵاتدا، کە دەچووەوە سەر دارستانێکی چڕی سنەوبەر، هەڵدەگژا. ڕۆخەکە بەرز بوو، کاتێ گەیشتە سەرەوە، تا هەناسەیەکی وەبەردا بێتەوە، پشوویەکی کورتی دا و تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد. سەعات نۆ بوو. گەرچی چ پەڵەهەورێکیش بە ئاسمانەوە نەبوو، کەچی نە خۆر دیار و نە بەنیازی ئەوەش بوو دیاربێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئاسمان ساماڵ بوو، بەڵام تەمێکی خەمین لەسەر هەموو شتێک نیشتبوو. شتێک وەک نائومێدی، ڕۆژەکەی تاریک کردبوو، ئەوەش بە هۆی دیارنەبوونی خۆرەوە بوو. ئەمە پیاوەکەی نیگەران نەدەکرد. ئاخر ئەو بە نەبوونی خۆر ڕاهاتبوو. چەندین ڕۆژ بوو خۆری نەدیبوو و دەیزانی چەند ڕۆژێکی تریش ماوە تا ئەو تۆپە

ڕۆشـن و دڵخۆشـکەرە لە ئاسـۆی باشـوورەوە دەربکەوێـت و کتوپڕ ئاوا بێت و لە چاوان بزر ببێت.
کـابرا ئـاوڕێکی خێـرای لەو ڕێـگەیە دایەوە کە پیایـدا هـاتبوو. یوکـان میلێـک پـان و لەژێـر ئەسـتوورایی مەترێـک شـەختەدا ڕاکشابوو. بەسەر شەختەکەشەوە هێندەی تر بەفر باری بوو. هەموو شت سپیی سادە بوو، پێچی بەفر و شـەختە نەرم نەرم تێکەڵی یەکتری بووبوون. باکوور تا باشـوور، جگە لە ڕەشـایی بن دارسنەوبەرەکان، کە لە باشوورەوە پێچیان دەخوارد، تـا لە باکووردا وەک لێواری دوورگەیەک دیار نەدەمـان، تـا چاو بڕ بکـا هەر سـپێتییەکی بێکۆتـایی بـوو. ئەم خەتە ڕەشــە ڕێگــە سـەرەکییەکە بـوو، کە پێنجسـەد میـل بەرەو باشـوور درێـژ دەبـووەوە تـا دەگەیشـتە نـاوچەی چیلکـووت و دێـیە و ئـاوی سـوێر؛ پاشـان حەفتـا میل بەرەو داوسـن لە بـاکوور و هەزار میـل بەرەو نولاتـۆ و سـان میکایـل لەسـەر زەریـای بێرینـگ، هەزار میلی تر و نیو هەزار میلی تریش هەر ئەم ڕێیە بوو.
بەڵام هەمـــوو ئەمـــانە -ڕێـــگە پەنهـــان و دوورودرێـــژەکە و نەبـــوونی خـــۆر بـــە ئاســـمانەوە و ســـەرما بڕندەکـــە و سەیروســـەمەرەیی شـــتەکان- هـــەر هـــیچ پیاوەیـــان نیگـــەران نەکردبوو. ئەوەش نەک لەبەر ئەوەی پێیان ڕاهـاتبێ، بەڵکو ئەو چیچاکۆ[1] بوو، تازەکی هـاتبووە ئێرە و ئەمە یەکەمین زستانی بـوو. کێشـەی ئەم پیـاوە ئەوە بـوو کە خەیـاڵ و وێنـاکردنی

[1] cheechako: بەو کەسـانە دەوتـرێ کـا تـازەکی چـوون بـۆ ئەلاسـکا و شـارەزای کەشـوهەوا و ئـاژەڵ و کولتـووری نـاوچەکە نین و نـازانن چـی پێداویستییەک لە کاتی سەفەر بەو ناوچانەدا هەڵگرن.

نەبوو. ئەو خێرا و وریا بوو لە شتگەلی ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵام تەنیا لە خودی شتەکان، نەک لە بایەخیاندا. پەنجا پلەی ژێر سفر واتا هەشتا پلەی ڕەقبوونەوە؛ لای ئەو حەقیقەتێکی وا مانای سەرمایەکی ناخۆشی دەدا و هیچی تر. ئەوە وای لێ نەدەکرد بیر لە لاوازیی خۆی لە پلەی گەرمای ژێر سفر و لاوازیی بەنیئادەم بەگشتی، کە تەنیا لە سنوورێکی دیاریکراوی پلەی گەرما و سەرمادا دەتوانێ بژی؛ بکاتەوە. هەر بۆیە بیری لە مەسەلەی مردن و پێگەی بەشەری لە گەردووندا نەدەکردەوە. پەنجا پلەی ژێر سفر لای ئەو مانای سەهۆڵبەندانێکی برندەی گوێزانئاسا بوو؛ کە دەبوو بە بەکارهێنانی دەستکێش و کڵاوی گوێچکەدار و پووتی چەرم و گەرم و گۆرەویی ئەستوور بەری پێ بگیرێ. پەنجا پلەی ژێر سفر بۆ ئەو، لە پەنجا پلەی ژێر سفر زیاتر، هیچ مانایەکی تری نەبوو. ئەگەر واتایەکی لەوە زیاتری هەبا، ئەوە خەیاڵێک بوو کە هەرگیز بە مێشکیدا نەدەهات.

بەدەم ڕۆیشتنەوە جارجار بە لەزەتێکی بێئاگایانەوە تفی ڕۆ دەکرد. دەنگێک لە تفەکەیەوە دەهات و بەو دەنگە ڕادەچڵەکی. دیسان تفی دەکردەوە. ئەمجارەش کە لە هەوادا تفی کرد؛ پێش ئەوەی تفەکە بگاتە زەوی، دەنگی تەقەیەک لە تفەکەیەوە هات. ئەو دەیزانی کە لە پەنجا پلەی ژێر سفردا تف لەسەر بەفرەکە دەیبەستێ و ئەو دەنگەی لێوە دێت، بەڵام ئەم تفە لە هەوادا بەستی. گومانی تێدا نەبوو کە پلەی گەرما لە پەنجای ژێر سفر نزمتر بوو - چەندێک نزمتر، نەیدەزانی. بەڵام پلەی گەرما لای ئەو چ بایەخێکی نەبوو.

کابرا بەرەو دووڕێیانەکەی شیوی هێندەرسۆن، کە کوڕەکانی لێ بوون، ملی ڕێی گرتبووە بەر. ئەوان لە گوندی "ئندیان

کریک"ەوە ڕێگەکەیان قەدبڕ کردبوو، بەڵام ئەم دەوراندەوری ناوچەکەی لەپێوەدا بوو تا سەیرێکی دەوروبەری ڕووباری یوکان بکات؛ بەو مەرامەی بەڵکو دارستانێکی گونجاو بدۆزێتەوە و بەهاران داروباری لێ بهێنێت. ڕاستە ئەو نزیکی سەعات شەشی ئێوارە دەگەیشتە لای کوڕەکان، بەڵام مەزەندەی دەکرد کاتێ ئەم دەگات، ئەوان لەوێ دەبن، ئاگرێکیان کردووەتەوە و شێوێکی گەرمیشیان لێناوە. سەبارەت بە نانی نیوەڕۆ، دەستی نایە سەر تۆپەڵێکی هەڵتۆقیو لەژێر پاڵتۆکەیدا. تۆپەڵێک چۆرەک لە دەستەسڕێکەوە پێچراو و لەژێر پاڵتۆ و کراسەکەیدا بە پێستیەوە نووسابوو. ئاخر تەنها بەم شێوەیە چۆرەکەکە نەیدەبەست. کاتێ بیری لە چۆرەکەکان کردەوە، کە هەریەکەیان لە ڕۆنی بەراز هەڵکێشراون و هەریەکەیان پلێ گۆشتی بەرازی سوورەوەکراویشیان تێئاخنراوە، زەردەی خۆشحاڵانەی هاتێ.
نوقمی ناو دار سنەوبەرە گەورەکان بوو. ڕێگەکە بە ئاستەم دیاربوو. لەپاش تێپەڕبوونی دوایین ئەربە[1]؛ پێیەک بەفری تر باریبوو. کابرا خۆشحاڵ بوو کە ئەربەی پێ نییە و باری سووکە. لە ڕاستیدا جگە لە ژەمی ناو دەستەسڕەکە، هیچی تری پێ نەبوو. بەڵام لەو سەرمایە حەپەسابوو. دەستی لە لووت و گۆنا سڕبووەکانی خۆی دەخشاند و گەیشتە ئەو بڕوایەی کە هەر بەڕاستی ساردە. پیاوەکە ڕیش و سمێڵێکی پڕی هەبوو، بەڵام ڕیش و سمێڵ دادی گۆنا و ئەو کەپووە بڵندەی نەدەدا کە سەرسەختانە بە ڕووی ئەو هەوا ساردەدا قوت بووبووەوە.

---

[1] ئەربە: ئامرازێکی گواستنەوەیە لە بەفردا بەکار دێت؛ لە سەگ دەبەسترێت و ڕادەکێشرێت.

کابرا سەگێکی گەورەی کوڵک خۆڵەمێشیی ئەسکیمۆی تایبەت بە ناوچەکەی لەگەڵدا بوو، کە کتومت هەر لە گورگ دەچوو. سەگەکە بەو سەرما بڕندەیە پەست و بێزار بوو، دەیزانی کات کاتی ڕێڕۆیشتن نییە. غەریزەی سەگەکە شتێکی ڕاستتری لە سەلیقەی پیاوەکە دەگوت. لە ڕاستیدا پلەی گەرما، نەک لە پەنجا پلەی ژێر سفر، بەڵکو لە شەست پلەی ژێر سفر و حەفتا پلەی ژێر سفریش ساردتر بوو. حەفتاوپێنج پلەی ژێر سفر بوو. ئاخر سیودوو پلەی سەروو سفر پلەی بەشەختەبوونە، حەفتاوپێنج پلەی ژێر سفر، واتا سەدوحەوت پلەی بەشەختەبوون. سەگەکە هیچی لەبارەی گەرماپێوەوە نەدەزانی. بە پێچەوانەی زەینی پیاوەکەوە، ڕەنگبێ لە زەینی ئەودا یادەوەریی سەرمایەکی وەها بوونی نەبووبێ، بەڵام ئاژەڵان غەریزەیان هەن! بۆیە سەگەکە هەستی بە ترس و نیگەرانییەکی نادیار، بەڵام مەترسیدار دەکرد. لە نزیک پێوپلی پیاوەکەوە بە ئەسپایی و بە پارێزەوە دەڕۆیشت و لە هەر جووڵەیەکی نارێکی پیاوەکە ڕادەما؛ وەک ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بێت کابرا لە ڕۆیشتن بوەستێت و بچێتە پەناگەیەکەوە و ئاگر بکاتەوە. سەگەکە دەیزانی ئاگر چییە، ئاگری دەویست. ئەگەریش نا، دەیویست خۆی لەژێر بەفرەکەوە کرژ بکات و دوور لە هەوا، لە گەرمایی گیانی خۆیدا هەڵبکوڕمێ.

هەڵمی هەناسەی سەگەکە بەستبووی و وەک وردەکریستاڵ بە فەرووەکەیەوە نیشتبوو. بەتایبەت دەوری لمۆز و برژانگەکانی تەواو سپی هەڵگەڕابوون. ڕیش و سمێڵی سووری پیاوەکەش زوقمیان کردبوو، بەڵام ئەمیان زۆر ڕەقتر دیار و زیاتر بە وردەسەهۆڵ دەچوو؛ لەگەڵ هەر هەناسەیەکی تەڕ و گەرمیشدا، توێژاڵێکی تری لەسەر دەنیشت. پیاوەکە تۆباکۆی

دەجوو، ئەو لمۆزەی لە سەهۆڵ بۆی دروست بووبوو؛ لچ و لێوی وەها کلۆم دابوو، کە نەیدەتوانی ئەو لیکە لە بەرچەناگەی بسڕێ کە دەیتفاندەوە. دواجار وردەوردە ڕیشێکی درێژکۆلە لە کریستاڵی زەرد وەک چلوورە بە چەناگەیدا شۆڕبووەوە. ئەگەر بکەوتایە بە دەمدا، ئەوا ڕیشە کریستاڵەکەی وەک شووشە دەشکا و دەبووە هەزار پارچەی تیژەوە. بەڵام کابرا گوێی بەو لمۆزە زیادەیە نەدەدا کە بە دەم و ڕیشیەوە دروست بووبوو. ئەوە عاقیبەتی هەموو ئەو کەسانە بوو کە تۆباکۆیان دەجوو. پیاوەکە دوو سەرمای گەورەی تری تێپەڕاندبوون، بەڵام هیچیان هێندەی ئەمە سارد نەبوون، ئەو جارانەی پێشوو سەرما لە پەنجا، یان پەنجاوپێنج پلەی ژێر سفریان تێنەپەڕاندبوو.

چەند میلێکی تریش بەژێر درەختەکاندا ڕۆیشت، ناوچەی قولەڕەشەکانیشی تێپەڕاند و بەرەو ڕۆخی چەمێکی شەختەبەند شۆڕ بووەوە. ئەمە چەمی هێندەرسن بوو. پیاوەکە دەیزانی ئیدی لێرەوە تا دووڕێیانەکە دە میلی ماوە. تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد. سەعات دە بوو. لە هەر سەعاتێکدا، چوار میل ڕۆیشتبوو. حیسابی کرد کە بەم خێراییە سەعات دوازدە و نیو دەگاتە دووڕێیانەکە. بڕیاری دا هەر بە خۆشیی ئەم مەزەندە نایابەوە، لەوێدا نانی نیوەڕۆ بخوات.

سەگەکەش لەبەر پێیدا کەوت و بە ئاماژەی نائومێدی کلکی ڕووەو زەوی کلافە کرد. جێ خەرماشەی ئەربەی بەفر کە پێشتر بەوێدا ڕۆیشتبوون، گەرچی دوازدە ئینچ بەفریشی بەسەردا باری بوو، بە باشی دیاربوو. پێدەچوو مانگێک بێ کەس بەوێدا نەڕۆیشتبێ. پیاوەکە سەرسەختانە لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو. کاتێکی وای نەدەدا بە خۆی بیربکاتەوە، جگە

لەوەی کە بەتەما بوو لە دوورپێیانەکە نانێک بخوا و سەعات شەش بگاتە کەمپ لای کورەکان، چ شتێکی ئەوتۆی نەبوو بیری لێ بکاتەوە. کەس نەبوو تا قسانی لەگەڵ بکا، ئەگەریش هەبوایە، قسەکردن بەو دەموپلە بەستووەیەوە ئەستەم بوو. ئیدی لۆژلۆژ بەردەوام بوو لە جوینی تۆباکۆ و درێژکردنەوەی دەموپلە ڕەنگ عەنبەرییەکەی.

جارناجارێک بە بیریدا دەهات کە ئێجگار ساردە و هەرگیز پێشتر سەرمای وای نەبینیوە. زوو زوو گۆنا و سەرلووتی بە پشتی دەستکێشەکانی گەرم دەکردنەوە. ئەمەی خۆبەخۆ هەر جارە و بە دەستێکی دەکرد. بەڵام هەرچی چەندێک دەستی لە گۆنای دەخشاند؛ چرکەیەک دواتر دەیبەست و چرکەی دواتر لووتی سڕ دەبوو. سوور دەیزانی بەفر گۆناکانی دەبا. پەنجەی پەشیمانیی دەگەست لەوەی نەیکردووە لووتبەستێک ببەستێت. ئاخر ئەو لووتبەستە گۆنای لەو سەرمایە دەپاراست. بەڵام قەیدی ناکا، کەمێ بەئازارە و هیچی تر؛ هەر ئەوەیە، خۆ شتێکی جیددی نییە.

ڕاستە مێشکی خاڵی بوو لە بیرکردنەوە، بەڵام وردبین بوو، ورد تەماشای گۆڕانکارییەکانی دەوری چەمەکەی دەکرد و ورد ڕەچاوی ئەوەی دەکرد کە بۆ هەر هەنگاوێک، پێ لە کوێدا دابنێ. جارێک لە پێچێکدا، وەک ئەسپێکی ترساو سڵەمییەوە و چەند هەنگاوێک بەرەو دواوە کشایەوە. دەیزانی چەمەکە تا بنەوە بەستوویەتی، لە زستانی باکووری باکووردا هیچ چەمێک نییە نەیبەستێ، بەڵام دەشیزانی کانیاو هەن لە گردەکانەوە تەقیون و بەژێر بەفرەکەدا دێن. دەیزانی لە ساردترین سەرمادا ئەم کانیاوانە نایانبەستێ و لە خەتەرناکییان ئاگادار بوو. ئەو کانیاوانە وەک تەڵە وا بوون.

ئەستێڵکێک ئاو بە قووڵیی چەند ئینجێک لەژێر بەفرەکەدا کۆ دەبووەوە. هەندێ جار توێژاڵێک شەختە لەژێر بەفرەکەوە بوو. هەندێ جار چەند توێژاڵێک لە ئاو و شەختە و بەفر دووبارە دەبوونەوە و کە یەکێکیان دەشکا؛ ئەوانی تریش بەدوایدا دەشکان و ئیدی بنیادەم تا نێوقەد لە ئاودا ڕۆدەچوو.

بۆیە بەو شێوەیە لەو هەنگاوهەڵێنانەی پڕنگایەوە. هەستی بە خلیسکیی ژێر پێی دەکرد و لەژێر بەفرەکەدا گوێی لە قرچەی شکانی سەهۆڵ بوو. ئەگەر لەو سەرمایەدا پێی تەڕ بوایە؛ ئەوا تووشی کێشە و مەترسی دەبوو. لانیکەم دوادەکەوت، چونکە دەبوو بوەستێ و ئاگر بکاتەوە تا گۆرەوی و پووتەکانی وشک بکاتەوە. کەمێک ڕاوەستا و لە چەمەکە ڕاما، مەزەندەی کرد ئاوەکە لە لای ڕاستەوە بێت. کەمێکی تر ڕاما و لووت و گۆنای گەرم کردەوە و بەرەو لای چەپ ڕێی کرد. بە پارێزەوە هەنگاوی دەنا و پێش هەر هەنگاوێک، جێی پێدانانی تاقی دەکردەوە. کە لە مەترسی دەربازی بوو، ئەوسا مشتێ تۆباکۆی تازەی نایە دەمی و ئاوڕێکی لەو چوار میلەی کە بڕیبووی، دایەوە.

لە ماوەی دوو سەعاتی داهاتوودا تووشی چەند دانەیەکی تر لەو داوانە بوو. زۆربەی کات بەفری سەر ئەو ئاوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان سافتر و نزمتر لە ئەرزەکە نیشتبوون و مەترسییەکەیان ئاشکرا دەکرد. جارێکی تریش خەریک بوو تێی بکەوێت. بەڵام لەوەودوا ئیتر سەگەکەی لەپێش خۆیەوە ڕەوانە دەکرد. سەگەکە نەیدەویست لە پێشیەوە بڕوات، لەدواوە دەڕۆیشت، بەڵام پیاوەکە پاڵی پێوەدەنایە پێش خۆی، ئەوجا سەگەکە بە پرتاو بەسەر بەفرەکەدا ڕایدەکرد. لەپڕ شەختە لەژێر پێیدا دەشکا و ڕایدەکردە ئەو لایەی کە

بەفرەکەی ڕەقتر بوو. قاچەکانی پێشەوەی تەڕ دەبوون و هەر زوو ئاوەکە بە پێیەکانیەوە دەیبەست. خێراخێرا زمانی بە بەفرەکەی قاچیدا دەهێنا تا بیتوێنێتەوە؛ لە بەفرەکەدا چیچکەی کرد و کەوتە گازگرتن و شکاندنی ئەو ئاوەی بە قاچیەوە بووبووە شەختە. ئەمەی بە غەریزە دەکرد. ئاخر ئەگەر لێگەڕایە بەفرەکە بە قاچیەوە بمایە؛ ئەوا دەبووە مایەی ئازار. سەگەکە ئەمەی نەدەزانی؛ بەڵکو زۆر سادەوساکار گوێڕایەڵیی ئەو بزواندنە پەنهانانەی دەکرد کە لە قووڵایی بوونیەوە هەڵدەقوڵین. بەڵام پیاوەکە دەیزانی و دەستکێشەکەی دەستی ڕاستی داکەند و کەوتە لێکردنەوەی پارچە شەختە لە خۆی. خولەکێک زیاتری پێ نەچوو دەستکێشەکەی کردەوە دەستی و واقی لە سڕبوونی ناکاوی دەستی وڕ ما. هەر بەڕاستی سارد بوو. زووبەزوو دەستکێشەکەی کردەوە دەستی و دەستوپلە سڕبووەکەی بە سنگیدا کوتا.

ڕووناکترین کات سەعات دوازدە بوو. بەڵام خۆر هێند دوور بوو؛ نەیدەتوانی ئاسۆ ڕووناک بکاتەوە. هەر بۆیە پیاوەکە بەو نیوەڕۆ ساماڵە چ سێبەرێکی نەبوو. سەعات دوازدە و نیوی ڕێک، پیاوەکە گەیشتە دووڕییانی چەمەکە. دڵخۆش بوو بەوەی لە کاتی خۆیدا گەیشتووە. ئەگەر بە هەمان ئەو خێراییە بەردەوام با، ئەوا بە دڵنیاییەوە سەعات شەش لای کوڕەکان دەبوو. قۆپچەی چاکەت و کراسەکەی کردنەوە و خواردنەکەی دەرهێنا. بە هەمووی چارەکە خولەکێکی پێ نەچوو؛ کەچی هەستی بە سڕبوونی پەنجەکانی و ئەو شوێنانەی کرد کە دانەپۆشرابوون. دەستکێشەکانی لە دەست دانەکەندن، بەڵام بۆ خۆگەرمکردنەوە چەند جارێک توند پەنجەکانی بە لاڕانیدا کێشا. لەسەر کۆتەرەدارێکی بەبەفرپۆشراو دانیشت تا

چـۆرەکەکەی بخـوات. دەسـتی هێنـد زوو دەرچـی؛ فریـا نەدەکەوت گەرمـی بکـاتەوە؛ گـازێکی لە چـۆرەکەکە دەگـرت و دەستی بە لاڕانی دا تا سڕ نەبێت، دەکێشایەوە، گازێکی تری لە چۆرەکەکـە دەگـرت و ئـەو دەسـتەی تـری گەرم دەکـردەوە کە چۆرەکەکەی پێ گرتبوو. ویسـتی قەپێکی گەورەی لـێ بـدات، بەڵام لەبەر دەموپلە شـەختەبووەکەی نەیدەتوانی دەم بکاتەوە. ئەقڵـی پـێ نەدەشـکا ئاگرێـک بکـاتەوە تـا سـەهۆڵی گیـان و دەمـوپلی بتـوێنێتەوە. پێکەنینـی بە گەمژەیـی خـۆی هـات و هەستی بە سڕبوونی زیاتری پەنجەکانی دەکرد. کاتێ یەکەم جـار دانیشـت؛ هەسـتی دەکـرد چیـدی ئاگـای لە کەسـیرەیی پەنجەکانی پێوپلیشی نییە. نەیدەزانی ئاخۆ گەرمیان بووەتـەوە، یان ئەوانیش سڕ بوون. پەنجەکانی لەناو پووتەکاندا جووڵانـدن و بۆی دەرکەوت کە سڕ بوون.
هەر زوو دەستکێشەکانی کردنەوە دەست و هەستایە سەر پێ. کەمێـک ترسـی لـێ نیشـت. چەنـد جارێـک قـاچی کوتـا بە ئەرزەکەدا تا ئازاری تێبێتەوە. دیسـان وەبیری هـاتەوە کە هەر بەڕاسـتی سـاردە. ئەو پیـاوەی لە چەمـی گـۆگرد باسـی سـەرماکەی بـۆ کردبـوو، ڕاسـتی گوتبـوو. ئەم ئەوسـا پێـی پێکەنیبوو! مرۆڤ نابێ زۆر لە شت دڵنیا بێت. چ گومانێکی تێدا نەبـوو، سـارد بـوو. پیـاوەکە دەهـات و دەچـوو، قـاچی بە ئەرزەکەدا دەکوتا و قۆڵی ڕادەوەشاند تـا هەستی کرد کەمێک گەرماییـان تـێگەڕاوە. ئەوسـا شـخارتەی دەرهێنـا تـا ئاگرێـک بکـاتەوە؛ لە بـن دارەکـانەوە چیلکەوچوێـڵ، کە ئـاوی بەهـاری پێشـوو لەگەڵ خۆیـدا هێنـابوونی، کـۆکردەوە. لە ئـاگرێکی بچووکەوە دەستی پێ کرد و هەرزوو ئاگرێکی گەورەی خۆش کـرد. لەبـەر ئاگرەکـەدا بەفـری دەموچـاوی دەتـوایەوە و

چۆرەکەکەشی خوارد. بۆ ساتێک گرەوی لە سەرما بردەوە. سەگەکەش ئاگرەکەی پێ خۆش بوو، بەشی ئەوە لێی نزیک بووبووەوە کە گەرمی ببێتەوە و بەشی ئەوەش خۆی دوور گرتبوو، کە نەسووتێ.
کە کابرا لە ئاگرکردنەوە بووەوە، پایپەکەی دەرهێنا و بە کەماڵی ئیسراحەت کێشای. دواتر دەستکێشەکانی لە دەست کردنەوە، کڵاوەکەی بەسەر گوێچکەکانیدا دادایەوە و ئاڕاستەی لای چەپی دووڕێیانەکەی گرتە بەر. سەگەکە پێی خۆش نەبوو هەستێ و بەرەو ئاگرەکە خۆی کێشایەوە. ئەم پیاوە نازانێت سەرما چییە. ڕەنگبێ هەموو نەوەکانی باووباپیرانیشی نەیانزانیبێ سەرما چییە؛ سەرمای ڕاستەقینە، سەرمای سەدوحەوت پلەی ژێر سفر. بەڵام سەگەکە دەیزانی؛ باووباپیرانیشی دەیانزانی و ئەمیش لەوانەوە دەیزانی. دەیزانی کە ڕۆیشتن لە سەرمایەکی ئاوها ترسناکدا، عاقیبەتی باش نییە. لە سەرمایەکی وادا دەبێ خۆت بخزێنیتە کونێک لەژێر بەفرەوە و جێیەکی گەرم بۆ خۆت خۆش بکەیت و چاوەڕێ بکەیت تا هەور ڕووی ئاسمان دەپۆشێت. لە لایەکی تریشەوە هۆگرییەکی تەواوەتی لەنێوان سەگەکە و پیاوەکەدا هەبوو. سەگەکە کۆیلە و ڕەنجبەری پیاوەکە بوو، تاکە نەوازش کە کرابێت بە قامچی بووە، یان ئەو نەڕەنەڕانە بووە کە هەڕەشەی هێنانی قامچییان پێ بووە. بۆیە سەگەکە چ هەوڵێکی نەدەدا ترسی خۆی پیشانی پیاوەکە بدات. ئەو خەمی پیاوەکەی نەبوو؛ لەبەر خاتری خۆی بوو کە دەیویست لای ئاگرەکەوە بمێنێتەوە. بەڵام کابرا فیکەی بۆ لێدا و بە دەنگی قامچی بانگی کرد، سەگەکەش بەرەو لای ڕایکرد.
پیاوەکە هەندێ تۆباکۆی تری نایە نێو دەمی و ڕیشێکی ڕەنگ عەنبەریی تری بۆ دروست دەبووەوە. شێی هەناسەی هەرزوو وەک تۆزێکی سپیی بەفر لە سمێڵ و برۆ و برژانگەکانی

دەنیشت. لەوە نەدەچوو لەم ڕێیەدا کانیاو هەبن، نزیکەی نیو سەعاتێک دەبوو هیچ کانیاوێک نەهاتبووە ڕێگەی. بەڵام لەناکاو؛ لە شوێنێکدا کە هیچ ئاماژەیەک نەبوو بۆ بوونی کانیاو و پێدەچوو ژێری بەفرە سپییەکە وشک بێت؛ کەوتە کانیاوێکەوە. کانیاوەکە قووڵ نەبوو. کە پێی نایەوە وشکانی، تا سەرئەژنۆی تەڕ بووبوو.
توورە بوو، نەفرەتی لە بەختی خۆی دەکرد. بە ئومێد بوو سەعات شەش لای کوڕەکان بێت لە کامپ، بەڵام ئەمە نزیکەی سەعاتێکی تر ماتڵی دەکرد، چونکە دەبوو ئاگر بکاتەوە و پووت و پێوپلی وشک بکاتەوە. دەبوو لەو سەرمایەدا ئەوە بکات. ئاوڕی بۆ بەرزایی ڕۆخی چەمەکە دایەوە و سەرنجی دا لە بن دارەکانەوە چڵوچێوی وشک هەن کە بەهاری پێشوو ئاو تا بەرزاییەکانی هێنابوون. چەند پارچەیەکی گەورەی لێ فڕێدانە سەر بەفرەکە تا ئاگرەکە لە بنەوەڕا هەڵایسێنێت. ئاگری تەڵەشخارتەکەی بە تەڵاشەدارێکەوە نا کە لە گیرفانیدا هەڵیگرتبوو و پاشان خستیە سەر پارچە دارە گەورەکانی بنەوە و ئاگرە بچووکەکەی بە گژوگیا خۆش کرد.
بەکاوەخۆ و بە وریاییەوە خەریکی ئاگرەکە بوو، باش دەیزانی یەخەگیری چ مەترسییەکە. تا ئاگرەکە خۆشتر دەبوو، ئەمیش وشکە گژوگیای زیاتری دەرخوارد دەدا. دادەنەوییەوە و چڵوچێوی تری لە بن دەوەنەکانەوە دەردەهێنا. دەیزانی نابێت هیچ هەڵەیەک بکات. کە پلەی گەرما بگاتە حەفتا ژێر سفر، ئیدی پیاو نابێت هیچ هەڵەیەک لە کردنەوەی ئاگردا بکات. ئەگەر بە لاقی وشکەوە هەڵەیەک بکات، دەتوانێت نیوە میلێک بە پێ بڕوات تا هەست و خوێن دەگەڕێنێتەوە بۆ گیانی. بەڵام هەرچی چەندێکیش ڕابکات؛ هەست و خوێن ناگەڕێنەوە بۆ

پێوپلێک کە تەڕ بووبن و بووبنە شەختە. تا خێراتر ڕابکات، زیاتر پێیوپلە تەڕەکەی دەیبەستێ.
پیاوەکە هەموو ئەوانەی دەزانین. پاییزی پێشوو پیرەکەی چەمی گۆگرد لەبارەی سەرمای لەم جۆرەوە ئامۆژگاری کردبوو، ئەم ئێستا قەدری ئەو قسانەی دەزانین. ئێستا چیتر هیچ هەستێک لە قاچیدا نەمابوو. تا ئاگرەکە بکاتەوە پێویستی کردبوو دەستکێشەکانی دابکەنێت، بۆیە زوو پەنجەکانی سڕ بووبوون. بە هۆی ڕۆیشتنەوە دڵی توانیبووی خوێن لە هەموو ئەندامەکانی جەستەیدا بسووڕێنێ، بەڵام هەر کە لە ڕۆیشتن کەوت، لێدانی دڵیشی خاو بووەوە. سەرمای گەردوون زەبری خۆی لەو سەرەنووکەی زەوی دەوەشاند کە بێ بەرگری مابوو، ئەمیش کە بۆ نەگبەتی لەو بەشەی زەویدا بوو، تەواوی ئەو زەبرەی بەردەکەوت. بەر لە خۆی، خوێنی جەستەی خۆی لە گیانیدا لوول کرد و شاردەوە. خوێنەکە زیندووبوو، ئەمیش وەک سەگەکە دەیویست خۆی لە سەرما حەشار بدات. گەر لە سەعاتێکدا چوار میل ڕۆیشتبا؛ ئەوا خوێن، گەرچی بە خاوەخاوییش بێت، دەگەیشتە ڕووکاری جەستەی. بەڵام ئێستا خوێن کشابووەوە بۆ قووڵاییەکانی جەستەی. یەکەمین شت دەستوپێی بوو کە هەستی بە دابڕانی خوێن تیایدا دەکرد. سەرما پێوپلە تەڕەکەی دەبرد و پەنجە ڕووتەکانیشی دەڕچین. سەرما لووت و گۆنای دەبرد و پێستی جەستەی لەگەڵ نەمانی خوێن تیایدا، دەتەزی.
بەڵام خۆی سەلامەت بوو. سەرما تەنها پەنجەی پێ و لووت و گۆنای دەبرد، چونکە ئاگرەکە بە تین دەسووتا. ئێستا چیلکەوچوێڵی گەورەی، بە ئەستوورایی پەنجەی خۆی، تێدەخست. هەر دەقیقەیەکی تر و ئیدی دەیتوانی داری ئەستووری هێندەی مەچەکی خۆی بسووتێنێ. ئەوسا

دەیتوانی جلکە تەڕەکانی دابکەنێت و تا وشک دەبێتەوە؛ خۆیشی لەبەر ئاگرەکەدا گەرم بکاتەوە. ئاگرەکە سەرکەوتنێک بوو. ئەم سەلامەت بوو. ئامۆژگاریی پیرەکەی چەمی گۆگردی بیر هاتەوە و زەردەی هاتێ. پیرەکە زۆر جیددییانە کردبوویە یاسا کە هیچ پیاوێک نابێ لە کلۆندایک بە تەنیا لە سەرمای ژێر پەنجادا سەفەر بکات. دەی خۆ وا ئەم سەفەری دەکرد، ڕووداوێکیشی لێ ڕوودا‌وە؛ بە تەنیایشە؛ خۆیشی ڕزگار کردووە. پێی وا بوو ئەو پیرانە، هەندێکیان، نەختێ ترسنۆکن. پیاو هەر هێندە بتوانێت ئارام بگرێت، ئیدی هیچی لێ نایەت. پیاوێک پیاو بێ، دەتوانێ بە تەنیا سەفەر بکات. بەڵام سەری سووڕ مابوو کە ئاوها بە خێرایی ڕوومەت و لووتی دەبوونە شەختە. باوەڕی نەدەکرد کە پەنجەکانیشی وا زوو سڕ ببن. هەر بەڕاستی گەرماییان تێدا نەمابوو، بە ئاستەم دەیتوانی بیانجوولێنێت و چیلکەیەکیان پێ بگرێت. دەستی دوور لە خۆی و لە جەستەی وەدیاردەکەوت. کاتێ دەستی لە چیلکەیەکەوە دەدا، دەبوو تەماشا بکات و بزانێت ئاخۆ گرتوویەتی، یان نا. دەمارەکانی نێوان خۆی و سەری پەنجەکانی پچڕابوون.

ئەمانە هیچی جێی خەمێکی ئەوتۆ نەبوون. گرنگ ئاگرەکە بوو، قرچەقرچ دەسووتا و هەر بڵێسەیەکی کە سەمای دەکرد، پەیمانی بەردەوامیی ژیانی دەدا. کابرا کەوتە کردنەوەی پووتەکانی. یەکپارچە سەهۆڵ بوون؛ گۆرەوییە ئەستوورە ئەڵمانییەکانی تا سەر ئەژنۆی وەک ئاسن ڕەق بووبوو؛ قەیتانی پووتەکانی وەک ئەوە وا بوو تووڵی پۆڵا بووبن و بە ئاگری کوورە بە کونی پووتەکانیەوە توابنەوە و لوولیان خواردبێ. کەمێک بە پەنجە سڕەکانیی خەریکیان بوو، بەڵام کە لە بێئەنجامییەکەی دڵنیا بوو، ئەوسا چەقۆکەی دەرکێشا.

بەڵام پێش ئەوەی قەیتانەکانی بپچڕێنێ، ئاگرەکە کوژایەوە. خەتای خۆی، یان ڕاستتر بڵێین، هەڵەی خۆی بوو. نەدەبوو

لەژێر سنەوبەرەکەدا ئاگرەکەی بکردایەتەوە. دەبوو لە جێیەکی کراوە و بەرفراواندا بیکردایەتەوە. بەڵام ئاسانتر بوو ڕاستەوخۆ چیلکە لە بن سنەوبەرەکەوە بهێنێت و یەکسەر فڕێیان بدەیتە ناو ئاگرەکەوە. ئەو دەرختەی ئەم ئاگرەکەی لەژێردا کردبووەوە، تۆپەڵەبەفر لەسەر هەر پەلکێکی نیشتبوو. چەندین هەفتە بوو با نەیخستبوو. هەر پەلکێک لەژێر کێشی بەفردا نەوی بوو. هەر جارێک چیلکەیەکی لە بن دارەکەوە دەرهێنابوو، کەمێک دارەکەی لەراندبوو- لەرەیەکی هەستپێنەکراو، بەڵام لەرەیەک بەشی ئەوە بکا کارەساتەکە بخوڵقێنێ. بەفری دوایین پەلکی درەختەکە کەوت بەسەر پەلکەکەی ژێریدا و ئەویش بەسەر ئەوەی ژێر خۆیدا، تا هەموو درەختەکەی گرتەوە و وەک هەرەس و لەناکاوێکدا کەوت بەسەر پیاوەکە و ئاگرەکەدا. ئاگرەکە ئەسەری نەما! ئێستا لەجێی ئاگرەکە تۆپەڵێ بەفری تازەی زبر و نارێک کەوتبوو.

کابرا شۆک بوو. وەک ئەوەی گوێی لە بڕیاری بەمردنسزادانی خۆی بووبێت. بۆ ساتێک وەستا و لەو جێیە ڕاما، کە ئاگرەکەی لێ کردبووەوە. ئەوسا ئارام بووەوە. ڕەنگبێ پیرەکەی چەمی گۆگرد ڕاستی کردبێ. ئەگەر هاوسەفەرێکی لەگەڵدا با، ئەوا ئێستا لە مەترسیدا نەدەبوو. هاوسەفەرەکەی ئاگرێکی دەکردەوە. تازە دەبوو ئەم خۆی ئاگرێکی تر بکاتەوە و ئەمجارەیان نابێت هەڵەی تێدا بکات. تەنانەت ئەگەر سەرکەوتووش بێت، چەند پەنجەیەکی پێی لەدەست دەدات. پێوپلی خراپ ڕچیبوون و تا ئاگری دووەمیشی دەکردەوە، کاتی دەویست.

ئەمە خایلەگەلی ئەو بوون، بەڵام ئەو دانەنیشتبوو بیریان لێ بکاتەوە. ئەم خایلانە بە مێشکیدا دەهاتن و دەچوون، لە کاتێکدا

کە ئەم مژوولی دانانی کۆتەرەدار بوو بۆ بن ئاگری دووەم. ئەمجارەیان لە شوێنێکی کراوەدا، کە هیچ دارێک نەتوانێت بیکوژێنێتەوە. دواتر پووشوپەڵاش و چیلکەی لە پاشماوەی ڕووبارەکەوە هێنا. نەیدەتوانی بە پەنجە لێکیان جیا بکاتەوە، بەڵکو بە چنگ و بە تۆپەڵ دەیهێنان. بەم جۆرەش گەلێک چیلکەی ڕزیو و قەوزەی تەڕی لەگەڵ تۆپەڵەکەدا بە دەستەوە دەهاتن، کە چ کەڵکێکیان بۆ ئاگرکردنەوە نەبوو. ئەو بە میتۆد ئیشی دەکرد، تەنانەت لقی گەورەشی دەهێنا بۆ پاش خۆشبوونی ئاگرەکە. بە درێژایی کات سەگەکە دانیشتبوو تەماشای پیاوەکەی دەکرد. جۆرێک لە مەیلی ئومێد لە چاوانیدا بوون؛ وەک ئاگربەخشێک تەماشای پیاوەکەی دەکرد. بەڵام ئاگرەکە بەکاوەخۆ دەگەشایەوە.

کە هەموو شت ئامادە بوو، پیاوەکە دەستی برد بۆ گیرفانی تا پارچەیەکی تر لە تەڵاشەدارە وشکەکە دەربهێنێت. هەرچەند نەیدەتوانی بە پەنجە هەستی پێ بکات؛ بەڵام دەیزانی تەڵاشەدارەکەی پێیە. کە بۆی دەگەڕا گوێی لە خشوهوڕی بوو. هەرچەند تەقەلای لەگەڵ دا، نەیتوانی بە دەست بیگرێت. دەشیزانی هەر چرکەیەک کە دەڕوات، قاچی زیاتر دەیبەستێ. ئەم خایلەیە تۆقاندبووی، بەڵام هەوڵی دا بیری لێ نەکاتەوە و خۆی ئارام کردەوە. دەستکێشەکانی بە ددان لە دەستی داکەندن و تا هێزی تیا بوو، قۆڵی بە کەلەکەیدا کێشا. بە دانیشتن و بە ڕاوەستانەوە هەمان شتی دووبارە کردەوە. سەگەکەش لە بەفرەکەدا چیچکەی کردبوو؛ کلکە گورگئاساکەی بەسەر قاچیدا گەرم داهێنابوو. گوێچکە قوتەکانیشی وریایانە ڕووەو پیاوەکە هەڵبڕیبوون. پیاوەکە کە خەریکی قۆڵ و باڵ وەشاندن بوو، ئیرەییەکی زۆر بەرانبەر سەگەکە دایگرت، کە

بۆخۆی گەرموگوڕ لەو بەفرەدا لەنێوفەرووی سروشتیی خۆیدا لێی دانیشتووە.
پاش ماوەیەک لە یەکەمین ئاماژەی گەڕانەوەی هەست بۆ پەنجەکانی، هۆشی هاتەوە. هەستی کرد باسکی مێرووله ئەکات، دواتر بووە ئازارێکی بەسوێ، پیاوەکە بەوە شاگەشکە بوو. دەستکێشەکەی لە دەستی ڕاستی داکەند و تەلاشەدارەکەی دەرهێنا. زووبەزوو پەنجە ڕووتەکانی سڕ بوونەوە. ئینجا شخارتە گۆگردەکانی دەرهێنان. بەڵام سەرما ژیانی لە پەنجەکانیدا نەهێشتبوو. لە هەوڵدانیدا بۆ جیاکردنەوەی تەڵێک شخارتە لەوانی تر، هەمووی لێ کەوتنە خوارەوە. ویستی لە بەفرەکەدا هەڵیان بگرێتەوە، بەڵام بێهوودە بوو. پەنجە مردووەکانی نەیاندەتوانی، نە گۆیان دەکرد و نە هیچیان پێ دەگیرا. کابرا زۆر بەئاگا بوو. ڕێی بە خۆی نەدەدا بیر لە سڕبوونی لاق و لووت و ڕوومەتی بکاتەوە. بوونی خۆی بۆ تەڵەشخارتەکان تەرخان کردبوو. لەبری هەستی دەستلێدان؛ پشتی بە بینین بەستبوو. کە دەیبینی پەنجەکانی دەوری کۆمەڵێک تەڵەشخارتەیان داوە؛ دەنووقان – هەرنەبێ هەوڵی دەدا بیاننوقێنێ، چونکە پەنجەکانی فەرمانیان پێ نەدەگەیشت. دەستکێشەکەی کردەوە دەستی ڕاستی و بە ئەژنۆیدا کێشا. ئەوسا بە هەردوو دەستی، تەڵەشخارتەکانی بە کۆمەڵ بە تۆپەڵێک بەفرەوە بۆ ناو کۆشی هەڵگرتنەوە.
پاش ماوەیەک هەوڵدان، توانیی تەڵەشخارتەکان بخاتەر سەر لەپی دەستی و بە دەم بیانگرێت. تەقەلای دا دەمیش بکاتەوە و سەهۆڵ و شەختەی دەمولێویشی بشکێنێ. بە لێو تەڵەشخارتەیەکی لە تەڵەکانی تر جیا کردەوە. لێی کەوتە ناو کۆشی و نەیتوانی هەڵیبگرێتەوە. ئەمجارە بە شێوەیەکی تر

هەوڵی دا. بە ددان هەڵیگرتەوە و هێنای بە لاڕانیدا. بیست جار هێنای بە لاڕانیدا تا دایگیرساند. بە گڕەکەوە بە ددان گرتبووی و هەولی دەدا تەلاشەدارەکەی پێ دابگیرسێنێت. بەڵام دووکەڵی گۆگردەکە چوو بە کونەلووت و سینگیدا و خستیە کۆکە و شخارتەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و لە بەفرەکەدا کوژایەوە.
لە ساتەوەختی نائومێدییەکی جڵەوکراودا بیری کەوتەوە، پیرەکەی چەمی گۆگرد ڕاست دەکا کە وتبووی: لە پەنجا پلەی ژێر سفردا پیاو دەبێ لەگەڵ هاوسەفەرێکدا سەفەر بکات. دەستی کوتا، بەڵام چ هەستێکی تێنەگەڕایەوە. لەپڕ دەستکێشەکانی بە ددان لە هەردوو دەستی داکەندن و تەڵەشخارتەکانی لە لەپی ڕووتی دەستی نان. ماسوولکەکانی قۆڵی هێشتا لە کار نەکەوتبوون و بە هۆیانەوە دەیتوانی تەڵەشخارتەکان توند بە مەچەک بگرێت و بە لاڕانیدا بیانهێنێت. هەر حەفتا تەڵەشخارتەکە گڕیان گرت. ڕووی وەرگێڕا تا بۆنی ناخۆشی گۆگردەگە نەچێت بە قوڕگیدا. لە کاتێکدا ئاگرەکەی دەنا بە تەلاشە دارەکەوە، هەستی دەکرد جووڵە دەکەوێتەوە دەستی. بۆنی پێستی دەستی دەکرد، کە دەسووتا. لەژێر پێستی دەستیەوە، لە قووڵاییەکانەوە هەستی بە ئازارێک دەکرد کە تا دەهات بەسۆتر دەبوو. بەوەشەوە بەرگەی دەگرت و لەرزۆکانە ئاگرەکەی لە تەلاشەدارەکە نزیک دەکردەوە. توێکڵەکەش زووبەزوو گڕی نەدەگرت، چونکە دەستی ڕووی لە گڕەکەی کردبوو.
دواجار نەیتوانی لەوە زیاتر بەرگەی ئازارەکە بگرێ و دەستی ڕاپسکاند. تەڵەشخارتەکان کەوتنە بەفرەکەوە. بەڵام توێکڵەدارەکە گڕی گرتبوو. وشکە گژوگیا و چیلکەوچوێڵی

پێکەوە فڕێ دەدانە ناو ئاگرەکە. نەیدەتوانی لێکیان بېژێرێ و لە یەکیـــان جیـــا بکـــاتەوە، بـــۆیە لەگەڵ هەڵگرتنـــی چیلکەوچوێڵەکەدا، داری ڕزیو و قەوزەی تەڕیشی بە دەستەوە دەهـــاتن و چەنـــدێک بـــۆی بکـــرایە، بە ددان دەیقرتانـــدن. بە تـامەزرۆییەکی سـەیر و بە وریـاییەوە لە ئـاگرەکەی دەنـۆڕی. ئـــاگر واتـــای ژیـــانی دەدا و نەدەبـــوو بکـــوژێتەوە. خـــوێن لە ڕووکـــاری جەســـتەی دەبـــڕا و بەرەو قووڵاییەکـــانی گیـــانی دەگەڕایەوە. مـــوچڕک بە گیانیـــدا دەهـــات. تۆپەڵێـــک قەوزەی گەورە کەوتە ناوەڕاستی ئـاگرەکە. ویستی پەلەپیتکەیەکی لـێ بـدا و لەنـاو ئـاگرەکەدا لای ببـات، بەڵام بە هـۆی مـوچڕک و گیانی لەرزۆکیەوە، پەلەپیتکەیەکی زیادلەپێویست توندی لێ دا و هاوسەنگیی ئاگرەکەی تێک دا. گڕەکە بڵاو بووەوە، هەوڵی دەدا کـــۆی بکـــاتەوە، بەڵام لەبەر هـــەڵلەرزین و مـــوچڕک نەیدەتوانی. هەر چیلکەیەک لەجێی خۆی دووکەڵێکی لێ بەرز دەبووەوە و ئیدی ئاگرەکە کوژایەوە. ئاگرکەرەوەکە شکستی هێنـــا، خەمســـاردانە لە دەوروبەری خـــۆی دەنـــۆڕی و نیگـــای دەکەوتە سەر سەگەکە، کە لەبەر پاشماوەی ئاگرە کوژاوەکە، لە بەفرەکەدا، لـە بەرامبـەری دەرکـەوتبوو، بە نـۆرە قاچەکـانی لەژێـر قورسـایی خۆیـدا دەجووڵانـد و جەسـتەی بـێ هـەدادان هەرجارە و بە لایەکدا دەخست.

بە بینینـی سـەگەکە بیرۆکەیەکـی بـۆ هـات. بەسـەرهاتی ئـەو پیـاوەی بیـرکەوتەوە کە لە زریانێکـدا گیـر دەخـوا؛ مانگـایەک دەکـوژێ و لەژێریـدا خـۆی پـەنا دەدا و بـەو جـۆرە خـۆی لە مـردن ڕزگـار دەکـا. ئەمـیش بەنیـاز بـوو سـەگەکە بکوژێـت و دەسـتەکانی لەبـن گەرمـای کەلاکەکەیـدا دابنـێ تـا هەسـتی تێبگەڕێتەوە. ئەوسا ئاگرێکی تری دەکردەوە. بـانگی سـەگەکەی

بۆ لای خۆی کرد؛ بەڵام لە دەنگیدا نەوایەکی ترس هەبوو کە ئاژەڵەکەی تۆقاند. ئاخر سەگەکە هەرگیز نەیبیستبوو پیاوەکە بەو جۆرە قسە بکات. شتێک لە ئارادا بوو کە سەگەکە بە سروشتی غەریزەی، لێی خانەگومان بوو – نەیدەزانی چ جۆرە مەترسییەک، بەڵام لە شوێنێک و بە جۆرێک، لە ناخیدا هەستی بە نییەتپیسیی پیاوەکە دەکرد. گوێچکەکانی شۆڕ کردنەوە و پەل و لاقی زیاتر جووڵەیان تێکەوت و جەستەی توندتر و خێراتر بەملاولادا دەبرد، بەڵام بەرەوپیری پیاوەکە نەچوو. پیاوەکە بە زگەخشکێ بەرەو لای سەگەکە هات. ئەم جووڵە نائاسایییە هێندەی تر سەگەکەی بەدگومان کرد و سەگەکە هێواش هێواش لەسەر لا پاشەوپاش گەڕایەوە دواوە.
پیاوەکە بۆ ساتێک لە بەفرەکەدا کروشکەی کرد و هەوڵی دا ئارام بێت. بە ددان دەستکێشەکانی لە دەست داکەندن و هەستایە سەر پێ. تەماشای ئەرزەکەی کرد تا دڵنیا بێت لەوەی کە هەر بەڕاستی بە پێوە ڕاوەستاوە، چونکە نەبوونی هەست لە پێوپلیدا، پەیوەندیی ئەوی بە ئەرزەوە پچڕیبوو. هەستانی پیاوەکە خەیاڵی خراپی لای سەگەکە ڕەواندەوە؛ کاتێکیش پیاوەکە بە حیرس و نەوای گۆکردنێکی پڕ لە هەڕەشەی قامچیلێدانەوە، بانگی کرد، سەگەکە وەک خووی هەمیشەیی؛ دڵسۆزیی خۆی نیشان دا و بەرەو ڕووی چوو. کاتێک تەواو لێی نزیک بووەوە؛ پیاوەکە کۆنترۆڵی لەدەست دا و پەلاماری سەگەکەی دا، بەڵام ئێجگار سەری سووڕ ما لە بێهێزی و بێبڕستیی دەست و بازووی، کە نەیدەتوانی بینوقێنێت و بینوشتێنێتەوە. بۆ ساتێک بیری چووبووەوە کە قۆڵی بەستوویەتی و بەردەوامیش دەیبەستێ. ئەمانە لە چاوتروکانێدا ڕوویان دا و پێش ئەوەی فریای ڕاکردن

بکەوێت؛ باوەشی بە سەگەکەدا کرد و توندتوند بە خۆیەوە نوساند. ئیدی بەو شێوەیە لە بەفرەکەدا دانیشت. سەگەکەش دەیقروسکاند و ددانی ڕیچ دەکردەوە و هەوڵی دەدا خۆی لە باوەشی پیاوەکە وەدەرنێت.

کابراش لەوەندە زیاتر کە بە سەگەکەوە لە باوەشیدا دانیشێت، هیچی تری پێ نەدەکرا. دەیزانی ناتوانێت سەگەکە بکوژێت. بەو دەست و بازووە بێهێزانەیەوە، نە دەیتوانی چەقۆکە لە کیفەکەی دەربهێنێت و نە دەشیتوانی لە سەگەکەی بوەشێنێت. سەگەکەی بەرەڵا کرد و ئەویش لە باوەشیدا فرتەی کرد. دە مەترێک لەولاوە هەڵوێستەی کرد و گوێیەکانی بۆ پێشەوە قوت کردنەوە و لە پیاوەکە ورد بووەوە. پیاوەکە سەیری خوارەوەی کرد تا دەستی ببینێتەوە؛ بینیی دەستی بە قۆڵیەوە شۆڕ بوونەتەوە. پێی سەیر بوو کە بنیادەم بنۆڕێت بزانێت دەستی کوا. بۆ پێنج خولەک بێوچان دەستی بە خۆیدا کوتا، تا کەمێ خوێن گەڕایەوە ڕووکاری جەستەی و موچڕکەکانی نەمان. بەڵام دەستی هیچ هەستیان تێنەگەڕایەوە. هەستی دەکرد وەک دوو کێشی قورس بە قۆڵیەوە هەڵواسراون.

ترسێکی بێزەوەر و دڵڕەقانە لە مردن دایدەگرت. ئەم ترسە بەسۆتر بوو کاتێک پەیی بەوە برد کە چیدی مەسەلەکە تەنیا بەشەختەبوونی دەست و پەنجەکانی نییە؛ بەڵکو مەسەلەی مان و نەمانە و بەخت چیدی یارویاوەری نییە. ئەوە زراوی برد و لە حەژمەتا کوێرانە بەرەو تووڵەڕێیەکەی قەراغ چەمەکە ڕایکرد. ترسێکی وەها دایدەگرت کە هەرگیز لە ژیانیدا ترسێکی ئاوهای بە چاوی خۆی نەبینیبوو. بەکاوەخۆ و بە پەلەکوتێ و هەڵتەک هەڵتەک بە بەفرەکەدا ڕۆیشت، تا دیسان ڕۆخی چەمەکە و سپیدارە ڕووتەکان و ئاسمانی بینییەوە. دوای

ڕاکردنەکە هەستی بە باشیی کرد و چیدی هەڵنەدەلەرزی. پێی وا بوو ئەگەر بەردەوام بێت لە ڕاکردن؛ ئەوا ڕەنگبێ خوێن بۆ پێوپلی بگەڕێتەوە؛ ئەگەر زۆرتریش ڕابکات، ئەوا بۆی هەیە بگاتە کامپ لای کوڕەکان. بێگومان بەفر چەند قامکێکی دەست و پێ و چەند بەشێکی دەمووچاوی دەبا؛ بەڵام کوڕەکان هەتوانیان دەکرد و ئەودوای جەستەیان دەپاراست. لە هەمان کاتیشدا خایلەیەکی تر لە کەللەی دەدا، کە ئەو هەرگیز ناگاتە کامپ و لای کوڕەکان؛ ئاخر ئەوان چەندین میل دوور بوون و ئەمیش بەفر پەیتاپەیتا پەنجەی دەبرد و ئەوەندەی نەدەخایاند ئازای ئەندامی دەبووە سەهۆڵ و ڕەق هەڵدەگەڕا. ئەم خایلەیەی لەدواوە دانا و ڕێگەی بە خۆی نەدەدا بیری لێ بکاتەوە. هەندێ جار خایلەکە دەهاتەوە ڕیزی پێشەوەی بیرکردنەوەی و خۆی دەسەپاند کە ببیسترێ، بەڵام ئەم بۆ دواوە پاڵی پێوە دەنایەوە و بیری بە لای شتگەلی تردا دەبرد.
پێی سەیر بوو بەو پێوپلەوە، کە هێند بەستبووی، هەستی نەدەکرد کەی بەر زەوی دەکەون، توانیبێتی ڕابکات. دەتگوت بە سەروو ڕووی بەفرەکەوە و بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە زەوییەوە هەبێت و وەک ئەوەی لە هەوادا بێ، ڕادەکات. بیری کەوتەوە کە جارێک لە جاران مێرکیورییەکی[1] باڵداری بینیبوو و بیری کردەوە ئاخۆ ئەویش هەمان ئەو هەستەی هەبووە کە بەسەر ڕووی زەویدا کشاوە.
تیۆریی ڕاکردنە بەرداوەمەکەی تا دەگەیشتە کامپ، هەڵەیەکی تێدا بوو: ئەویش ئەوە بوو ئیرادە و گوڕی نەبوو. چەند جارێک سەرسمی دا و بەملا و بەولادا لار بووەوە و کوور

[1] مێرکیوری: لە ئەفسانەی گریکیدا خوداوەندی پۆستە؛ خاوەنی جووتێک باڵە و نزیک لە ڕووی زەوییەوە دەفڕێت.

بووەوە و دواجار کەوت. ویستی هەستێتەوە، بەڵام نەیتوانی. بڕیاری دا دانیشێت و پشوو بدات، دواتریش تەنها هەر دەڕوات و ڕاناکات. کاتێ دانیشت و هەناسەی هێور بووەوە؛ هەستی کرد حاڵی باشە و گەرم داهاتووە. موچڕک بە گیانیدا نەدەهات و هەستی دەکرد تەزوویەکی گەرما بە سینگ و پشتیدا دێت. بەڵام هەست بێ و لە لووت و گۆنایدا نەبوو. ڕاکردن لووت و گۆنا و دەست و پێی گەرم نەکردبووەوە. پێی وا بوو بەشێکی زۆرتر لە دەست و پێی بووەتە شەختە و زیاتریش بەرەو ناوەڕاستی گیانی هەڵدەکشێ. هەوڵی دا ئەم خایلەیە لە مێشکی وەدەرنێ و بیر لە شتێکی تر بکاتەوە؛ دەیزانی ئەوە چ ترس و زەندەقچوونێک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. بەڵام خایلەکە هەر قوت دەبووەوە و بەردەوام خۆی بە بیرکردنەوەیدا دەکردەوە، تا شێوەی تەواوی جەستەی خۆی بە ڕەقەوەبوویی هاتە پێش چاو. ئەمە زۆری بۆ هێنا و کەوتەوە ڕاکردن. کاتێ خاو بووە و ڕۆیشتنی ئاسایی دەڕۆیشت، دیسان خایلەکە هاتەوە وێزەی و هەمدیس ئەمیش کەوتەوە ڕاکردن.

هەتا ئێستاش سەگەکە هەر لەگەڵیدا ڕایدەکرد. کاتێ پیاوەکە بۆ جاری دووەم کەوت، سەگەکە لە بەردەمیدا چیچکەی کرد و کلکی لە کڵافەوە نا و بە پارێزەوە دیقەتی لە کابرا دەدا. گەرمایی و دڵنیایی سەگەکە، ئەمی تووڕە کرد و تێرتێر سەگەکەی بە نەفرەت کرد. ئەمجارەیان زۆر زووتر موچڕک بە گیانیدا هات. خەریک بوو لەم جەنگەدا بە شەختەی دەدۆڕاند. لە هەموو لایەکەوە گیانی دەیبەست و دەبووە سەهۆڵ. لە ترسا کەوتەوە ڕاکردن، بەڵام نەیتوانی لە سەد هەنگاوێک زیاتر ڕاکات، بەدەمدا کەوت. ئەمە دوایین ترس بوو

لێی نیشت. هەناسەی هەڵکێشا و خۆی کۆنترۆڵ کرد. دانیشت و بیری لەوە کردەوە بە شکۆوە بەرەوپیری مردن بچێت. بەڵام خۆی بەو شێوەیە نەهاتە پێش چاو. پێی وا بوو وەک مریشکێکی سەربڕدراو زۆر ترسنۆکانە بە هەر چواردەوری خۆیدا دەخولێتەوە. پیاوەکە چیدی دەبووە پارچەیەک سەهۆڵ و باشتر وا بوو بە کەمێ حورمەتەوە قەبووڵی ئەو چارەنووسەی بکات. لەگەڵ ئەم خایلە نوێ و ئارامبەخشەدا یەکەمین وەنەوزەکانی لەهۆشخۆچوون بردیەوە. بە خەیاڵیدا هات شتێکی باشە کە مرۆڤ بەدەم خەولێکەوتنەوە بمرێت. ئەوە عەینەن کاریگەریی ماددەی بێهۆشکەر وایە. ڕەقبوونەوە وەک خەڵکی باسی دەکەن، ئێجگار ئەوەندە ناخۆش نییە. مردن گەلێک جۆری خراپتری هەیە.

هاتە بەرچاوی کە کوڕەکان سبەینێ لاشەی بەشەختەبووی دەدۆزنەوە. خۆی بینی لەگەڵ ئەواندا بە ڕێگەکەدا دێت و لە خۆی دەگەڕێت. لەگەڵ ئەواندا بە ڕێیەکەدا پێچ دەکاتەوە و خۆی کەوتووی لە بەفرەکەدا دەدۆزێتەوە. پیاوەکە چیدی خاوەنی خۆی نەبوو، لە خۆی هاتبووە دەرەوە، لەگەڵ کوڕەکاندا وەستابوو، تەماشای خۆی لە بەفرەکەدا دەکرد. بیری لەوە دەکردەوە کە هەر بەڕاستی ساردە. کە گەڕایەوە بۆ ئەمەریکا، دەیتوانی بۆ کەسوکاری بگێڕێتەوە سەرمای ڕاستەقینە چۆنە. لێرەوە خەیاڵی چووەوە سەر پیرەکەی چەمی گۆگرد. تەواو بە ڕوونی هاتە پێش چاوی کە پیرە گەرموگوڕ جێی خۆی خۆش دەکا و پایپ دەکێشێت.

لەژێر لێوەوە بە پیرەکەی چەمی گۆگردی گوت: "تۆ ڕاستت کرد، هەی پیرەی قۆشمە، تۆ ڕاستت دەکرد."

پاشان پیاوەکە ڕۆچووەوە خۆشترین و ئاسوودەترین خەوێکەوە، کە تا ئەوکاتە بینیبووی. سەگەکە بەرانبەری

هەڵتروشکا و چاوەڕێی دەکرد. ڕۆژەکە بە درێژبوونەوەی کاوەخۆی ئاسۆ کۆتایی هات. لەوە نەدەچوو چ ئاگرێک بکرێتەوە و جگە لەوەش سەگەکە هەرگیز لە ژیانیدا چ کەسێکی نەناسیبوو، کە لە سەرمایەکی ئاوهادا بەبێ ئاگر دانیشێت. لەگەڵ تاریکبوونی ئاسۆدا، سەگەکە زیاتر و زیاتر هەستی بە پێداویستیی ئاگر دەکرد. لاقەکانی بە ئاماژەی ڕۆیشتن دەهێنان و دەبردن و قروسکەقروسکێکی دەکرد و چاوەڕوان بوو پیاوەکە فەرمانی نەجووڵانی پێ بدات. بەڵام کابرا متەقی لێوە نەدەهات. سەگەکە بەرزتر دەیقروسکاند و لە پیاوەکە نزیک دەبووەوە و بۆنی مردنی دەکرد. ئەمەش وای لە ئاژەڵەکە کرد پاشەوپاش بپرینگێتەوە. تاوێکی تریش خۆی خەلافاند و لەژێر درەوشەی ئەستێرەکانی ئەو ئاسمانە ساردەدا دەیقروسکاند. پاشان بەرەو کامپ ڕووی وەرگێڕا و بەرەو لای خەڵکانێک ملی ڕێی گرتە بەر، کە ئاگر و خواردنیان لە لا دەستدەکەوت.

*جاک لەندەن (١٨٧٦ – ١٩١٦) نووسەر و ڕۆژنامەوان و چالاکوانی ئەمەریکی. لە نووسینی فیکشیۆندا پێشەنگ بووە و یەکەمین نووسەرە کە بە هۆی فیکشیۆنەوە بووەتە خاوەنی ناوبانگێکی جیهانی و سەروەتوسامانێکی گەورە. کاتێک فلۆرای دایکی؛ بە جاک دووگیان دەبێ، مێردەکەی داوای لەباربردنی دەکا، بەڵام فلۆرا قایل نابێ؛ دواتر فلۆرا دەبێتە هاوسەری جۆن لەندەن و لەگەڵ ئەودا جاک گەورە دەکا. کاتێک جاک خوێندکاری زانکۆ دەبێت، سۆراخی باوکی دەکات و نامەی بۆ دەنووسێت، باوکیشی لە نامەیەکدا پێی دەڵێت کە ئەو هەرگیز نەیتوانیوە منداڵی ببێت و نکووڵی لە باوکێتیی خۆی دەکات. جاک بەم هەواڵە زۆر نیگەران دەبێت؛ واز لە زانکۆ دەهێنێت و دەچێت بۆ کارکردن لە کانی ئاڵتوونی کلۆندایک. لێرەوە جاک هەست بە ئێشوئازارەکانی چینی کرێکاران دەکات و دەبێتە چالاکوانێکی داکۆکیکەر لە مافی کرێکاران. هەندێک لە چیرۆکە دیارەکانی لەندەن بریتین لە "کەڵبەی سپی"، "خۆشویستنی ژیان" و "مروارییەکانی پارلای".

# حیسابی بانک

## ستیڤن لیکۆک

کاتێک دەچمە بانکەوە زەندەقم دەچێت. فەرمانبەرەکان زەندەقم دەبەن؛ مێزەکان دەمتۆقێنن؛ بینینی پارە زەندەقم دەبات؛ لە هەموو شتێکی زەندەقم دەچێت. هەر کە پێ دەنێمە ئەودیو دەرگەی بانکەوە، دەبمە گەمژەیەکی نابەرپرسیار.
من پێشتر دەمزانی کە ئاوهام، بەڵام مووچەی مانگانەم بووبووە مانگی پەنجا دۆلار و پێم وا بوو بانک تاکە شوێن بێ بۆ هەڵگرتنی.
بە لەرزەلەرز چوومە ژوورەوە و بە ترسەوە لە فەرمانبەرەکانم ڕوانی. پێم وا بوو کەسێک کە حیسابی بانک بکاتەوە، دەبێت قسە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەدا بکات.
چوومە پێشەوە لە مێزێک کە لێی نووسرابوو "ژمێریار". کابرای ژمێریار ئیبلیسێکی درێژی خۆبەشتزان بوو. هەر بە بینینی زەندەقم چوو. بە دەنگێک قسەم دەکرد دەتگوت لە گۆڕ هاتوومە دەرێ.
گوتم، "دەتوانم بەڕێوەبەرەکە ببینم؟" ئنجا وتم، "بە تەنیا." نازانم بۆچی ئەو "بە تەنیا"یەم بۆ زیاد کرد.

ژمێریارەکە وتی "بێگومان" و بەڕێوەبەرەکەی بانگ کرد.
بەڕێوەبەر کابرایەکی جیددی و لەسەرخۆ بوو. من پەنجاوشەش دۆلارەکەم لە دەستمدا لەناو گیرفانمدا گرمۆڵە کردبوو.
وتم "تۆ بەڕێوەبەرەکەی؟" خۆ وەنەبێ گومانیشم هەبێ کە ئەو نەبێ.
وتی، "بەڵێ."
وتم، "دەتوانم بتبینم؟" ئنجا وتم، "بە تەنیا." نەمدەویست دیسانەوە ئەم "بە تەنیا"یە بڵێم، بەڵام بەبێ ئەوە پرسیارەکەم بێمانا دەردەکەوت.
بەڕێوەبەرەکە نەختێک نیگەرانانە تەماشای کردم. وای دەزانی نهێنییەکی زۆر گەورەم حەشارداوە.
بەرەو ژوورێکی عەلاحەددە ڕێنوێنیی کردم و دەرگەکەی لەدوامەوە پێوە دا. وتی "فەرموو، لێرە کەس قسەمان پێ نابڕێ."
هەردووکمان دانیشتین و سەیری یەکتریمان کرد. من نەمدەزانی چی بڵێم.
ئەو وتی "پێدەچێ تۆ یەکێک بیت لە پشکنەرەکانی دەزگای پینکەرتن."
هەڵسوکەوتی سەیروسەمەرانەی من وای لێ کردبوو وا بزانێت من پشکنەرم. دەمزانی ئەو بیر لە چی دەکاتەوە و ئەوەش ئەوەندەی تر منی شڵەژاندبوو.
وتم "نا، نەخێر من سەر بە پینکەرتن نیم،" وەک ئەوەی هەر بەڕاست پشکنەر بم، بەڵام سەر بە دەزگای پینکەرتن نەبم.
وەک ئەوەی یەکێک ناچاری کردبم ئەو هەموو درۆیە بکەم، وتم "لە ڕاستیدا من پشکنەر نیم، هاتووم حیسابێکی بانک بکەمەوە. دەمەوێ هەموو پارەکانم لەم بانکە دابنێم."

بەڕێوەبەرەکە بە خۆیدا هاتەوە، بەڵام جیدییانە بوو؛ ئێستا پێی وا بوو ئەندامێکی ئێجگار دەوڵەمەندم لە عەشیرەتی ڕۆسچایەڵد.
وتی "هەڵبەت حیسابێکی زل و قەبە."
بە هێواشی وتم "بەڵێ، بەشی خۆی قەبە. دەمەوێ ئێستا بڕی پەنجاوشەش دۆلار بخەمە حیسابەکەوە و دواتریش مانگانە بڕی پەنجا دۆلاری تێدا دانێم."
بەڕێوەبەرەکە هەستا و دەرگەکەی کردەوە و بانگی ژمێریارەکەی کرد.
بە دەنگێکی بەرزی نامیهرەبانانە هاواری کرد "میستەر مۆنتگەمری، ئەم مێرخاسە ئەیەوێ حیسابێکی بۆ بکەیتەوە. بەنیازە پەنجاوشەش دۆلاری تێدا دابنێت. بەیانیت باش."
هەستامە سەر پێ.
بەیانی باشم کرد و بینیم دەرگەیەکی ئەستووری ئاسنین کرایەوە. چوومە ئەودیو دەرگەکەوە، تومەس گەنجینەکە بوو.
بەڕێوەبەرەکە نەڕاندی "وەرە دەرێ لەوێ." ئاماژەی دا کە بۆ ژوورەکەی ئەولاتر بڕۆم. چوومە لای مێزی ژمێریارەکە و وەک ئەوەی فێڵێکی سیحری بکەم، تۆپەڵە پارەکەمم هەڵدا بۆی. ڕەنگ لە ڕووم پەڕیبوو.
وتم "هانێ، بیخە حیسابەکەمەوە." تۆنی دەنگم لەوە دەچوو مەبەستم لەوە بێ بڵێم "ئەو ئیشەم لە کۆڵ بکەرەوە تا هەردووکمان تاقەتمان لەبەر نەبڕاوە."
پارەکەی وەرگرت و دای بە فەرمانبەرێکی تر. وتی ئەبێ بڕی پارەکە بنووسیت و واژۆی خۆت لەسەر ئەو تۆمارە بکەیت. لەمە بەدوا خۆشم نەمدەزانی چی دەکەم. بانکەکە لەبەر چاوم دەخولایەوە.

بە دەنگێکی لەرزۆک و گوماناوی برسیم "ئێستا هەمووی لە حیسابەکەدایە؟"
ژمێریارەکە وتی "بەڵێ."
"کەواتە ئەمەوێ چەکێک بنووسم."
من نیازم وا بوو شەش دۆلاری بۆ خەرجیی ئێستام لێ دەربکەم. کەسێک دەفتەری چەکەکەی دامێ و کەسێکی تر پێشانی دام چۆناوچۆنی چەک بنووسم. خەڵکی بانکەکە وەها مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم، وەک ئەوەی پیاوێکی ملیۆنێر، بەڵام ناساغ بم. شتێکم لەسەر چەکەکە نووسی و دام بە فەرمانبەرەکە. ئەویش سەیری کرد.
بە سەرسوورمانەوە وتی "چی! ئەتەوێ هەمووی دەربکەیتەوە؟" ئەوسا زانیم کە لەبری ئەوەی بنووسم شەش دۆلار، پەنجاوشەشم نووسیوە. نارەحەت بووم و حەوسەڵەم نەبوو هەڵەکەم ڕوون بکەمەوە. هەموو فەرمانبەرەکانیش لە کاری خۆیان وەستابوون و زەقزەق تەماشای منیان دەکرد.
دەبوو بڕیارێک بدەم.
"بەڵێ، هەمووی."
"ئەتەوێ پارەکەت لە بانک ڕاکێشیتەوە؟"
"بەڵێ، دوایین سەنتی ڕادەکێشمەوە."
"بەنیازیش نییت هیچ پارەی تری تێبخەیت؟"
"هەرگیز."
ئومێدێکی گەمژانەم تێگەڕا کە بەڵکو وا تێبگەن کە لە کاتی نووسینی چەکەکەدا دڵم لە شتێک ڕەنجاوە و ڕام بەرامبەر بە بانکەکە گۆڕیوە. هەوڵێکی بێهوودانەم دا کە وەک پیاو دەرکەوم، پیاوێکی جیکڵدانەبچووک.
فەرمانبەرەکە خەریکی ئامادەکردنی پارەکە بوو.

وتی "قوربان، چۆن بتدەمێ؟"
ئۆهـ لەمەیان چاک تێگەیشتم و بێ بیرکردنەوە وەڵام دایەوە و وتم "بە پەنجایی."
یەک دانە پەنجا دۆلاریی دامەوە.
بە ساردییەکەوە وتی "ئەی شەش دۆلارەکە؟"
"بە شەش دۆلاری."
شەش تاک دۆلاری دامەوە و تێمفرتاند.
هەر کە دەرگاکە لەدوامەوە داخرا، گوێم لێ بوو تا بنمیچی بانکەکە هارەی پێکەنین بەرز بووەوە. لەو کاتەوە ئیتر دوو پێم نەخستووەتەوە بانک. پارەکانم لە گیرفانی پانتۆڵەکەمدا هەڵدەگرم و پاشەکەوتەکەیشم بە لیرە لە تاکێک گۆرەویدا کۆدەکەمەوە.

# ماشێنەکە دەوەستێت

**ئێدوارد مۆرگن فۆرستەر**
**E.M. Forster**

**١٩٠٩**

## گالیسکە هەواییەکە

وێنای بکە، گەر دەتوانی ژوورێکی بچووک، لە شێوەی خانەی هەنگ. ڕووناک، بەڵام نە بە هۆی پەنجەرەوە و نە بە هۆی گڵۆپەوە، کەچی ڕۆشنایییەکی نەرم ژوورەکەی پڕکردووەتەوە. هیچ ئامێری هەواگۆڕکێی نییە و کەچی هەواکەیشی تازەیە. هیچ ئامێرێکی موزیکی لێ نییە و کەچی ڕێک لەو ساتەدا کە مێدیتەیشنەکەم دەست پێ دەکات، ئەم ژوورە پڕ دەبێت لە ئاواز. کورسییەکی دەسکدار لە نێوەڕاستی ژوورەکەدایە، لە تەنیشتیشیەوە مێزێکی خوێندنەوە –ئەمە هەموو کەلوپەلی نێو ژوورەکەیە. لەنێو کورسییەکەدا، تۆپەڵێک گۆشتی هەڵپێچراو– ژنێک، دانیشتبوو، باڵا نزیکەی پێنج پێ، ڕوخساری وەک کەڕوو سپی. ژوورە بچکۆلەکە هیی ئەمە.

زەنگێکی کارەبایی لێی دا.

ژنەکە دەستی بە دوگمەیەکدا نا و مۆسیقاکە بێدەنگ بوو.

لە دەڵی خۆیدا وتی "دەبێ بزانم کێیە." کورسییەکەی وەجووڵە نا. کورسییەکەش وەک مۆسیقاکە، ئەلەکترۆنییانە کاری دەکرد

و ژنەکەی بەرەو ئەو لایەی ژوورەکە برد، کە هێشتا زەنگەکە لێیەوە نەبڕاوانە لێی دەدا.
ژنەکە وتی "کێیە؟" دەنگی بێزاریی پێوە دیاربوو، چونکە چەند جارێک لە مۆسیقاکەی دابڕێندرابوو. ژنەکە چەند هەزار کەسێکی دەناسی، لە هەندێ ڕووەوە هاموشۆ لەگەڵ خەڵکدا برەوی سەندبوو.
بەڵام کاتێک گوێی نا بە سەماعەکەوە، ڕووخسارە سپییەکەی بە هۆی زەردەخەنەوە چرچ بوو و وتی:
"زۆر باشە، با قسە بکەین، خۆم ئۆفلاین دەکەم. پێم وا نییە شتێکی گرنگی ئەوتۆ لەم پێنج دەققەیەدا ڕوو بدات – بۆیە دەتوانم پێنج دەقیقەی تەواوت بدەمێ، کونۆ. پاشان دەبێ وانەکەم لەبارەی "مۆسیقا لە زەمەنی ئوستراليدا" بڵێمەوە.
ژنەکە دەستی بە دوگمەی ئۆفلاینەکەدا نا، تا کەسی تر نەتوانێ لەو ماوەیەدا پەیوەندیی پێوە بگرێت. پاشان دەستی نا بە ئامێری ڕووناکییەکەدا و ژووره بچکۆلەکە نوقمی تاریکی بوو.
هاواری کرد "زووکە، کونۆ؛ زووکە ئەوەتا من لەم تاریکییەدا کات دەکوژم."
تەنیا پازدە چرکەی پێ چوو تا ئەو دەفرە بە دەستیەوە بوو ڕووناکیی تێکەڕا و ڕۆشنایی کاڵی شینی تێکەوت و پاشان گۆڕا بە مۆر، تا وردەوردە ئێستا دەیتوانی ڕوخساری کوڕەکەی، کە لە دیوی ئەودیوی زەوییەوە دەژیا، ببینێت و ئەویش دەیتوانی ئەم ببینێت.
"ئای کونۆ، تۆ چەند خاویت."
کونۆ زەردەیەکی جیدییانەی کرد.
"پێم وایە حەزت لە خۆخلافاندنە."
"پێشتر پەیوەندیم پێوە کردوویت، دایکە، بەڵام تۆ هەمیشە یان سەرقاڵ بوویت، یان دابڕاو بوویت. ئێستا دەمەوێ باسی شتێکی دیاریکراو بکەم."

"چییە کوڕی ئازیزم؟ دەی زوو. نەتدەتوانی بە پۆستی هەواییدا بینێریت؟"
"لەبەر ئەوەی پێم باشترە خۆم بیڵێم. دەمەوێ--"
"دەتەوێ چی؟"
"ئەمەوێ بێیت و سەردانم بکەیت."
ڤاشتی تەماشای ڕووخساری کوڕەکەی خۆی کرد لە دەفرە شینەکەدا.
بە سەرسوورمانەوە وتی "بەڵام ئەوەتا دەتبینم. لەوە زیاتر چیت دەوێت؟"
کونۆ وتی "ئەمەوێ بتبینم، بەڵام لە ماشێنەکەوە نا. ئەمەوێ قسەت لەگەڵدا بکەم، بەڵام لەم ئامێرە بێگیانەوە نا."
دایکی بە سەرسوورمانێکی دوودڵانەوە وتی "ئۆ دە وس بە! هەق نییە هیچ لە دژی ماشێنەکە بڵێیت."
"بۆچی؟"
"نابێت."
کونۆ وتی "تۆ وا دەنوێنی وەک ئەوەی خودا ماشێنەکەی دروست کردبێت. پێم وا بێ لە کاتی دڵتەنگیدا لێیشی دەپاڕێیتەوە. بیرت نەچێت مرۆڤ دروستی کردووە. مرۆڤی بەتوانا، بەڵام مرۆڤ. ماشێنەکە گەلێک شتە، بەڵام هەموو شتێک نییە. شتێک دەبینم کە لە تۆ دەچێت لەم دەفرەوە، بەڵام خۆ خۆت نییت. شتێک دەبیستم لە دەنگی تۆ دەچێت لەم تەلەفۆنەوە، بەڵام خۆ دەنگی خۆت نییە. هەر بۆیە دەمەوێ بێیت. سەردانێکم بکە، تا ڕووبەڕوو یەکتر ببینین و باسی ئەو ئومێدانەت بۆ بکەم کە لە دڵمدان."
دایکی وەڵامی دایەوە کە زۆر بە دەگمەن دەتوانێت کات بۆ سەردانکردن دابنێت.

کونۆ وتی "خۆ گالیسکە هەواییەکە نزیکەی تەنیا دوو ڕۆژی پێدەچێت لەنێوان من و تۆدا."
"حەزم لە گالیسکە هەواییەکان نییە."
"بۆ؟"
"حەزم لە بینینی ڕەنگە قاوەییە قێزەونەکەی زەوی و زەریا و ئەستێرەکان نییە لە تاریکیدا. هیچ بیرۆکەم بۆ نایەت لە گالیسکە هەواییەکاندا."
کونۆ وتی "من تەنیا لەوێ بیرۆکەم بۆ دێت."
دایکی وتی "ئاسمان چ جۆرە بیرۆکەیەکت دەداتێ؟"
کونۆ بۆ ساتێک بێدەنگ بوو.
"ئەو چوار ئەستێرەیە دەزانیت کە فۆرمێکی درێژکۆلە دروست دەکەن، سێ ئەستێرەی تریش لەنێوان ئەو چوارەدا، سیانی تریش بەو سیانەوە شۆڕ بوونەتەوە؟"
"نەخێر، نازانم. حەزم لە ئەستێرە نییە. بەڵام ئایا هیچ بیرۆکەیەکیان داپتێ؟ چەند سەیرە: دەی پێم بڵێ."
"بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات کە لە پیاوێک دەچن."
"تێناگەم."
"چوار ئەستێرە گەورەکە هەردوو شان و هەردوو ئەژنۆی پیاوەکەن. سێ ئەستێرەکە وەک پشتێنن کە جاران پیاوان دەیانبەست، سێ ئەستێرەکەی تریش وەک شمشێرن بە قەدیەوە."
"شمشێر؟"
"وەختێ خۆی پیاوان شمشێریان هەڵگرتووە، تا ئاژەڵ و مرۆڤی تری پێ بکوژن."
"پێم وا نییە بیرۆکەیەکی زۆر باش بێت، بەڵام بێگومان فیکرەیەکی ئۆریجیناڵە. ئەمە کەی یەکەم جار بۆت هات؟"

"لە گالیسکە هەواییەکەدا —" کونۆ دەنگی نەما و دایکی وێنای کرد کونۆ پێی ناخۆش بێ، بەڵام دڵنیاش نەبوو، چونکە ئامێرەکە وردەکارییەکانی دەربڕینی ڕوخساری نەدەگەیاند. ئامێرەکە تەنیا بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی دەردەخست - شێوەیەک کە تا ڕاددەیەک کاری پراکتیکیی پێ دابین دەکرا......... ئاخر مرۆڤ دەمێک بوو بە شتگەلی "تا ڕاددەیەک باش" قایل بووبوو.

کوڕەکە درێژەی بە قسەکانی دا و وتی "ڕاستییەکەی، ئەمەوێت ئەستێرەکان ببینمەوە جارێکی تر. ئەستێرەگەلێکی سەرسووڕهێنەرن. نامەوێ لە گالیسکەوە بیانبینم، ئەمەوێ وەک هەزاران ساڵ لەمەوپێش، وەک باووباپیرانمان لە ڕووی زەوییەوە بیانبینم. ئەمەوێ سەردانی ڕووی زەوی بکەم."

دایکی ئەمجارەش حەپەسا.

"دایکە، دەبێ ببێت. خۆزگە پێت دەوتم سەردانکردنی ڕووی زەوی چ زیانێکی تێدایە."

دایک هەوڵی دا بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و وتی "زیانی نییە، بەڵام سوودیشی نییە. ڕووی زەوی تەنیا قوڕ و خۆڵە، سوودی چییە. ڕووی زەوی ژیانی تێدا نەماوە؛ مەگەر بە ئامێری هەناسەدان بتوانیت هەناسە بدەیت، دەنا سەرمای هەوای ڕووی زەوی دەتکوژێت. بنیادەم هەر زوو لە هەوای دەرەوەدا دەمرێت."

"دەزانم، بێگومان بە هەموو جۆرێک پارێزگاری لە خۆم دەکەم."

"پاشان..."

"پاشان چی؟"

دایکی ڕاما و وشەکانی بە پارێزەوە هەڵبژارد. کوڕەکەی سروشتێکی سەیروسەمەرەی هەبوو؛ ئەم دەیویست هانی بدات لەو گەشتە پەشیمان ببێتەوە.

وتــی "ئەو ســەفەرە بــۆ ڕووی زەوی دژی ڕای گشــتیی ئەم زەمەنەیە."
کونۆ وتی "مەبەستت ئەوەیە دژی ماشێنەکەیە؟"
"بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەڵام..."
وێنەی کوڕەکە لە دەفرە شینەکەدا کاڵ بووەوە.
"کونۆ!"
کونۆ خۆی ئۆفلاین کردبوو.
بۆ ساتێک ڤاشتی هەستی بە تەنیایی کرد.
ڤاشــتی گڵــۆپەکەی داگیرســاند و بە بینینــی ژوورە پــڕ لە ڕووناکی و دوگمە کارەباییە داگیرساوەکان، ژیانی تێگەڕا.
ژوورەکە پڕ بوو لە دوگمە و پلاک – دوگمە بۆ بانگکردنی خواردن و بۆ بیستنی مۆسیقا، بۆ جل لەبەرکردن. دوگمەی گەرمــاوی گەرم، کە بە دەســتپێدانانێک بــانوییەکی (شــێوە) مەڕمەڕ لە زەویــی ژوورەکەوە بەرز دەبــووەوە و تــا لێــواری بانیۆکە پڕ دەبوو لە ئاوی گەرمی دژەبۆن. دوگمەی حەمامی ســاردیش هەبــوو. دوگــمەیەک کە بــابەتی ئەدەبیــی دەهێنــا و بێگومــان دوگمەیەکــیش کە بە هــۆیەوە پەیوەنــدیی لەگەڵ هاوڕێکانی دەکرد. ژوورەکە هەرچەند هیچی تێدا نەبوو، بەڵام پەیوەست بوو بە هەموو ئەو شتانەوەی کە ئەم لە ژیاندا لای گرنگ بوون.
ڤاشتی هەر کە دوگمەی دابڕانەکەی کوژاندەوە، هەموو پەیامە کۆبووەوەکــانی ســێ دەقــقەی پێشــووی بە جارێــک بــۆ هــاتن. ژوورەکە پڕ بــوو لە دەنگی زەنــگ و ئــامێری قســەکردن. ئایــا خواردنە تازەکەی بە لاوە چۆن بوو؟ ئایا دەیتوانی پێشنیاری خــواردنەکە بکــات؟ بەو زوانە هــیچ بیرۆکەیــەکی بــۆ هــاتبوو؟ کەسێک دەیەوێ بیرۆکەی خۆی پێ بڵێ، ئایا ئەم ڕازییە پێی

بوتریێ؟ ئایا دەیەوێت سەردانی دایەنگە گشتییەکان بکات لە کاتێکی نزیکدا؟ بۆ نموونە لە فلان ڕۆژی فلان مانگدا.

وەلامی هەموو ئەم پرسیارانەی بە بێزارییەوە دایەوە — بێزاری سیفەتێکی باوی ئەو سەردەمە پێشکەوتووە بوو. وەلامی دایەوە کە خواردنە نوێیەکە زۆر خراپە. کە بە هۆی سەرقالییەوە ناتوانێت سەردانی دایەنگە گشتییەکان بکات. کە خۆی هیچ بیرۆکەیەکی تازەی بۆ نەهاتووە، بەلام دانەیەکی نوێی لە کەسێکەوە بیستووە: کە چوار ئەستێرە و سیان لە ناوەڕاستدا لە شێوەی پیاوێک دەچن: پێیشی وا نەبوو بیرۆکەیەکی ئەوتۆ بێت. ئینجا دوگمەی وەلامدانەوەکانی کوژاندەوە، چونکە کاتی ئەوە هاتبوو وانەی سەبارەت بە مۆسیقای ئوستورالی بلێتەوە.

دەمێک بوو سیستەمە شکستخواردووەکەی کۆبوونەوەی خەلکی، لە شوێنە گشتییەکاندا باوی نەمابوو؛ نە ڤاشتی و نە گوێگرەکانی لە ژوورەکانی خۆیان نەدەهاتنە دەرەوە. ڤاشتی لە کورسییەکەی خۆیەوە وانەی وتەوە، ئەوانیش لە کورسییەکانی خۆیاندا، تا ڕاددەیەک دەیانبیست و تا ڕادەیەک دەیانبینی. سەرەتای بابەتەکەی بە چیرۆکێکی پێکەنیناوی سەبارەت بە موزیکی سەردەمی پێش مەنگۆلییەکان دەستی پێ کرد و لەسەر تەوەری سەرهەلدانی لەناکاوی گۆرانی لەدوای داگیرکارییەکانی چین درێژەی بە وانەکە دا. سەرەتایی و دابڕاو بوون میتۆدەکانی ئای-سان-سۆ و سکولی بریسبەین، بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەم هەستی دەکرد (دەیشیوت) کە خوێندن لەبارەی ئەم موزیکانەوە دەشێ پاداشتی موزیکژەنی ئەم سەردەمە بداتەوە: ئاخر ئەوان تازەگەرییان تێدا بوو؛ لەوەیش گرنگتر، ئەوان بیرۆکەیان پێ بوو. وانەکەی کە دە

دەقیقـــەی خایانـــد، پێشـــوازییەکی باشـــی لـــێ کـــرا و لـــە کۆتاییەکەشیدا خۆی و زۆرێک لە گوێگرەکانی، لە کەنار دەریا، گوێیـان لـە وانەیـەک گـرت؛ ئـاخر بنیـادەم لـە کـەنار دەریـا بیرۆکـەی بۆ دەهـات؛ وانەبێژەکـە بـەو زوانـە لـە کـەنار دەریـا گەڕابووەوە، بێگومان بە ئامێری هەناسەدانەوە چووبوو. دواتر ڤاشتی نانی پێ درا و لەگەڵ چەند هاوڕێیـەک قسـەی کـرد و حەمامی کرد و بانگی لە تەختەخەوەکەی کرد.

تەختەخەوەکـە بـە دڵـی ئـەم نـەبوو. ئێجگـار گـەورە بـوو. ئـەم حـەزی بـە جێگـەی بچووک بـوو. سکاڵا بێسـوود بـوو، چونکـە هەموو تەختەخەوەکانی دنیا یەک قەبارە بوون. گـەر دانەیـەکی قەبارە جیاوازت بویستایە، ئـەوا دەبـوو گۆڕانکاریی گـەورە لـە پرۆگرامـی ماشـێنەکەدا بکرابایـە. ڤاشـتی خـۆی ئۆفلاین کـرد و کردی بە شەو، ئاخر لە ژێرزەویدا شـەو و ڕۆژ بوونیان نەبوو. خەیاڵی لە هەموو ئەو شتانە کردەوە کە پێش چوونـە نـاو جـێ، ڕوویـان دابـوو. بیرۆکـە؟ هیچـی وا نـەبوون. ڕووداو – ئایـا بانگهێشتەکەی کونۆ ڕووداو بوو؟

لـە تەنیشـتیەوە، لەسـەر مێـزە بچکۆلەکـە، شـتێک کـە لـە زەمـانی بێســەروبەری و دواکەوتوویــەوە مــابووەوە، دانرابــوو – کتێبێـک. ئەویش "کتێبی ماشێنەکە" بوو. تیایدا جۆرەهـا ڕێنومـایی هـەبوون لـە بەرانبەر هەر ئەگەرێکی نەخوازراودا. گەر خـاتوون گـەرمای بـوو، یان سەرمای بوو، یان دڵەکزێی هـەبوو، یان بۆ وتنی وشـەیەک دامابوو، پەنای دەبرد بۆ کتێبەکە تا بزانێ پەنجە بنێت بە کام دوگمەیەدا بۆ هاوکـاری. کۆمیتـەی ناوەنـد چـاپی دەکـرد. لەسـەر خواسـتێکی زۆر، بەرگێکی تێروتەسەلی تێگیرابوو.

بە دانیشتنەوە لەسـەر جێیەکەی، بەوپەڕی ڕێزەوە دەسـتی دایـە کتێبەکە و چاوێکی بە ژووره درەوشاوەکەدا گێڕا، وەک ئەوەی

ڕەنگبێ کەسێک تەماشای بکات. پاشان، تا ڕاددەیەک بە تەریقییەوە و تا ڕاددەیەک دڵخۆشانە، کتێبەکەی بۆ لێوی برد و چپاندی "ئەی ماشێن!" سێ جاران ماچی کرد و سێ جاران ساری بڵند کرد، هەستی کرد تەسەلای دڵی خۆی داوەتەوە. پاش کردنی ئەم ڕیتوالە، هەڵیدایەوە سەر لاپەڕەی ١٣٦٧، کە تیایدا کاتی دەرچوونی گالیسکەکانی ژێر دوورگەکەی نیوەگۆی خوارووی، کە ئەم لێی دەژیا، بەرەو دوورگەکەی نەوەگۆی سەروو کە کوڕەکەی لێ دەژیا، نووسرابوون.

وتی "من کاتم بۆ ئەمە نییە."

ژوورەکەی تاریک کرد و نوست؛ بەخەبەر هات و ژوورەکەی ڕووناک کردەوە؛ نانی خوارد و بیرۆکەی لەگەڵ هاوڕێکانی ئاڵوگۆڕ کرد، گوێی لە مۆسیقا گرت و ئامادەی چەند وانەیەک بوو؛ ژوورەکەی تاریک کرد و نوست. لە سەرووییەوە، لەژێرییەوە، لە هەر چواردەوریەوە، دەنگی ماشێنەکە بەردەوام دەیوژاند؛ ئەم هەستی بەو دەنگە نەدەکرد، چونکە لەگەڵیدا لەدایک بووبوو. زەوییش، کە ئەمی هەڵگرتبوو، وژەی دەهات کاتێ بە بێدەنگیدا تێدەپڕی، ئەمی بە ڕووی خۆری نادیار و ئەستێرانی نادیاردا دەسووڕاند. دیسان لە خەو ڕابوو و ژوورەکەی ڕووناک کردەوە.

"کونۆ!"

کونۆ وەڵامی دایەوە "قسەت لەگەڵ ناکەم هەتا سەردانم نەکەیت."

"ئایا لەدوای ئەو کاتەوە کە قسەمان کرد، سەردانی ڕووی زەویت کردووە؟"

وێنەی کونۆ کاڵ بووەوە.

دووبارە ڤاشتی هانای بۆ کتێبەکە بردەوە. کاتێک پاڵی دایەوە بە کورسییەکەوە، لە حەژمەت نیگەرانی گیانی دەلەرزی. وێنای

بکە وەک مرۆڤێک، نە ددان و نە مووی پێوە هەبن. فەرمانی بە کورسییەکە دا بەرەو لای دیوارەکە بچێت و دەستی بە دوگمەیەکی نائاشنادا نا. دیوارەکە بە هێواشی دەلاقەیەکی تێکەوت. لە دەلاقەکەوە تونێلێکی پێچخواردووی بینی کە ئەوسەری دیار نەبوو. گەر بچێت بۆ سەردانی کوڕەکەی، ئەمە سەرەتای گەشتەکەی دەبوو.
بێگومان ئەم هەموو شتێکی لەبارەی سیستەمی گەیاندنەکەوە دەزانی. چ شتێک لەبارەیەوە نامۆ نەبوو. ئۆتۆمبێلێکی بانگ دەکرد تا بەنێو تونێلەکەدا بیرفێنێ و بیبات تا ئاسانسوارەکەی، کە دەیگەیاند بە وێستگەی گالیسکەکە: ئەم سیستەمە چەندین ساڵ بوو، پێش وەگەڕخستنی ماشێنەکەش، بەکار هاتبوو. بێگومان ئەم لەبارەی ئەو شارستانییەتانەی پێش خۆیەوە خوێندبووی – ئەوان کە بە هەڵە کاریان بە ماشێنەکە کردبوو، لەبری ئەوەی شتگەلی بۆ لای خەڵکی پێ ببەن، خەڵکانیان بۆ لای شت پێ بردبوو. ئەو سەردەمە سەیروسەمەرەیەی کە خەڵکی دەچوون بۆ هەواگۆڕین، لەبری ئەوەی هەوای ژوورەکە بگۆڕن! کەچی هێشتاش لە تونێلەکە دەترسا: ئاخر لەدوای بوونی دوایین منداڵیەوە پێیدا نەڕۆیشتبوو. پێچی دەکردەوە –بەڵام تەواو بیری نەمابوو چۆن؛ سیستەمەکە بلیمەتانە بوو– بەڵام ئێجگار بەو جۆرەیش نا کە وانەبێژێک وەسفی دابوو. ڤاشتی زەندەقی لە ئەزموونکردنی ڕاستەوخۆ چووبوو. ڤاشتی چووەوە ناو خانەکەی خۆی و دیوارەکە هاتەوە یەک.
گوتی "کونۆ، ناتوانم بێم بۆ دیدەنیت، من باش نیم."
هەر بە گوتنی "من باش نیم" یەکاندەردوو ئامێرێکی قەبە لە ساپیتەی ژوورەکەوە بەسەریدا کەوتە خوارەوە و گەرمیپێوێک

لەسەر دڵی دانرا. ڤاشتی بێدەسەڵاتانە لەوێدا ڕاکشا. بە پەڕۆی تەڕ نێوچەوانیان بۆ دەسڕی. کونۆ تەلەگرافی بۆ دوکتۆرەکەی هەنارد.

کەواتە هێشتا هەستونەستی مرۆڤانە لە ماشێنەکەدا سەرەتاتکێی دەکرد. ڤاشتی ئەو دەرمانەی قووت دا کە دوکتۆرەکە دەرخواردی دا و ئامێرەکان هەڵکشانەوە بۆ ناو ساپیتەکە. دەنگی کونۆ دەبیسترا کە هەواڵی دایکی دەپرسی.

"باشترم." پاشان بە بێزارییەوە وتی "ئەی بۆچی تۆ نایەیت بۆ سەردانم؟"

"چونکە ناتوانم ئێرە بەجێ بهێڵم."

"بۆچی؟"

"چونکە لەوانەیە لە هەر ئانوساتێکدا شتێکی گەورە ڕوو بدات."

"سەردانی ڕووی زەویت کردووە؟"

"جارێ نا."

"کەواتە چییە؟"

"لە ماشێنەکەوە پێت ناڵێم."

ڤاشتی لە ژیانی خۆی بەردەوام بوو.

بەڵام بیری لە کونۆ دەکردەوە کاتێک کە ساوا بوو، بیر لە لەدایکبوونەکەی و گواستنەوەی بۆ دایەنگە گشتییەکان، سەردانیکردنی ئەم بۆ لای لەوێ و سەردانییەکانی ئەو بۆ لای ئەم – بەڵام پاش تەرخانکردنی ژووری سەربەخۆ لەودیوی گۆی زەوییەوە لە لایەن ماشێنەکەوە بۆی چیدی ئەو سەردانیکردنانە نەمان. کتێبی ماشێنەکە دەیوت، "کاری دایکوباوکیەتی، دەوەستێت لە ساتی لەدایکبوونەوە. P422327483." ڕاستە بەڵام، شتێک تایبەت بوو لەبارەی کونۆوە –لە ڕاستیدا هەموو منداڵەکانی تایبەت بوون– دواجار

خۆ دەبوو ئەم لە قەرەی ئەو سەفەرە بێت ئەگەر ئەو داوای بکات. "لەوانەیە شتێکی گەورە ڕوو بدات." ئەمە مانای چی بوو؟ بێگومان هەرزەگۆیی گەنجانە، بەڵام ئەم دەبوو هەر سەردانی بکات. دووبارە دەستی نایەوە بە دوگمە نائاشناکەدا و دیوارەکە دەلاقەی تێکەوت و تونێلە لوولخواردووەکەی بینی. توند کتێبەکەی گرت و هەستایە سەر پێ و لەقەلەق چووە سەر پلاتفۆرمەکە و بانگی ئۆتۆمبێلەکەی کرد. ژوورەکە لەدوایەوە داخرا: گەشتەکەی ڤاشتی بەرەو نیوەگۆی باکوور دەستی پێ کرد.

بێگومان ئێجگار بێکێشە بوو. ئۆتۆمبێلەکە نزیک بووەوە و بینیی کە کورسیی دەسکداری هاوشێوەی ئەوەی خۆی تێدان. کاتێک ئاماژەی دا ئۆتۆمبێلەکە وەستا و ئەمیش ئاگایانە سەرکەوت. یەک دانە موسافیری تر لە ئاسانسوارەکەدا بوو، یەکەمین هاوڕەگەزی مرۆڤ بوو، کە لە چەند مانگی ڕابوردوودا ڕووبەڕوو بینیبێتی. لەم سەردەمەدا بە دەگمەن خەڵکی سەفەریان دەکرد، چونکە، سوپاس بۆ پێشکەوتنی زانست، ئێستا ئیدی هەموو گۆی زەوی لەیەکدەچوو. پەیوەندیگرتنی خێرا، کە شارستانیەتی پێشوو گەلێک ئومێدیی پێ بووبوو، بە شکست کۆتایی هاتبوو. سەردانیکردنی پەکین چیی تێدا بوو، کە کتومت لە شروزبێری بچێت؟ چ پێویست دەکات بگەڕێیتەوە بۆ شروزبێری، لە کاتێکدا کە ڕێک لە پەکین بچێت؟ خەڵکی بە دەگمەن جەستەیان دەجووڵاند؛ وەلێ هەرچی بێقەراری بوو، لە ڕۆحیاندا بوو.

خزمەتگوزاریی گواستنەوە یادگارێک بوو لە زەمەنی پێشوو مابووەوە. لەبەر ئەوە بەڕێوەدەبرا، چونکە بەڕێوەبردنی ئاسانتر بوو لە وەستاندنی، یان فەوتاندنی، بەڵام ئێستا زۆر

زیاتر له ویستی خەڵکی تێپەڕاندبوو. گالیسکە لەدوای گالیسکە لە دەروازەکانی ڕای و کریستچەرچ-ەوە هەڵدەفڕینە ناو ئاپۆرەی گالیسکەکانی تر لە ئاسماندا و لە لەنگەرگە چۆڵوهۆڵەکانی باشوور دەنیشتنەوە. سیستەمەکە هێند لێزانانە ڕێکخرابوو، پشتی نەبەستوو بە چۆنیەتیی کەشوهەوا، ئاسمان گەر هەور یان سماڵ بوایە، هەمیشە وەک کلایدۆسکۆپێکی گەورە نەخشەکانی خۆی دووبارە دەکردەوە. ئەو گالیسکەیەی کە ڤاشتی گەشتی تێدا دەکرد، دەمێک لە کازیوەدا و دەمێکیش لە زەردەپەڕدا بوو، بەڵام هەمیشە کە بەسەر ڕایم-دا تێدەپەڕی، لە تەک ئەو گالیسکەیەوە دەوەستا کە لەنێوان هێلسینگفۆرس و بەرازیلدا سەرنیشینانی دەگواستەوە. هەموو سەری سێیەم جارێکیش کاتێک بەسەر چیاکانی ئالپ-دا تێدەپەڕی، قافڵەی پالێرمۆ لەدوایەوە بە ئاڕاستەیەکی تردا ڕێیەکەی دەبڕی. ڕۆژ و شەو، باوبۆران، شەپۆل و زەمینلەرزە، چیدی ڕێیان لە مرۆڤ نەدەگرت. ئاخر مرۆڤ لەم سەردەمەدا نەهەنگیشیی دەستەمۆ کردبوو. تەواوی ئەدەبیاتی کۆن، بە پیاهەڵدان بە هێزی سروشتدا و بە ترسەکانیەوە لە هێزی سروشت، وەک گڕوگاڵی منداڵ بێمانا دەینواند.
کەچی هەر کە ڤاشتی باڵی زل و زەوەندی گالیسکەکەی بینی، کە بە هۆی بەرکەوتنی بە هەوا لەکەدار بووبوو، ترسی ئەزموونکردنی سروشت زەندەقی بردەوە. ئەمە وەکو گالیسکەکانی نێو سیناماتۆفۆتەکە نەبوو. بەر لە هەر شت، ئەمە بۆنی لێ دەهات — زۆر بە کەسکوونی و ناخۆشی نا، بەڵام بۆنی دەهات، بە جۆرێ کە بە چاوانی داخراویشەوە دەیتوانی هەست بەوە بکات کە شتێکی نامۆی لێوە نزیکە. پاشان دەبوو لە ئاسانسوارەکەوە بەرەو لای گالیسکەکە بە پێ بڕوات، دەبوو خۆی بداتە دەست ڕەحمەتی ئەو هەموو ڕوانینانەی

موسافیرەکان. پیاوێک لەپێشەوە کتێبێکی لەدەست کەوتە خوارەوە – شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام هەموویانی شڵەژاند. ئاخر لە خانەکاندا گەر کتێبێک بکەوتایە، زەوییەکە خۆی بە شێوەیەکی میکانیکی هەڵیدەگرتەوە، بەڵام زەویی ئەم گالیسکەیە هێند پێشکەوتوو نەبوو، بۆیە کتێبەکە لەوێدا مایەوە. هەموو بێجووڵە وەستان –شتەکە چاوەڕواننەکراو بوو– پیاوەکەش، لەبری هەڵگرتنەوەی کتێبەکەی، دەستی بۆ ماسوولکەکانی قوڵی برد تا بزانێت ئاخۆ بۆچی کتێبەکەیان بۆ هەڵنەگرتووەتەوە. پاشان کەسێک وتی: "دوا دەکەوین" – ئینجا بۆ ناو گالیسکەکە مارشیان کرد، ڤاشتی-ش بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆ ناو گالیسکەکە لێکدا لێکدا لاپەڕەی کتێبەکەی هەڵدەدایەوە.

لەناو گالیسکەکەدا نیگەرانییەکانی زیادیان کرد. ئامادەکاری و ڕیزەکان تەقلیدی و پڕکێشە بوون. تەنانەت دەبوو لە کاتی گەشتەکەدا داواکارییەکانی بە خزمەتکارێک ڕابگەیەنێت. بێگومان پلاتفۆرمەکە بە درێژایی گالیسکەکە دەجووڵا، بەڵام خۆ دەبوو لەوێوە تا کابینەکەی خۆی بە پێ بڕوات. هەندێک کابینە لەوانی تر باشتر بوون و ئەم لە باشەکانی بەرنەکەوت. پێی وا بوو کە خزمەتکارەکە دادپەروەرانە نەبووە، بۆیە جارجار هورووژمی تووڕەیی دەیهەژاند. دەرگە شووشەکان داخران و ئەم چیدی نەیدەتوانی بگەڕێتەوە. لەوسەری ڕاڕەوەکەوە ئاسانسوارەکەی بینی کە بەتاڵ و بێدەنگانە سەروخواری دەکرد. لەژێر ڕاڕەوە کاشییە بریقەدارەکانەوە چین لەسەر چین تا قووڵایی زەوی ژوور هەبوون و لە هەر ژوورێکدا مرۆڤێک هەبوو کە دەیخوارد و دەخەوت و بیرۆکەی بۆ دەهات. ژوورەکەی ڤاشتی-ش لە بنی بنەوەی شانەکەدا بوو. ڤاشتی دەترسا.

لەژێر لێوەوە وتی، "ئەی ماشێن!" و دەستی بە کتێبەکەدا هێنا و دڵی خۆی دایەوە. پاشان دیواری ڕاڕەوەکە وەک لە خەودا دەیبینی، وەک بڵێی بەسەریەکدا توایەوە و هاتەوە یەک؛

ئاسانسوارەکە دیار نەما و کتێبە کەوتووەکە بە لای چەپدا خلیسکا و ئەویش دیار نەما؛ کاشیی لووس و بریقەدار بە لای پەنجەرەکەدا، هێند خێرا تێدەپەڕین، دەتوت تافی ئاوە. گالیسکەکە سووکەتەکانێکی دا و لە تونێلەکەوە سەری لە ئۆقیانووسێکی ئیستیوائییەوە دەرهێنا.
شەو بوو. بۆ ساتێک کەنارەکانی سوماترای بینی لەژێر تیشکە فۆسفۆرییەکاندا، فانۆسە دەریاییەکان هێشتا بێهوودانە ڕووناکییان دەهاویشت. ئەمانیش دیارنەمان و تەنیا ئەستێرەکان مانەوە کە ئەم سەرنجیان بدات. ئەستێرەکانیش جێگیر نەبوون، بەڵکو بە خێراییەکی بێئەندازە بەسەر سەریەوە، وەک بڵێی گەردوون لەبری گالیسکەکە بجووڵێتەوە، دەخولانەوە. وەک چۆن لە شەوی سامالّدا ڕوو دەدات، ئەستێرەکان هەندێ جار لە سۆنگەی ئاسمانێکی تەخت و بەریندا وەدیاردەکەوتن و هەندێ جاریش چین لەسەر چین دەردەکەوتن و گێتییان ڕووپۆش دەکرد و وەک ساپیتە بەریان بە خەونی مرۆڤ دەگرت. بە هەرحاڵ لە لای موسافیران بەرگەنەگیراو بوون. بە تووڕەییەوە هاواریان کرد، "ئایا قەرار وایە لە تاریکیدا سەفەر بکەین؟" خزمەتکارە بێنەزاکەتەکەیش گڵۆپەکانی پێ کرد و پەردە مەعدەنییەکانی دادایەوە. ئاخر کاتێک کە ئەم گالیسکەیە دروست کرابوو، خەڵکی هێشتا حەزی بینینی ڕاستەوخۆی شتەکانیان تێدا مابوو، بۆیە گەلێک پەنجەرە و ساپیتەی شووشەیی تێدا کرابوو، ئێستاش بووبوونە مایەی ناڕەحەتیی موسافیرانی ڕاقی و پێشکەوتوو. لە کابینەکەی ڤاشتی-دا ئەستێرەیەک لە کونی پەردەکەوە چاوقاییمانە ڕووناکییەکەی دەهاتە ژوورەوە و پاش چەند سەعاتێک سەرخەوشکاندنی ناڕەحەتانە، لە هەمان ئەو کونەوە،

ڕووناکییەکی نامۆ وەرسی کردبوو، ئەویش درەوشەی خۆری بەرەبەیان بوو.
هەرچەند گالیسکەکە بە خێرایی ڕووەو خۆرئاوا ڕۆیشتبوو، زەوی لەو خێراتر ڕووەو خۆرهەڵات خولابووە و لەگەڵ خۆیدا ڤاشتی و هاوسەفەرەکانی بە لای خۆردا کێش کردبوو. زانست توانیبووی شەو درێژ بکاتەوە، بەڵام تەنیا بە تاوێک. ئەو خەونە شاعیرییانەش کە بە یەکسانکردنەوەی خولەگی شەوانەڕۆژی زەوییەوە بینیبوویان، لەگەڵ خەونگەلی شاعیرانەتردا، ڕەوییبوونەوە. "پێڕاگەیشتن،" یاخود تەنانەت پێشکەوتنی خۆر، ئامانجی نەوەکەی پێش ئەمان بوو. فڕۆکەی ئێجگار تیژڕۆ، کە باشترین زانایانی ئەو سەردەمە فڕۆکەوانییان دەکرد، بۆ ئەو مەبەستە دروست کران. بە دەوری زەویدا خولانەوە، خول لەدوای خول ڕووەو خۆرئاوا، لەگەڵ چەپڵەڕێزانی خەڵکیدا، بەڵام بێهوودە. گۆی زەوی لەوان خێراتر ڕووەو خۆرهەڵات وەردەسوورا. ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویان دا و کۆمیتەی بەڕێوەبەرانی ماشێنەکە، کە ئەودەم لە پێشڕەویدا بوون، بڕیاریان دا کە ئەو هەوڵانە نایاسایی و نامیکانیکین و بە بێلانەکردن سزا دەدرێن.
دواتر باسی "بێلانەکردن" دێت.
بێگومان کۆمیتەکە ڕاست بوون. بەڵام هەوڵی "بەزاندنی خۆر" دوایین خولیای هاوبەشی سەبارەت بە تەنە گەردوونییەکان لە مرۆڤدا زیندوو کردەوە. ئەوە دوایین جار بوو کە مرۆڤ بیر لە هێزێکی دەرەکی بکاتەوە. خۆر براوە بوو، بەڵام ئەوە کۆتایی دەسەڵاتەکەی بوو. نە بەری بەیان، نە نیوەڕۆ، نە زەردەپەڕ، نە ڕێچکەی کەلوو، چیدی بەر ژیان و دڵی مرۆڤ نەکەوتن. زانست، لەوەدوا، گەڕایەوە بۆ ژێرزەوی و بڕیاری دا

کـە بایـەخی زیـاتر بـدات بـەو کێشـانەی کـە دڵنیـا بـوو لـە چارەکردنیان.
کاتێک ڤاشـتی بینـی تـەلیزمێک ڕوونـاکیی پەمـەیی کابینەکـەی داگیـر کـردووە، پێـی بێـزار بـوو و هـەوڵی دا تـووڵی پەردەکـە چـاک بکـات. بـەڵام تووڵـەکان تێکـڕا بـۆ سـەرەوە چـوون و لـە سـاپیتە شووشـەییەکەوە پەڵەهـەوری پەمـەیی بچکۆلانـە، کـە لەژێر ئاسمانی شیندا دیلانییان دەکرد، دەرکەوتن. خۆریش تا بـەرزتر دەبـووەوە، سـتوونیتر درەوشـەی خـۆی پـەخش دەکـرد بەسـەر دیوارەکانـدا و وەک زەریایـەکی ئـاڵتوونی وەپێش چـاو دەهــات و لەگــەڵ جووڵــەی گالیســکەکەدا، وەک هــەڵچوون و داچـوونی شـەپۆل، بـەرز و نـزم دەبـووەوە. بـەڵێ، ڕێـک وەک شەپۆل نزیک دەبوونـەوە و گـەر ئـەم وریـا نەبوایـە، تیشـکەکان ئەیانـدا لــە ڕووخســاری. فێـی تــووڕەیی لێـی دا و هــاواری خزمەتکارەکەی کرد. خزمەتکارەکە تۆقی بوو، بەڵام نەیدەتوانی هیچ بکات؛ خۆ ئەو بەرپرسی چاککردنەوەی پەردە نەبوو. هـەر هێندەی پێ کرا کە پێشنیاری گۆڕینی کابینەکە بکات. ڤاشتی-ش بەگوێی کرد.
خـەڵکی لـە هـەموو جێیـەکی دونیـا هـەر هـەموویان ڕێـک وەک یـەک وا بـوون، بـەڵام خزمـەتکاری گالیسکەکە، کـە ڕەنگبێ بـە هـۆی کـارە تایبەتەکەیـەوە بـووبێ، کـەمێک لـەو گشـتگیرییە لایدابوو. زۆر جار دەبوو ڕاستەوخۆ لەگەڵ موسـافیراندا بدوێ و ئـەوەش وای کردبـوو لـە هەڵسوکەوتدا هـەم ڕەق و هـەمیش ڕەسـەن بنـوێنێ. کاتێـک ڤاشـتی بـە پێچێـک خـۆی لـە تیشـکی هەتاوەکـە لادا تـا بـەری نەکـەوێت، خزمەتکارەکـە ڕەفتـارێکی بەربەرییانـەی نوانـد – دەسـتی بـۆ ڤاشـتی ڕایـەڵ کـرد تـا نەکەوێت.

ڤاشتی هاواری کرد "چەند چاوقایمیت! ئاگات لە خۆتە!"
ژنە خزمەتکارەکە شڵەژا و پۆزشی هێنایەوە کە لێنەگەڕاوە ڤاشتی بکەوێت. ئاخر خەڵک هەرگیز دەستیان لە یەکترییەوە نەدابوو. لە سایەی ماشێنەکەوە، ئەو خووە ئەسەری نەمابوو.
ڤاشتی بە لووتبەرزییەوە پرسیی "گەیشتووینە کوێ ئێستا؟"
خزمەتکارەکەیش کە بە پەرۆشەوە هەوڵی دەدا دووبارە بە نەزاکەت بنوێنێتەوە، وەڵامی دایەوە "بەسەر ئاسیاوەین."
"ئاسیا؟"
"بمبورە کە وا خووم بە قسەکردن بەو زمانە نەریتییەوە گرتووە ناوی و شوێنەکان بە ناوە نامیکانیکییەکانیان دەهێنم."
"ئۆو، بیرمکەوتەوە، ئاسیا ئەو شوێنەیە کە مەنگۆلییەکان لێوەی هاتن."
"لەژێرمانەوە لەسەر ڕووی زەوی شارێک هەبوو بە ناوی سیملا."
"تۆ قەت هیچت لەبارەی مەنگۆلییەکان و قوتابخانەی بریسبەین-ەوە بیستووە؟"
"نەخێر."
"بریسبەین-یش، هەروەها لەسەر ڕووی زەوی بوو."
تولێک لە پەردە ئاسنینەکەی لابرد و وتی "ئەو چیایانەی لای دەستەڕاستەوە - با پیشانت بدەم..." زنجیرەچیاکانی هیمالایا دەرکەوتن، "ئەو چیایانە سەردەمانێک پێیان دەوترا ساپیتەی جیهان."
"چ ناوێکی گەمژانەیە!"
"بیرت نەچێ، بەر لە سەردەمی پێشکەوتن، ئەو چیایانە وەک شوورایەکی بڵندی لەبننەهاتوو بوون. گوایە جگە لە خوداکان،

کەسی دی لە سەروو لووتکەکانیانەوە بوونی نەبووە. تەماشا ئێمە ئێستا چەند پێشکەوتووین، سوپاس بۆ ماشێنەکە!"
ڤاشتی وتیەوە "چەند پێشکەوتووین، سوپاس بۆ ماشێنەکە!"
ئەو موسافیرەی کە دوێنێشەویش کتێبەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە، ئێستا لە ڕاڕەوەکەدا وەستابوو، ئەویش وتی "چەند پێشکەوتووین، سوپاس بۆ ماشێنەکە!"
"ئەی ئەو شتە سپییانە لە درزی چیاکاندا دیارە - ئەوە چییە؟"
"بیرم نەماوە چیی پێی دەڵێن."
"تکایە پەردەکە دادەرەوە، ئەم شاخانە هیچ بیرۆکەیەکم بۆ ناهێنن."
بەشی باکووری چیاکانی هیمالایا لە قووڵایی سێبەردا بوون و بەشەکەی لای هیندوستانییەوە هەتاو تازە لێی دەدا. دارستانەکان لە سەردەمی ئەدەبیاتدا، بە مەبەستی دروستکردنی کاغەزی ڕۆژنامە، لەناوبرابوون. بەڵام بەفری چیاکان بەکاوەخۆ بە تیشکی بەیانییان وەئاگادەهاتن و هەوریش هێشتا لە گەردەنی چیای کینچینجونگاوە ئاڵابوو. لە دەشتاییەکاندا شوێنەواری شارگەلێک مابوون کە کزە ڕووبارەکان بەنێو دیوارەکانیاندا دەڕۆیشتن. لەتەک دیوارەکانیشەوە جاروبار شوێنەواری دەروازەی شارەکانی "ئەمڕۆ" دیار بوون. لە سەرووویانەوە گالیسکە دەهاتن و دەچوون و بەوپەڕی بڕوابەخۆبوونەوە بە لای یەکتردا تێدەپەڕین و بەبێ بەرخۆدان بەرز دەبوونەوە تا خۆیان لە ئەتمۆسفێری ڕووی زەوی دوور بخەنەوە.
"هەر بەڕاست ئێمە پێشکەوتووین، سوپاس بۆ ماشێنەکە،" خزمەتکارەکە وای گوت و چیاکانی هیمالایای لەودیو پەردە تولئاسنینەکانەوە شاردەوە.

ڕۆژەکە تەمبەڵانە بەسەردەچوو. هەریەک لە موسافیرەکان لە کابینەکەی خۆیدا دەیگوزەراند و بە جۆرێک لە ڕقلێبوونەوە لە نزیککەوتنەوەی جەستەیی هەریەکەیان دووریی خۆی پاراستبوو. ئاواتیان دەخواست هەرچی زووتر بگەڕێنەوە ژێر زەوی. نزیکەی هەشت تا دە نەفەرێکیان کە زۆرینەیان نێرینە بوون، لە دایەنگە گشتییەکانەوە هەنێردرابوون تا نیشتەجێی ئەو ژوورانە ببن کە مرۆڤە جێنشینەکانیان بەو زوانە مردبوون. پیاوەکەی کە کتێبەکەی لە دەست کەوتبوو، بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتەوە. ئەو نێردرابوو بۆ سوماترا بە مەبەستی زاووزێکردن. تەنیا ڤاشتی بوو کە بە خواستی خۆی سەفەری دەکرد.

لە دەمی نیوەڕۆدا، ڤاشتی بۆ دووەم جار سەیرێکی زەویی کرد. گالیسکەکە بەسەر زنجیرەچیایەکی تردا تێدەپەڕی، بەڵام بە هۆی هەورەوە باش نەیدەبینی. تاوێری ڕەش و گەورە پێکدا دەچوون و خۆڵەمێشی دەردەکەوتن. شکڵ و شێوەیان سەرسووڕهێن بوو، یەکێکیان لە شێوەی پیاوێکی لەسەرسکڕاکشاو دەچوو.

"هیچ بیرۆکەیەکم پێ نابەخشن،" وای گوت و لەگەڵ دادانەوەی پەردە ئاسنینەکەدا چیاکانی قەوقازی لە خۆی شاردەوە.

سەرلەئێوارە جارێکی تر تەماشایەکی سەر زەویی کردەوە. بەسەر دەریایەکی ڕەنگ ئاڵتوونیدا تێدەپەڕین کە تیایدا چەندین دوورگەی بچووک دەوری نیمچەدوورگەیەکیان دابوو.

هەمدیس وتی "لێرەش چ بیرۆکەیەکی تێدا نییە." پەردە ئاسنینەکەی بەسەر یۆناندا دادایەوە.

## دەستگای چاککردنەوەکە

بە تونێلێکدا، بە ئاسانسوارێکدا، بە سکەیەکی پێچاوپێچدا، بەسەر پلاتفۆرم و دەرگەیەکی سکەدا - ڤاشتی بیری لە هەنگاوەکانی گەیشتن بە کوڕەکەیەوە دەکردەوە و گەیشتە ژووری کوڕەکەی، کە ڕێک وەک ژوورەکەی خۆی وا بوو. پێی وا بوو کە سەفەرەکەی تەواو ناپێویست بووە. دەسک و دوگمە و مێزی خوێندنەوە و کتێبەکە و کەشوهەوا و ڕووناکیی ژوورەکە - هەموویان ڕێک وەک ژوورەکەی خۆی وا بوون. ئەگەر دواجار کونۆ-ش، کە لە خوێن و گۆشتی خۆی بوو، لە تەنیشتیەوە وەستابا، چ سوودێکی هەبوو؟ ڤاشتی لەوە بەڕەوەشتتر بوو کە دەست بەرێ و تەوقە لەگەڵ کوڕەکەیدا بکات.

ڤاشتی ڕووی وەرگێڕا و وتی "ئەوەتام. ناخۆشترین سەفەر بوو کە کردم و گەلێک ورەی ڕۆحیی دابەزاندم. ئەمە ئەوەی نەدەهێنا، کونۆ، ئەوەی نەدەهێنا. کات زۆر بەنرخە بۆ من. تەنانەت تیشکی خۆریشم بەرکەوێت. تووشی بێئەدەبترین خەڵکانێک هاتم. ئەتوانم تەنیا چەند دەقیقەیەک لێرە بمێنمەوە. ئەوەی ئەتەوێ بیڵێیت، بیڵێ و با بڕۆم."

کونۆ وتی "من هەڕەشەی بێلانەکردنم لێ کراوە."

ڤاشتی ئێستا سەیری کونۆی کرد.

"من هەڕەشەی بێلانەکردنم لێ کراوە و نەمدەتوانی شتێکی ئاوهات لە ماشێنەکەوە پێ بڵێم."

بێلانەکردن واتە مردن. کەسە بێلانەکراوەکە بەر هەوا دەکەوێت و بە بەرکەوتنی بە هەوا دەمرێت.

"من، لەدوای دوایین جارەوە کە قسەم لەگەڵ کردیت، چوومە دەرەوە و ئەوانیش منیان بینی."

"بــــەڵام خـــۆ دەتوانیـــت بچیتـــە دەرەوە!" ڤاشـــتی بـــە سەرسووڕمانەوە وتی "سـەردانی ڕووی زەوی تـەواو یاسـاییە و شـتێکی زۆر ئاسـاییە. منـیش بـەو زوانـە وانەیـەکم لەسـەر کەناری دەریا لەسەر ڕووی زەوی وتەوە؛ هیچ ڕێگرییەک لەوە ناکرێ؛ تەنیا پێویست دەکات کە دەمامکێکی هەناسەدان لەگەڵ خـۆت ببـەیت و مۆڵـەتێکی دەرچـوون وەربگریـت. چـوون بـۆ ڕووی زەوی شـتێک نییـە کـە کەسـانی ژێـر بیکـەن، و مـن لێـت پاڕامەوە کە نەچیت، بەڵام شتێکی نایاساییش نییە."

"ئاخر من مۆڵەتی دەرچوونم وەرنەگرت."

"ئەی چۆن توانیت دەرچیت؟"

"خۆم ڕێگەیەکم دۆزییەوە."

ئەم دەستەواژەیە هیچ مانایەکی لای ڤاشتی نەدەبەخشی، بۆیە کونۆ دەبوو دووبارەی بکاتەوە.

ڤاشتی بە چرپە وتی "ڕێگەی خۆت؟ بەڵام ئەوە ڕاست نییە."

"بۆچی؟"

پرسیاری "بۆچی" زیاد لە ئەندازە ڤاشتیی شۆک کرد.

کونۆ بە ساردییەکەوە وتی "تۆ خەریکە ماشێنەکە دەپەرستیت. پێـت وایـە بـە دۆزینـەوەی ڕێگـەی خـۆم کـوفرێکم کـردووە. کۆمیتەکەش تـەواو پێیـان وا بـوو کـە کوفرم کـردووە، بۆیـە بـە بێلانەکردن هەڕەشەیان لێ کردم."

ڤاشتی بەم قسەیە تووڕە بوو. هاواری کرد "من هیچ شتێک ناپەرستم! من زۆر لـەوە پێشکەوتووترم! پێم وا نییە کوفرت کردبێ، چونکە چ شـتێکی ئایینی بـاوی نـەماوە." هـەرچی تـرس و وەهمـەکانی جارانـە، ماشـێنەکە تێکوپێکیـانی شـکاند. تـەنیا مەبەسـتم ئـەوە بـوو بڵـێم کـە دۆزینەوەی ڕێگەی خۆت جۆرێکە لە — دەی خۆ لە ڕاستیدا ڕێگەیەک نییە بۆ چوونەدەرەوە کە تازە بێت."

کەواتە هەموو شتێک هەمیشە پێشبینیکراوە.
ڤاشتی وتی "جگە لە خودی دەروازەکان، ئەویش کە دەبێت مۆڵەتی دەرچوونت پێ بێت، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە لێوەی دەربچیت. کتێبەکە وا دەڵێت."
کونۆ وتی "دەی، کتێبەکە هەڵەیە، چونکە من بە پێی خۆم چوومە دەرەوە."
ئاخر کونۆ تا ڕادەیەک هێزی جەستەیی هەبوو.
لەو ڕۆژانەدا هێزی بازوو عەیبوعار بوو بۆ مرۆڤ. هەموو ساوایەک لە کاتی لەدایکبووندا دەپشکنرا و گەر وا پێبچوایە کە بەهێز و ماسوولکەدار دەردەچێت، لەناودەبرا. دەشێ مرۆڤدۆستان دژی ئەم پەیڕەوە بن، بەڵام ڕێگەدانی ژیان بە کەسێکی وەرزشەوان کارێکی میهرەبانانە نەدەبوو؛ چونکە کەسێکی وا هەرگیز لە ژیانێکدا کە ماشێنەکە بۆی دابین کردبوو، ئاسوودە نەدەبوو؛ ئاخر ئەو دڵی بۆ هەڵگژان بە دار و مەلەی ناو ڕووبار و پیاسەی دەشت و دۆڵ لێی دەدا. خۆ مرۆڤ دەبێ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بگونجێت. وا نییە؟ لەم جیهانە نوێیەدا لاوازەکان دەگەنە لوتکەی تایجتوس و بەهێزەکانیش کوشتنی ڕەحمەت، تا ماشێنەکە بەردەوام بێت، بەردەوام بێت، بەردەوام بێت.
"دەزانیت ئێمە توانای هەستکردن بە ویسعەتمان لەدەست داوە؟ ئێمە دەڵێین کە 'ویسعەتمان خاپوور کردووە،' بەڵام لە ڕاستیدا توانای هەستکردن بە ویسعەتمان نەماوە. بەشێک لە خۆمانمان ون کردووە. من، سوور لەسەر ئەوەی کە ئەو هەستە وەبەرخۆم بهێنمەوە، دەستم کرد بە ڕۆیشتن بە ئەمسەر و ئەوسەری پلاتفۆرمەکەی نزیک ژوورەکەی خۆمەوە. لەمسەر بۆ ئەوسەر ڕۆیشتم هەتا ماندوو بووم و لە

واتای 'دووری' و 'نزیکی' تێگەیشتم. 'نزیک' جێیەکە کە دەتوانم زوو بیگەمێ بە پێی خۆم، نەک بە شەمەندۆفێر، یان گالیسکە. 'دوور' جێیەکە کە ناتوانم زوو بیگەمێ بە پێی خۆم؛ دەروازەکە 'دووره'ـە هەرچەندە دەتوانم بە سیوهەشت چرکە بە سواری شەمەندۆفێر بیگەمێ. مرۆڤ پێوانەیە. ئەوە یەکەمین وانە بوو فێری بووم. هەنگاوی مرۆڤ پێوانەیە بۆ مەودا، دەست پێوانەیە بۆ خاوەنداریێتی، جەستە پێوانەیە بۆ خۆشەویستی و حەز و هێز. پاشان دوورتر ڕۆیشتم: ئەو کاتە بوو کە بانگی تۆم دەکرد و تۆ نەدەهاتیت.

"ئەم شارە، وەک دەزانیت، لە قووڵایی زەویدا ڕۆنراوە و تەنیا دەروازەکانی لەسەر ڕووی زەوییەوە دیارن. دوای هاتوچۆکردن بەسەر پلاتفۆرمەکەی نزیکی ژوورەکەی خۆمدا، سواری ئاسانسوارەکە بووم و چوومە سەر پلاتفۆرمەکەی سەرووتر، لەوێش هاتوچۆم کرد و چوومە ئەوەی سەرووتر تا گەیشتمە نزیکترین پلاتفۆرم لەسەر ڕووی زەوییەوە. هەموو پلاتفۆرمەکان کتومت لەیەک دەچن، بەڵام ئەوەی من بەرجەستەم کرد هەستکردن بوو بە بوونی مەودا و ماسوولکەکانم. هەقی خۆی بوو بەمە دڵخۆش بم –ئاخر شتێکی کەم نەبوو– بەڵام لە کاتی ڕۆیشتندا بۆم ئاشکرا بوو کە شارەکانی ژێر زەوی کاتێک ڕۆنراون کە مرۆڤ هێشتا هەوای ڕووی زەویی هەڵمژیوە و بینیم بۆڕیی هەوایی بۆ ئیشکەرەکان دروست کرابوون. بیرم تەنیا لای بۆڕییە هەواییەکان بوو. بڵێی لەگەڵ پێشکەوتنی ماشێنەکەدا، هەموویان کردبێتن بە بۆڕیی موزیک و بۆڕیی خواردن و بۆڕیی دەرمانگواستنەوە؟ یان ئاخۆ هەندێکیان وەک بۆڕیی هەوایی ماونەتەوە؟ لە یەک شت دڵنیا بووم، گەر ئەستوونێکی

لەو جۆرە مابێت، ئەوا لە توێیەکانی سەرەوەدا دەبوو هەبن، دەنا هەموو جێیەکی تر حیسابی خۆی بۆ کرابوو.

"من بە کورتی چیرۆکەکەمت بۆ دەگێڕمەوە، پێت وا نەبێ کە زۆر جار خۆمم بە گەمژە نەهاتووەتە بەرچاو، یان وەڵامەکانت دڵتەنگیان نەکردبم. ئەوەی من دەمکرد لەبار و گونجاو نەبوو، میکانیکی نەبوو، شیاو نەبوو کە بەتەک تونێلی شەمەندۆفێردا بڕۆیت. لەوە نەدەترسام کە ببم بە ژێرەوە و بمرم. لە شتێکی زۆر نابەرجەستەتر دەترسام – لە کردنی شتێک کە ماشێنەکە پێشبینیی نەکردبوو. پاشان بە خۆمم گوت 'مرۆڤ پێوەرە' ئەوسا بەردەوام بووم. دوای چەندین هەوڵ، دەریچەیەکم دۆزییەوە.

"بێگومان هەموو تونێلەکان ڕۆشنکراونەتەوە بە ڕۆشنایی دەستکرد، بە جۆرێک کە تاریکیی دەگمەن بووە. بۆیە دڵخۆش بووم کاتێک لە درزی خشتەکانەوە تاریکاییەکم بینی. قۆڵم ڕۆبردە تاریکاییەکەوە –نەمدەتوانی لەوەندە زیاتر ببەم– و لە خۆشیدا هەر باڵم ڕادەوەشاند. خشتێکی ترم دەرهێنا و سەرم بردە تاریکاییەکەوە و هاوارم کرد "وا هاتم." دەنگم بەنێو چەندەها ڕێڕەودا زایەڵەی دایەوە. وەک بڵێی گوێم لە دەنگی ڕۆحی هەموو ئەو کرێکارانە بووبێ کە لە دروستکردنی شاری ژێرزەوییەکاندا کاریان کردبوو و ئێوارانیش گەڕابوونەوە لای ژنەکانیان و ژێر درەوشەی ئەستێرەکان، گوێم لەوانە بوو کە لەسەر ڕووی زەوی ژیابوون، دەیانوت 'تۆ دەتوانیت، تۆ دێیت.'"

کونۆ لە قسەکردن بووەوە و سەربارى پڕوپووچی و ناماقوڵیی قسەکانی، دوایین وشەکانی کونۆ کاری لە ڤاشتی کرد. کونۆ داوای ئەوەی کردبوو کە ببێت بە باوک، بەڵام

کۆمیتەکە داواکەیان ڕەت کردبووەوە. کونۆ لەو جۆرە نەبوو کە ماشێنەکە دەیویست نەوەی لێ بکەوێتەوە.
"پاشان شەمەندۆفێرێک بە لامدا تێپەڕی و منیش لە حەژمەتدا سەر و قۆڵەکانمم هەڵدایە ناو تاریکاییەکەوە. بۆ ئەو ڕۆژە هێندە بەس بوو، گەڕامەوە بۆ پلاتفۆرمەکە و بە ئاسانسوارەکدا گەڕامەوە بۆ خوارەوە تا ناو جێگەکەی خۆم. ئاهـ چ خەونێک بوو. پەیوەندیم پێوە کردیت، بەڵام دیسان پەیوەندییەکەت ڕەت کردەوە."
ڤاشتی سەری لەقاند و وتی، "تکایە، تکایە باسی ئەم شتە ترسناکانەم بۆ مەکە. تۆ خراپم بەسەردێنیت. تۆ ژیاری جێدەهێڵیت."
کونۆ وتی "بەڵام توانای هەستکردن بو مەودام تێگەڕاوەتەوە و دوای ئەو هەستەش مرۆ ناتوانێ ئۆقرە بگرێ. سوور بووم لەسەر چوونە ناو تاریکاییەکە و ڕۆیشتن بە بۆڕییەکەدا. بۆیە دەستم کرد بە وەرزشکردن. هەر ڕۆژە و جووڵەی وەها سەیروسەمەرەم دەکرد تا گیانم دەئێشا، دەمتوانی بە دەست خۆم هەڵواسم و سەرینەکەم بۆ چەند دەققەیەک بە دەست هەڵگرم. ئەوجا داوای ئامێرێکی هەناسەدانم کرد و ڕۆیشتم.
"سەرەتا ئاسان بوو. چیمەنتۆکە قڵیشی بردبوو، منیش دەستوبرد چەند خشتێکم پاڵ پێوە نا و خۆشم لەگەڵیاندا کەوتم بە دیوی تاریکاییەکەدا و ڕۆحگەلی مردووەکان سەبوورییان دام. خۆیشم نازانم مەبەستم چییە لەمە. تەنیا ئەوە دەڵێم کە هەستم پێ کرد. هەستم دەکرد خۆپیشاندانێک دژی گەندەڵی بەرپا بووە و تەنانەت مردووەکانیش تەسەلایان دەدامەوە و منیش تەسەلای ڕۆحە لەدایکنەبووەکانم دەدایەوە. هەستم دەکرد مرۆڤایەتییەکی ڕووت بوونی هەیە. چۆن

دەتوانم ئەمە ڕوون بکەمەوە؟ ڕووت بوو ڕووت، مرۆڤایەتی ڕووت دەردەوکەت، هەرچی تیوب و دوگمە و ئامێرە، نە لەگەڵ ئێمەدا هاتبوونە دنیاوە و نە دوایشمان دەکەون و نە گرنگییەکی ئەوتۆشیان هەیە کاتێک ئێمە لێرەین. گەر هێزم هەبوایە هەرچیم پێوە بوو لێم دەکردەوە و بە ڕووتی خۆم دەدایە بەر هەوا. بەڵام ئەوە بۆ من گونجاو نەبوو، ڕەنگیشە بۆ ئەوەی من گونجاو نەبێت. بە ئامێری هەناسەدان و جلی دژەمیکرۆب و گولاجی ژەمەخۆراکەکانمەوە سەرکەوتم. بەو حاڵەوە لە نەکردنی باشترە.

"پەیژەیەکی کانزایی زەمانی زووی لێ بوو. ڕۆشنایی شەمەندۆفێرەکان دەیدا لە بەشی خوارەوەی پەیژەکە و بینیم کە ڕاست بەرەو سەرەوە دەچوو. ڕەنگبێ باووباپیرانمان ڕۆژی دەیان جار پێیدا سەرکەوتبن و هاتبنە خوارەوە. کاتێک پێیدا سەرکەوتم، لێوارە تیژەکانی دەستکێشەکەمیان دڕی و دەستم خوێنی لێ هات. ڕۆشناییەکە کەمێک یارمەتیدەر بوو، بەڵام دواجار کەوتمە نێو تاریکی و لەوەش خراپتر، بێدەنگییەک کە وەک شوژن دەچوو بە گوێمدا. ماشێنەکە وژەیەکی هەیە! دەزانی؟ وژەکەی بە خوێنماندا دەڕوا و ڕەنگە ڕێنوێنیی بیرکردنەوەشمان بکات. کێ ناڵێ! من لەژێر باری ماشێنەکە دەهاتمە دەرەوە. پاشان بە بیرمدا هات کە ئەم بێدەنگییە واتا من شتێکی هەڵە دەکەم. بەڵام لە بێدەنگییەکەدا گوێم لە دەنگگەلی تر بوون و گوڕیان پێ دام." کونۆ پێکەنی و وتی، "پێویستم پێیان بوو. ساتێک دواتر سەرم دای بە شتێکدا." ڤاشتی هەناسەیەکی هەڵکێشا.

"گەیشتبوومە یەکێک لەو چووپانەی کە بەرگریمان لێ دەکەن دژی هەوای دەرەوە. ڕەنگە بینیبێتتن لەسەر گالیسکەکە. تاریک

و نوتەک، پێم لەسەر پلیکانەی پەیژەیەکی نادیار، دەستم بڕاو؛ نازانم چۆن لەو حاڵە ڕزگارم بوو، بەڵام دەنگەکان سەبوورییان دەدامێ و منیش بە دەست لە دەسکێک دەگەڕام. پێم وا بێ چووپەکە نزیکەی هەشت پێ درێژە. تا توانیم دەستم بەسەریدا تا نزیکەی ناوەڕاست درێژ کرد. بەڵام دەستم لەوە کورتتر بوو بگاتە چەقی ناوەڕاست. دەنگێک وتی: 'باز دە. ئەوە ئەهێنێ بیکەیت. ڕەنگبێ دەسکەکەی بەردەست بکەوێ و بیگریت و بگەیتە ئێمە. گەر وایش نەبوو، ئەوا دەکەویت و هەپرون بە هەپرون دەبیت –بەڵام هێشتا هەر دەهێنێ: بە بژاردەی خۆت دەگەیت پێمان.' بۆیە بازم دا و دەسکەکە هەبوو–"

کونۆ لە قسەکردن وەستا و فرمێسک لە چاوی دایکیدا پەنگی خواردبووەوە. ڤاشتی دەیزانی کە قەدەر مردنی بۆ کونۆی کوڕی لە هەگبە ناوە، گەر ئەمڕۆ نەمردبێ، ئەوا سبەی دەمرێت. ئاخر لەو دنیایەدا جێگەی کەسی وای تێدا نەدەبووەوە. پاشان هەستی قێزلێکردنەوە تێکەڵ بە بەزەییەکەی بوو. قێزی لەوە دەهاتەوە کە کوڕێکی لەم جۆرەی بووە، ئەمێک کە هەمیشە بەڕێز و پڕ لە بیرۆکە بووە. ئایا ئەمە ئەو کوڕە ژیکەڵانەیە بوو کە ڤاشتی فێری بەکارهێنانی دوگمە و یەکەمین وانەکانی نێو پەرتووکەکەی کردبوو؟ خودی ئەو مووەی وا لە لێوی کونۆ هاتبوو و ڕوخساری شێواندبوو، بەڵگە بوو کە بەرەو دڕندەیی دەگەڕێتەوە. ماشێنەکەش لەگەڵ ئەوانەی هەڵدەگەڕێنەوە بەزەیی نییە.

"دەسکێک هەبوو، منیش دەستم پێوەی گرت. لەو تاریکاییەدا دەستم پێوە گرتبوو و گوێم لە وژەی کاری ماشێنەکە بوو وەک دوایین چرپەی خەونێکی مردوو. هەموو ئەو شتانەی

گرنگیم پێ دەدان و هەموو ئەو کەسانەی لە تیوبەکانەوە قسەم لەگەڵدا کردبوون، زۆر بچووک بوون لە لام. دەسکەکە جووڵا. کێشم شتێکی خستبووە جووڵە و بە هێواشی کەوتمە سووڕە و –

"نازانم چۆن باسی بکەم. لەسەر گازی پشت کەوتبووم و ڕووم لە هەتاو بوو. خوێنی لووت و گوێم پژان و گوێم لە نەعرەتەیەک بوو. چووپەکەی کە من دەستم پێوە گرتبوو، بە ڕووی زەویدا هەڵفڕیبوو و منیشی بە خۆیەوە فڕیدابووە سەر زەویی ئەو هەوایەی کە ماشێنەکە لێرە، لەژێر زەوی دابینی دەکات، خەریک بوو لە هەمان دەرچەوە دەردەچوو. وەک فوارە فیشکەی کرد. بە سکەخشکی گەڕامەوە بۆ لای- ئاخر هەوای ڕووی زەوی ئازاری دەدام– بۆیە هەناسەی قووڵم لە هەوای ژێر زەوییەوە هەڵدەمژت. ئامێری هەناسەدانەکەم خوا دەیزانێ لە کوێ گیرسابووەوە، جلکەکانم دڕابوون. لە نزیک دەریچەکەوە پاڵکەوتم و لە هەوای ژێر زەوی هەناسەم دەدا تا خوێنبەربوونەکەم وەستا. وێنای شتێکی لەوە سەیروسەمەرەتر ناکرێت. بۆشاییەک لە گیایەکەدا –کەمێکی تر باسی دەکەم– هەتاو بەسەریەوە دەدرەوشایەوە، زۆر پرشنگدارانیش نا، بەڵکو لەودیو پەڵە هەورەوە - چ ئارامییەک، چ بێخەمییەک، چ هەستکردنێک بە مەودا بوو! هەوا دەستکرد و بەنەحرەتەکەی ژێر زەویش دەیدا لە ڕوومەتم. هەر زوو ئامێری هەناسەدانەکەم دۆزییەوە لەگەڵ بادا دەهات و دەچوو، لە سەروتریشەوە پڕ بوو لە گالیسکەی هەوایی، کە بە ئاسماندا دەفڕین، بەڵام خۆ کەس لەو گالیسکانەوە هەرگیز تەماشای خوارەوە ناکات، گەر بیشیانکردبوو، خۆ نەیاندەتوانی بمبینن. بەو جۆرە لەوێدا گیرم خواردبوو. تیشکی هەتاوەکە

دەیدا لەو کونەی لێی هاتبوومە دەرەوە و یەکەمین پلیکەی پەیژەی دەم کونەکە دەبینرا، بەڵام تەقەلای گەیشتن بە پەیژەکە بێهوودە بوو. گەر هەوڵی گەڕانەوە بۆ ناو کونەکەم بدایەتەوە، یان پەستانی هەواکە فڕێی دەدامەوە دەرەوە، یان دەکەوتمە خوارەوە و ملم دەشکا. لە تەک کونەکەوە لەسەر گیایەکە پاڵکەوتم و لە هەوای ژێر زەویم هەڵدەمژی و جارجاریش چاوێکم لە دەوروبەری خۆم دەکرد.

"دەمزانی لە Wessexـم، چونکە پێشینەی خۆمم خستبوو و بەشداریی وانەیەکم کردبوو لەسەر ئەو بابەتە. Wessex لە سەروو ئەم ژوورەوەیە کە ئێستا ئێمە قسەی لێ دەکەین. سەردەمانێک هەرێمێکی بەناوبانگ بووە. پاشاکانی تەواوی خاکی کەنارەکانی باشووریان، لە Andredswaldـەوە تا Cornwall لەژێر حوکمدا بووە. وانەکە تەنیا گرنگیی بە سەرهەڵدانی Wessexـەوە هەبوو، بۆیە نازانم تا چەندێک ئەو ناوچەیە وەک هێزێکی نێودەوڵەتی ماوەتەوە، گەر باسیش بکرایە، چ سوودێکی بۆ من نەدەبوو. ڕاستییەکەی لەوێدا جگە لە پێکەنین، نەمدەتوانی هیچی تر بکەم. لەوێدا، لەگەڵ چووپێک و ئامێرێکی هەناسەداندا کە بە سەرسەرمەوە با دەیبرد، هەرسێکمان لە چاڵاییەکی نێو گژوگیای دەورەدراو بە تەڕاش، گیرمان خواردبوو."

پاشان کونۆ بە جیددییەتەوە دوا.

"بەختم هەبوو کە چاڵایی بوو، چونکە هەواکە پەنگی دەخواردەوە ناو چاڵاییەکە، هەر وەک چۆن ئاو جامێک پڕ دەکات. دەمتوانی بە سکەخشکێ بڕۆم، بەڵام هەستام و هەناسەیەکم لە هەوای تێکەڵ بە ڕووی زەوی و هەوای ژێر زەوی هەڵمژی. کاتێ دەمویست بە لێواری چاڵەکەدا هەڵگژێم،

هەوای ڕووی زەوی زیاتر و زیاتر دەبوو و هەڵمژینی ئازاری دەدام. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر خراپ نەبوو، هێشتا ورەم لەدەست نەدابوو، ماشێنەکەیشم تەواو لە بیر کردبوو. ئامانجی من دەرچوون بوو لە چاڵەکە و ببینم ئەو ناوە لە چی دەچوو.
"بە لێواری چاڵەکەدا هەڵگژام، بەڵام هەواکەم پێ نەدەکەوت، پاش بینینی شتێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی، تل بوومەوە ناو چاڵەکە. خۆر بێتین و لە ئاسماندا لە شوێنی کۆمەڵەی دووپشکدا بوو- وانەیەکم لەو بارەیەوە خوێندبوو. گەر خۆر لە شوێنی دووپشک و ئێمەش لە Wessex بین، واتە دەبێ هەرچی زووترە پەلە بکەیت، دەنا زوو ئاوا دەبێت. (ئەمە تاکە زانیاریی بەسوود بوو کە لە وانەیە دەستم کەوتبێت و پێم وایە دوایین دانەیش دەبێت.) ئەوە وای لێ کردم کە خێراخێرا هەوا تازەکە هەڵمژم و گوڕ بەمە بەر خۆ و لە چاڵەکە قوتار بم. پێم وا بوو هەوای ژێر زەوی بێهێزتر دەهاتە دەرێ و ئامێری هەناسەدانەکەم نزیکتر لە ڕووی زەوییەوە سەمای دەکرد؛ نەعرەتەکەش کەمتر بووبووەوە."
کونۆ لە قسەکردن وەستا.
"پێم وا نییە ئەمانە سەرنجت ڕابکێشن. ئەمەی دواتر بۆت دەگێڕمەوە کەمتریش سەرنجت ڕادەکێشێ، چونکە هیچ بیرۆکەیەکیان تێدا نییە و بریا هەر بانگیشم نەکردبایتایە. من و تۆ زۆر جیاوازین، دایکە."
دایکی پێی گوت کە بەردەوام بێت.
"سەرلەئێوارە لە چاڵەکە هاتمە دەرەوە. خۆر نەوی بووبوو و هیچی وام بە باشی نەدی. پێم وا نییە تۆیەک کە ئێستا بەسەر ئاسمانی جیهاندا گەیشتوویتە ئێرە، بتەوێ گوێ لە باسی ئەو گردۆڵکە بێڕەنگانە بگریت کە من بینیمن. بەڵام لای من زیندوو

بوون و ئەو چیمەنەی کە داپۆشیبوون لە پێست دەچوو، پێستێک کە ماسوولکە لە ژێریدا هەڵتۆقیبوون. هەستم دەکرد ئەو گردانە بە زەبرەوە بانگیان لە دەروونی مرۆی پێش ئێمە کردووە و ئەوانیش ئەو گردانەیان خۆشویستووە. ئێستا نوستوون –ڕەنگبێ تا هەتاهەتا بنون. ئێستا بە تەنیا لە خەونی مرۆڤەکاندا هەن. خۆش بە حاڵی ئەو پیاوەی، ئەو ژنەی کە گردەکانی Wessex وەئاگا دێنێ. ئاخر گەرچی ئەوان نوستوون، بەڵام ئەوان نەمردوون."

دەنگی کونۆ بە حەسرەتەوە بەرزبووەوە.

"نابینیت؟ ئێوەی وانەبێژ نابینن کە ئێمەین وا دەمرین و تاکە شتێک کە دەژی، ماشێنەکەیە؟ ئێمە ماشێنەکەمان دروست کرد تا ببێتە ئیرادەی ئێمە، بەڵام چیتر نابێت ببێتە ئیرادەی ئێمە. ماشێنەکە ئێمەی لە هەستکردن بە مەودا و دووری و نزیکی و بەرکەوتن و دەستلێدان دابڕاند، هەموو پەیوەندییە مرۆیانەکانی شێواند و خۆشەویستیی بۆ ئەکتێکی جەستەیی ڕووت بچووککردووەتەوە. جەستە و ئیرادەی ئێمەی ئیفلیج کردووە و ئێستاش ناچارمان دەکات بیپەرستین. ماشێنەکە نمو دەکات، بەڵام لەسەر ڕەوتی ئێمە نا، ماشێنەکە پێشدەکەوێت، بەڵام بەرەو ئامانجی ئێمە نا. ئێمە تەنیا بە هۆی هاتوچوونی خوێنی نێو دەمارەکانمانەوە دەژیین، گەر ماشێنەکە بیتوانیبا بەبێ ئێمە بەردەوام بێت، لێدەگەڕا بشمرین. ئای، هیچ چارەیەکم پێ نییە –تەنیا یەک چارە هەیە– ئەویش ئەوەیە کە بە مرۆڤەکان بڵێم و بڵێمەوە کە گردەکانی Wessexم بینیون، وەک چۆن کاتێک ئێلفرێد دانیمارکییەکانی وەدەرنان، بینیبوونی.

"خۆر ئاوا بوو. بیرم چوو باسی ئەو تەمە بکەم کە لەنێوان گردەکەی من و گردەکانی تردا نیشتبوو، ڕەنگی لە ڕەنگی مرواری دەچوو."

کونۆ لە قسەکردن وەستا.
دایکی بە ماندووییەوە وتی "بەردەوام بە."
کونۆ سەری بادا.
"بەردەوام بە، هەرچی بڵێی تازە کارم تێناکا."
"دەمویست باسی هەموویت بۆ بکەم، بەڵام ناتوانم: دەزانم کە ناتوانم."
ڤاشتی بە نیگەرانییەوە هەستا، لە حەژمەت کفرەکانی کونۆ دەماری گیانی هەستابوو. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کونجکۆڵ بوو.
وتی "ئەمە ڕاست نییە، تۆ لەوپەڕی دونیاوە منت بانگکردووە تا گوێ لە چیرۆکەکەت بگرم، منیش گوێ دەگرم. پێم بڵێ – زۆر بە کورتی– چونکە ئەمە کاتبەهەدەربردنە –پێم بڵی چۆن گەڕایتەوە ناو شارستانییەت."
کونۆ وتی، "ئۆو – شارستانییەت! تۆ باسی شارستانییەتت پێ خۆشە. بێگومان. باسی ئەوەم بۆ کردیت کە ئامێری هەناسەدانەکەم هاتە خوارەوە."
"نا، بەڵام لە هەموو شت تێدەگەم ئێستا. ئامێرەکەت لە خۆت بەست و بەرەو دەروازەیەک ڕووەو ژێر زەوی بەڕێکەوتیت و لەوێدا ئەم هەڵسوکەوتەت بۆ کۆمیتەی ناوەند ئاشکرا بوو."
"بە هیچ جۆرێک."
کونۆ نێوچەوانی خۆی سڕی و درێژەی دا بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی.
"دەمەوئێوارە بوو ئامێری هەناسەدانەکەم نیشتەوە سەر زەوی، وەک وتم بە شتی ترەوە سەرقاڵ بووبووم و هیچ بیری ماشێنەکەم نەمابوو. کاتێکیش توانای چوونەدەرەوەم لە چاڵەکە نەدەما، دەگەڕامەوە لای هەوا پەنگخواردووەکە، ئەو

هەوایە ئەشیا گەر با هەڵینەکردایە، تا چەند ڕۆژێک بەو شێوەیە لەوێدا بێت. درەنگ لەوە تێگەیشتم کە کاتێک چیتر هەوا لەبن زەوییەوە نەیەتە دەرەوە، مانای وایە ماشێنەکە ئەو بۆشاییەی پڕ کردووەتەوە.

ئاسمان بە شەو ڕوونتر بوو وەک لە ڕۆژ، مانگیش کە هێندەی نیوەی ئاسمان دەبوو، ڕۆشنایی خۆی بەسەر دۆڵەکەدا پەخش دەکرد. من لە شوێنی خۆم بووم، لەنێوان هەردوو ئەتمۆسفێرەکەدا. شتێکی ڕەش بەنێو چاڵەکەدا تێیفرتاندە درزەکەوە بۆ ژێر زەوی. بە بێعەقڵیی خۆم دوایکەوتم و خۆم نەوی کرد و گوێم شل کرد، گوێم لە دەنگی کڕاندنی زەوی بوو.

"لەمە سڵەمیمەوە، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو. ویستم ئامێری هەناسەدانەکەم لە دەم بنێم و لە چاڵەکە دەرچم. بەڵام ئامێرەکە دیار نەبوو، دەمزانی لە کوێدا کەوتووە -لەنێوان دەلاقەکە و گیرەی دەلاقەکەدا- تەنانەت هەستم بە بوونی شوێنەوارەکەی کرد کە لە گیایەکەدا دروستی کردبوو، بەڵام ئامێرەکە لەوێ نەمابوو. ئیدی زانیم کە خراپەکارییەک لە ئارادایە و باشتر وا بوو ڕاکەم، گەر بڕیار وا بێ بمرم، با ڕووەو ئەو هەورانەی ڕەنگیان لە ڕەنگی مرواری دەچێ، بمرم. بەڵام قەت پێم نەکرا. دەرچوون لە چاڵەکە زۆر زەحمەت بوو. ئامێرێکی وەک کرمی سپیی درێژ لە دەلاقەکەوە هاتبووە دەرەوە و لەبەر ڕۆشنایی مانگدا دەبینرا، بەسەر گیایەکەدا دەخشا.

"هاوارم کرد و هەرچی نەدەبوو بمکردبا، کردم. لەبری ئەوەی لێی هەڵبێم، پێم پێدا کوتا و ئەویش خۆی لە قولەپێمەوە ئاڵاند. یەکانگیر بووین. من بە هەموو دۆڵەکەدا ڕامدەکرد و

کرمەکەیش هەر وا لە قولەپیمەوە ئالابوو. هاواری یارمەتیم کرد (ئەم بەشە زۆر ناخۆشە و هەرگیز بۆت ناگێڕمەوە.) هاواری یارمەتیم کرد. (ئاخر ئێمە بۆچی ناتوانین بە بێدەنگی عەزاب بنۆشین؟) هاواری یارمەتیم کردەوە. پاشان قاچم لێک ئالان و کەوتم. بەناو گژوگیاکەدا و بە قەدپاڵی گردەکەوە کێش کرام، دۆڵەکە پڕی بوو لەو کرمانە، دەگەڕان بەدوای شتدا و کرمی دیکەش لە هەموو لایەکەوە لووتیان دەرهێنا –هەرچی بۆیان کێش کرا– بە من و گژوگیاکەوە لووشیان داینە دۆزەخەوە. دواین شت کە بینیم ئەستێرەی ئاسمان و سەرقاپە ئاسنینەکەی سەر کونەکە بوو کە بەسەرماندا داخرا. زۆریشم هەوڵ دا کە کێش نەکرێمەوە ئێرە، بەڵام سەرم کێشای بە پەیژەکەدا و دواجار لەم ژوورەدا بەخەبەرهاتم. کرمەکان دیار نەمابوون و بە هەوا و ڕووناکی و ئارامیی دەستکرد دەورە درابووم و هاوڕێکانم لە ئامێری پەیوەندییەوە لێیان دەپرسیم ئاخۆ هیچ بیرۆکەیەکی نوێم بۆ هاتووە."
لێرەدا چیرۆکەکەی کۆتایی پێ هێنا. گفتوگۆ لەبارەیەوە مەحاڵ بوو. ڤاشتی ڕووی وەرگێڕا تا بڕوا.
ڤاشتی لەژێر لێوەوە وتی "ئەمە بە بێلانەکردن کۆتایی دێت."
کونۆ وەڵامی دایەوە "خۆزگە وا دەبوو."
ڤاشتی وتی "ماشێنەکە زۆر میهرەبان بووە لەگەڵت."
کونۆ وتی "من میهری خودام پێ باشترە."
ڤاشتی وتی "بەم قسە پڕوپووچەت مەبەستت لەوەیە ئەتوانی لە هەوای دەرەوەدا بژییت؟"
"بەڵێ."
"لە نزیک دەروازەکانەوە، ئێسکوپروسکی ئەوانەت بینی کە لە ماشێنەکە هەڵگەڕانەوە؟"

"بەڵێ."
"بۆ پەندوەرگرتنی ئێمە لەوێدا جێهێڵراون. هەندێک توانییان بڕۆنە دەرەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو ئەوانیش مردن – گومانی تێدا نییە، ڕووی زەوی بەکەڵکی ژیان نایەت."
"ڕاستە."
"ڕەنگبێ تەڕاش و گژوگیا بتوانن لە هەوای دەرەوەدا بمێننەوە، بەڵام هیچ زیندەوەرێکی باڵا نەیتوانیوە. ئایا هیچ گالیسکەیەک، زیندەوەرێکی لەسەر ڕووی زەوی دیوە؟"
"نەخێر."
"هیچ وانەبێژێک باسی لێوە کردوون؟"
"نا."
"کەواتە ئەم هەموو لاسارییە بۆچی؟"
وتی "چونکە من ئەوانم بینیوە."
"چیت بینیوە؟"
"چونکە لە زەردەپەڕدا بینیم، چونکە ئەو هات بۆ یارمەتیم، کاتێک هاوارم دەکرد – چونکە کرمەکان ئەویشیان کێش کرد، بەڵام خۆش بە حاڵی ئەو کە کوشتیان."
کونۆ شێت و هار بووبوو، ڤاشتی ڕۆیشت و هەرگیز، دوای هەموو ئەو ئاڵۆزییانەش کە ڕوویان دا، کونۆی نەبینییەوە.

## بێلانەکان

لە دوو ساڵی دوای سەرکێشییەکانی کونۆدا، دوو گۆڕانکاریی گرنگ لە ماشێنەکەدا ڕوویان دا.
یەکێکیان نەهێشتنی ئامێری هەناسەدان بوو. خەڵکانی پێشکەوتووی وەک ڤاشتی هەمیشە پێیان وا بووە کە

سەردانکردنی ڕووی زەوی، شتێکی گەمژانەیە. ڕەنگبێ بوونی گالیسکە پێویست بێ، بەڵام چ لۆجیکێک لەوەدایە کە بە مۆتۆڕسکیل، یان بە پیادە بۆ چەند کیلۆمەترێک بەسەر ڕووی زەویدا بڕۆیت؟ لە ڕاستیدا هەڵسوکەوتێکی بازاڕی و کەمێکیش ناپەسەندانەیە: نە بیرۆکەی لێ دەکەوتەوە و نە پەیوەندیی بەو دابونەریتانەوە ماوە کە ئێستا گرنگ و لە ئارادان. بۆیە ئامێری هەناسەدان و مۆتۆرسکیلەکان قەدەغە کران، جگە لە چەند وانەبێژێک کە گلەیی دابڕان و دەستنەگەیشتن بە ماددەی وانەکەیان کرد، کەسی تر لاریی نەبوو. ئەوانەی دەیانویست بزانن ڕووی زەوی چۆن بووە و لە چی چووە، دەیانتوانی گوێ لە گرامافۆن بگرن، یان تەماشای سینەماتۆفۆت بکەن. تەنانەت وانەبێژەکانیش پەسەندی ئەم بڕیارەیان دا، چونکە کاتێک وانەکان تەنیا پارچەی لێکدراوی وانەی تر بن، وانەوتنەوە لەسەر کەناری دەریا، هیچ بزوێنەرتر نابێ لەوەی کە لەنێو خانەی ماشێنەکەدا بوترێتەوە. یەکێک لە وانەبێژە هەرە سەرکەوتووەکان دەیوت "بەدوور بن لە بیرۆکەی دەستی یەک! بیرۆکەی دەستی یەک لە ڕاستیدا بوونیان نییە و تەنیا هەڵهێنجراوی خۆشەویستی و ترسن؛ لەسەر ئەم بناغە گشتییە کێ دەتوانێت ئالای فەلسەفە بچەقێنێت؟ با بیرۆکەکانتان دەستی دوو بن، گەر کرا با دەستی دە بن، با تا دەکرێ لە بینینی ڕاستەوخۆوە دوور بن. هیچ لەبارەی شۆڕشی فەرەنسییەوە فێر مەبن، بەڵکو فێر ببن من ڕام چییە لەسەر ڕای ئێنشارمۆن لەبارەی ڕای یوریزن سەبارەت بە ڕای گوتچ لەسەر ڕای هۆ-یونگ لەسەر ڕای چو-بۆ-سینگ لەسەر ڕای لافکادیۆ لەسەر ڕای کارلایەڵ لەسەر ڕای میرابۆ لەبارەی شۆڕشی فەرەنسییەوە. لەڕێی ئەم دە کەسە

بلیمەتەوە، ئەو خوێنەی کە لە پاریس ڕژا و ئەو پەنجەرانەی کە لە ڤێرسای شکان، بۆت ڕوون دەبێتەوە و دەبێتە بیرۆکەیەک کە لە ژیانی ڕۆژانەتدا سوودی لێ وەربگریت. بەڵام ئاگادار بە ئەو بیریارانەی هەڵیاندەبژێریت هەمەجۆرن، چونکە لە مێژوودا بیریارێک بۆ بەرهەڵستیی بیریارێکی تر هەیە. یوریزن دەبێت بەرهەڵستیی هۆ-یونگ و ئێنشارمۆن دەکات، من خۆم بەرهەڵستیی ڕایە پێشوەختییەکانی گوتچ دەکەم. تۆ کە گوێ لە من دەگریت، باشتر لە من شۆڕشی فەرەنسیت بۆ هەڵدەسەنگێنرێت. نەوەکانت باشتر لە تۆ، چونکە ئەوان ڕای تۆ لەبارەی ڕای منەوە دەزانن و بیریارێکی تر دەکەوێتە نێوەندەکەوە. ئەوسا —دەنگی بەرز کردەوە- ئەوسا نەوەیەک پەیدا دەبێت، بەدەر لە حەقیقەت و بێباک لە ڕا و بۆچوون، جیلێک تەواو بێڕەنگ، نەوەیەک فریشتە-ئاسا ئازاد و بەبێ یەک تۆزقاڵ کەسایەتی، کە شۆڕشی فەرەنسی دەبینێت، نەک وەک ئەوەی کە ڕووی دا و نەک وەک ئەوەی کە حەز بکات ڕووی دابێت، بەڵکو وەک ئەوەی کە ئەگەر لە سەردەمی ماشێنەکەدا ڕووی دابا چۆن ڕووی دەدا."

ئەم وانەیە چەپڵەڕێزان کرا و دووپاتی ئەو هەستەی کردەوە کە ڕاستییەکانی سەر ڕووی زەوی دەبێ فەرامۆش بکرێن و نەهێشتنی ئامێری هەناسەدانەکان دەستکەوتێکی باشە. تەنانەت پێشنیاز کرا کە گالیسکە هەواییەکانیش نەهێڵرێن. بەڵام ئەوە نەکرا، چونکە بە جۆرێک لە جۆرەکان گالیسکەکان ترنجابوونە سیستەمی ماشێنەکەوە. بەڵام ساڵ دوای ساڵ کەمتر بەکار دەهێنران و کەمتر بە دەمی مرۆڤگەلی پێشکەوتوودا دەهاتن.

دووەم ڕووداوی گرنگ، دامەزراندنەوەی ئایین بوو.
ئەم باسەیش لە وانەکەدا هاتبوو. کەس نەیدەتوانی نکوڵی لەو تۆنە بکات کە دەرسدادانەکەی پێ کۆتایی هێنرابوو و ختورەی بە دڵی هەمواندا هێنابوو. ئەوانەی کە لەمێژ بوو بە بێدەنگی پەرستنی خۆیان کردبوو، ئێستا کەوتنە باسکردنی. باسی ئەو هەستە ئارامبەخشەیان دەکرد کە لە کاتی دەستبردن بۆ کتێبی ماشێنەکە، باڵیان بەسەردا دەکێشی، ئەو خۆشییەی کە دووبارەکردنەوەی هەندێک لە یاساکانی پێیان دەدات. ئەو مەستبوونەی کە دەستدان لە دوگمەیەکی، هەرچی چەندێکیش بێکەڵک بێ، پێیان دەدات.
"ماشێنەکە خواردنمان دەداتێ و دەمانپۆشێ و حەشارمان دەدات؛ لێیەوە قسان لەگەڵ یەکتری دەکەین، لێیەوە یەکتری دەبینین، لێیەوە هەین. ماشێنەکە هاوڕێی بیرۆکەیە و دوژمنی خورافیات." زۆری نەبرد ئەم وتەیە خرایە سەر یەکەمین لاپەڕەی کتێبەکە و لە چاپەکانی داهاتوودا بووە نەریتێکی فووتێکراو و سیستەمی پیاهەڵدان و نزابۆکردن. هەرچەند خۆیان لە وشەی 'ئایین' لادەدا و لە تیۆریدا ماشێنەکە هێشتا دروستکاری مرۆڤ بوو، بەڵام لە کرداردا وەک شتێکی ئاسمانی، دەیانپەرست. هەمووش وەک یەک نەیاندەپەرست. باوەڕدارێک شەیدای دەفرە شینەکانی، کە لێوەی یەکتریان دەبینی، دەبوو. باوەڕدارێکی دی عاشقی ئامێری چاککردنەوەکانی، ئەوەی کە کونۆی گوناهبار بە کردم ناوی دەبردن، دەبوو. باوەڕدارێکی تر کتێبەکەی دەپەرست. هەر کەسە و شتێکی دەپەرست و داوای لێ دەکرد کە داوای لێخۆشبوونی لای ماشێنەکە بۆ بکات. لەسێدارەدان – هەر مابوو. بەڵام بە هۆی چەند پێشهاتێکەوە، کە دواتر باسیان

دەکەین، جێبەجێ نەکرا. بەڵام هەموو لە ناوەوەڕا دەیانزانی بوونی هەیە و ئەوانەیش کە نەچووبوونە ژێر باری قبووڵکردنی کەمترین ئاستی ماشێن-پەرستی، لەژێر ترسی وەدەرنان و بێخانەکردندا دەژیان، ئەوش مانای مردن بوو.

ڕاستە کۆمیتەی ناوەند ئەم دوو گۆڕانکارییەی ڕاگەیاند، بەڵام پاشاکانی سەردەمی ئیمپیریالیستی چەندێک هۆکاری شەڕەکان بوون، ئەمانیش هەر ئەمەندە؛ بەڵکو لەژێر فراشێکدا کە کەس نەیدەزانی لە کوێوە و لە کێوە هات، ئەم گۆڕانکارییانەیان بەرپا کرد. کەس ددانی پێدا نەدەنا کە ماشێنەکە لەدەست دەرچووە. ساڵ لەدوای ساڵ ماشێنەکە کارامەتر دەکرا و پێویستیی بە کەمترین بەڕێوەبردن دەبوو. کەسێک هەتا باشتر لە کاری خۆی لەبارەی ماشێنەکەوە شارەزا ببوایە، کەمتر لە کاری کەسێکی تر لەبارەی ماشێنەکەوە دەیزانی، هەتا وای لێ هات کەس بە تەواوی لە تەواوی دێوەزمەکە نەدەگەیشت. ئەو بلیمەتانەی لە ماشێنەکە سەریان دەردەکرد، مردبوون و ڕاستە ئاڕاستەنامەیان جێهێشتبوو و هەریەک لە جێگرەوەکانیان لە بەشێکدا شارەزاییان پەیدا کردبوو، بەڵام مرۆڤایەتی پێشی بە خۆی دابووەوە. سەروەتە سروشتییەکانی لە بن هێنابوون و بێدەنگانە، بەڵام لەخۆباییانە بەرەو پووکانەوە دەڕۆیشت. هەرچی پێشکەوتنیشە، مانای پێشکەوتنی ماشێنەکە بوو.

هەتا دوایین کارەسات، ڤاشتی ژیانی باش بەڕێوە دەچوو. ژوورەکەی خۆی تاریک دەکرد و دەنوست؛ ژوورەکەی ڕووناک دەکردەوە و بەخەبەر دەهات. وانەی دەوتەوە و گوێی لە وانەبێژان دەبوو. لەگەڵ هاوڕێ بێشومارەکانیدا بیرۆکەی دەگۆڕییەوە و پێی وا بوو لە ڕووی ڕۆحییەوە گەشە دەکات. ناوبەناویش هاوڕێیەک داوای کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی

دەکرد و خانەکەی چۆڵ دەکرد. ڤاشتی دڵگران نەدەبوو. ئەم خۆیشی زۆر جار دوای وتنەوەی وانەیەکی خراپ، داوای کوشتنی خۆی لە ماشێنەکە دەکرد، بەڵام ڕێگە نەدەدرا ڕێژەی مردن، ڕێژەی نەوەخستنەوە تێبپەڕێنێت و ماشێنەکە داواکەی ڕەت دەکردەوە.

کێشەکان بەکاوەخۆ و دەمێک پێش ئەوەی ئەم لێیان بەئاگا بێت، دەستیان پێ کرد.

ڕۆژێکیان نامەیەکی لە کوڕەکەیەوە پێگەیشت و سەرسامی کرد. ئاخر ئەمان لە گفتوگۆ دابڕابوون و هیچ شتێکی هاوبەش پێکەوەی نەدەبەستنەوە؛ لێرەولەوێ بیستبووی کە کوڕەکەی هێشتا لە ژیاندا ماوە و بۆ نیوەگۆی باشوور-بۆ خانەیەک نزیک ئەوەی دایکی- هەنێردراوە.

ڤاشتی گوتی "ئاخۆ بیەوێ سەردانی بکەم؟ هەرگیز، هەرگیز. من کاتی ئەوەم نییە."

نا، سەرشێتییەکەی تر بوو ئەمجارە.

کونۆ نەیویست ڕوخساری لە دەفرە شینەکەوە دەربخا و لە تاریکییدا بە دەنگێکی ماتەوە گوتی، "ماشێنەکە دەوەستێت."

"وتت چی؟"

"ماشێنەکە دەوەستێت، دەزانم، ئاماژەکانی دەبینم."

ڤاشتی دای لە پڕمەی پێکەنین. کونۆ گوێی لە پێکەنینەکەی دایکی بوو و تووڕە بوو و چیتر قسەیان نەکردەوە.

"شتێکی لەوە پڕوپووچترت بیستووە؟" ڤاشتی بە هاوڕێیەکی خۆی وت "پیاوێک کە پێشتر کوڕم بوو، پێی وایە ماشێنەکە دەوەستێت. ئەمە ئەگەر سەرشێتی نەبێت، کوفرە."

هاوڕێکەی وتی "ماشێنەکە دەوەستێت؟ ئەمە یانی چی؟ ئەم ڕستەیە چ واتایەکی نابەخشێت."

فاشتی وتی "منیش تێی ناگەم."
"ئاخۆ بڵێی مەبەستی ئەو وردە کێشانەی ئەم دواییە بێ، کە ئامێری موزیکەکە هەیەتی؟"
"نا، بێگومان نا. بەڵام با باسی موزیک بکەین."
"گلەییت گەیاندووەتە لای فەرمانبەرانی موزیک؟"
"بەڵێ، وتیان پێویستی بە چاککردنەوە هەیە و ڕادەستی کۆمیتەی چاککردنەوەیان کردم. گلەییم لەو دەنگانە کرد کە لە سیمفۆنیای سکوڵی بریسبەینەوە دێت. دەڵێی دەنگی کەسێکە ئازار بکێشێ. کۆمیتەکە وتیان بەو زوانە چاکی دەکەن."
لە ناوەوەیڕا نیگەران، بەڵام لە ژیانی خۆی بەردەوام بوو. ئەو خەوشەی نێو ئامێری موزیکەکە بێزاری کردبوو. نەیشیدەتوانی قسەکانی کونۆ لە بیر خۆی بباتەوە. ئەگەر کونۆ بە تێکچوونی موزیکەکەی زانیبێ –بەڵام نەیدەزانی، چونکە کونۆ حەزی لە موزیک نەبوو– ئەگەر زانیبێتی ئەوا بۆیە قسەیەکی وەها ناشیرینی وەک "ماشێنەکە دەوستێت"ی دەکرد. یان ئاخۆ هەردووکی ڕێکەوتە، ئەمە ڤاشتیی نیگەران کردبوو. بۆیە کاتێک قسەی لەگەڵ کۆمیتەی چاککردنەوەکە دەکرد، دەتگوت شەڕ دەفرۆشێ.
ئەوان وەک جاری پێشوو وەڵامیان دایەوە، کە بەو زوانە چاک دەکرێ.
"بەو زوانە! بۆ دەبێ غەم لە موزیکی عەیبدار بخۆم؟ شتەکان هەمیشە یەکسەر چاک دەکرێن، نەک بەو زوانە. گەر هەر ئێستا چاکی نەکەن، سکاڵاکەم بەرز دەکەمەوە بۆ کۆمیتەی ناوەند."
"کۆمیتەی ناوەند چ سکاڵایەکی کەسی وەرناگرێت."
"ئەی گوایە دەبێ لای کێ سکاڵا تۆمار بکەم؟"
"لای ئێمە."

"کەواتە سکاڵا دەکەم."
"سکاڵاکەت، کە نۆرەی هات، وەردەگیرێ."
"کەسانی تریش سکاڵایان کردووە؟"
ئەم پرسیارە ناتەکنیکی بوو، بۆیە کۆمیتەی چاککردنەوە وەڵامیان نەدایەوە.
ڤاشتی لای هاوڕێیەکی تری وتی "بەداخەوە، هەرگیز ژنێکی وەک من بەدبەخت نەبووە. ئیتر قەت چێژ لە موزیکەکەم نابەم. هەرچی جارێک داوای دەکەم، خراپترە لە پێشوو."
هاوڕێکەی وتی "منیش کێشەم لەگەڵی هەیە، هەندێ جار دەنگێکی زیقن بیرۆکەکانم پێ دەپچڕێنێت."
"چی دەنگێک؟"
"نازانم ئایا لە گوێمدایە، یان لە دیوارەکاندا."
"هەر کامێکیان بێ، سکاڵا بکە."
"سکاڵام کردووە، کە نۆرەم هات، سکاڵەکەم بەرز دەکرێتەوە."
کات ڕۆیشت و ئەمان چیتر بە خەوشەکان بێزار نەدەبوون. کێشەکان چارەسەر نەکران، بەڵام مرۆڤی ئەو سەردەمە هێند ملکەچ بوو، کە زۆر بە ئاسانی لەگەڵ خولقی ماشێنەکەدا ڕادەهاتن. دەنگی هەناسە قووڵەکەی ناو سیمفۆنیاکەی بریسبەین چیتر ڤاشتیی بێزار نەدەکرد؛ وەک بەشێک لە ئاوازەکە قبووڵی کردبوو. هاوڕێکەی ڤاشتی چیتر ڕقی بەو دەنگە زیقنەی کە لە سەریدا، یان لە دیوارەکاندا بوو، هەڵنەدەستا. لەگەڵ میوە دەستکردە کەڕواوییەکاندا و لەگەڵ ئاوی حەمامەکەدا، کە بۆگەنی لێ دەهات و لەگەڵ ئەو قافیە ناڕێکانەدا کا ئامێری شیعردروستکردنەکە نەیتوانیبوو لایان ببات؛ شتەکان بێ بەرەنگاربوونەوە لە خراپەوە، خراپتر دەبوون.

بــــه پێچەوانـــــەوە، کاتێـــک کـــــەموکوڕی کەوتــــە ئـــامێری نووستنەکەوە، مرۆڤەکان لێی بێدەنگ نەبوون. ئەو ڕۆژە هات کە لە سەرانسەری دنیاوە -لە سوماترا و ویسێکس و شارە بێشومارەکانی کورلاند و بەرازیلەوە- جێخەوەکان، بە قسەی خاوەنە ماندوو و خەواڵووەکانیان نەدەکرد و ئامادە نەدەبوون. ڕەنگبێ ئەمە کێشەیەکی سەیروسەمەرە بێت، بەڵام دەکرێ ئەمــە بــە ڕووخــانی مرۆڤایــەتی هــەژمار بکــەین. کۆمیتــەی بەرپرس لە چاککردنی ئەو گرفتە بوو بەژێر سکاڵاوە، کە وەک هەمیشە بۆ کۆمیتەی چاککردنەوەی بەرزکردەوە و ئەوانیش سوور بوون لەسەر ئەوەی کە سکاڵاکانیان بۆ کۆمیتەی ناوەند بەرز دەکرێتەوە. بەڵام ناڕەزایەتییەکان زۆر بوون و مرۆڤ هێشتا بە باشی لەگەڵ نەخەوتندا ڕانەهاتبوو.

وتیان "کەسانێک دەستکاریی ماشێنەکەیان کردووە---"

"کەسێک دەیەوێ خۆی بکات بە میر و بوونی مرۆڤ زیندوو بکاتەوە."

"ئەو پیاوە بە بێخانەکردن سزا بدەن."

"ماشێنەکە ڕزگار بکەن! ڕزگاری بکەن! تۆڵەی ماشێنەکە بکەنەوە!"

"جەنگ! ئەو پیاوە بکوژن!"

بەڵام کۆمیتەی چاککردنەوە هەر زوو ترسەکەیان بە هەندێک وشەی تاسولوسدراو ڕەواندەوە. وتیان گوایە ئامێری چاککردنەوەکان خۆیان پێویستیان بە چاککردن هەیە.

ئەم ددانپێدانانە ڕاستگۆیانەیە کاریگەرییەکی باشی هەبوو.

وانەبێژەکەی شۆڕشی فەڕەنسی، کە ڕەونەقی بە هەر عەیبوعارێکی نوێی ماشێنەکە دەدا، وتی "بێگومان، نابێ ئیتر سکاڵا بکەین، ئامێری چاککردنەوەکە زۆر باش بووە لەگەڵمان.

با لێگەڕێین بەپێی بواری خۆی، چاک ببێتەوە و کارەکانی بکات. لە هەمان کاتدا با ئێمە لێگەڕێین بەبێ جێگەخەوەکانمان بین، بەبێ گۆڤار و ویستە پڕوپووچەکانمان بین. من پێم وایە ماشێنەکەیش وا بخوازێ."

لە دووریی هەزاران میلەوە، بیستەرەکانی چەپڵەیان لێ دا. هێشتا بە هۆی ماشێنەکەوە پێکەوە لە بن زەریا و لە بن ڕەگی درەختەکانەوە، پەیوەندیدا مابوونەوە. بەڵام پیر و ناساغەکان نارازی مانەوە، چونکە دەنگۆ هەبوو کە پرۆگرامی خۆکوژییەکەش لەکار کەوتووە و ئازار بووەتەوە بە بەشێک لە ژیانی مرۆڤ.

خوێندنەوەش ئەستەم بوو. بەڵایەک کەوتە کەشوهەواوە و تەڵخی کرد، هەندێ جار ڤاشتی بە ئاستەم ئەوبەر ژوورەکەی خۆی دەبینی. سکاڵاکان زۆر و چارەسەرەکان سەرزارەکی و دەنگی وانەبێژەکە زوڵاڵ و قارەمانانە بوو، کاتێک هاواری دەکرد "غیرەتتان بێ! چی لەوە گرنگترە کە ماشێنەکە بەردەوام بێ؟ لای ماشێنەکە تاریکی و ڕووناکی یەک شتە!". هەرچەندە بۆ ماوەیەک بەرەو باشی چوون، بەڵام هەرگیز ئەو ڕووناکییەی جاران نەگەڕایەوە و مرۆڤایەتی نەیتوانی خۆی لە لەناوچوون دەرباز بکات. دەنگۆیەکی سەیر هەبوو لەبارەی "ڕێوشوێن" و "دیکتاتۆریەتی کاتی"یەوە. داوا لە دانیشتوانی سوماترا کرا خۆیان بە چۆنیەتیی کارپێکردنی وێستگەی وزەی ناوەندییەوە ئاشنا بکەن، لە کاتێکدا ئەو ناوەندی وزەیە لە فەرەنسا بوو. ترس باڵی کێشا و خەڵکی کەوتنە نزاکردن بەدیار کتێبی ماشێنەکەوە، تاکە بەڵگەی توانایی ماشێنەکە. ترس بە شێوەیەکی ڕێژەیی هورووژمی هێنا –جاروبار دەنگۆی باشبوونی دۆخەکە هەبوو– گوایە ئامێری

چاککردنەوەکە خەریکە چاک دەکریێ –دوژمنانی ماشێنەکە دەستبەسەر کراون– ناوەندی نوێ دامەزراون کە دەتوانێ کاروبارەکان لە جاران باشتر بەڕێوە ببات. بەڵام ڕۆژێک لەناکاو بەبێ هیچ ئاماژەیەکی پێشوەخت، سیستەمی پەیوەندییەکان لە کار کەوت و ئەو جیهانەی کە پێی ئاشنابوون، نەما. لەو کاتەدا ڤاشتی سەرقاڵی وتنەوەی وانەیەک بوو، بڕگەی پێشووی وانەکەی بە چەپڵەی گوێگرانی کۆتایی هاتبوو، بەڵام لە کۆتایی وانەکەیدا گوێی لە هیچ چەپڵەیەک نەبوو، نەختێک دڵگران بوو، بۆیە پەیوەندیی کرد بە هاوڕێیەکیەوە کە پسپۆری هەست و سۆز بوو. ئەویش دەنگی نەبوو، بێگومان نوستووە. پەیوەندیی کرد بە هاوڕێیەکی تر و هاوڕێیەکی تر و یەکێکی تریشەوە، هەتا دوایین وشە پەنهانەکانی کونۆی بیرهاتەوە، "ماشێنەکە دەوەستێت."

ئەو دەربڕینە هێشتا لای ڤاشتی هیچ واتایەکی نەدەبەخشی. گەر بە هۆی ڕۆژی حەشرەوە بوەستێت، ئەوا لەناکاو دەوەستێت، نەک وردەوردە، بۆ نموونە، هێستا کەمێک ڕووناکی و هەوا هەیە – تەنانەت چەند سەعاتێک پێشتر هەواکە پاقژتر بووبوو. هێشتا کتێبەکە، سەرچاوەی دڵنیایی، بوونی هەیە.

پاشان ڤاشتی هێزی لێ بڕا، چونکە لەگەڵ نەمانی چالاکییەکاندا، ئەو بێدەنگییە چاوەڕواننەکراوە تۆقاندی. ئاخر ئەو هەرگیز بێدەنگییەکی لەو جۆرەی بەخۆوە نەدیبوو، ئەو بێدەنگییە ئازارێکی بڕستلێبڕی بەناو سەریدا هێنا، وەخت بوو دەیکوشت – هەر زوو هەزارەها خەڵکی کوشت. ڤاشتی لە یەکەم ڕۆژی بوونیەوە بە وژەیەکی بەردەوام ڕاهاتبوو، وەک بوونی هەوا بۆ سییەکان، بوونی ئەو دەنگە بۆ گوێ پێویست

بوو. بە نیمچەئاگاییەوە دەستی نا بەو دوگمەیەدا کە کەمترین جار بەکاری هێنابوو، دوگمەی کردنەوەی دەرگەی خانەکەی. دەرگەکە بە هۆی گرێژنەکەی خۆیەوە بە سانایی کرایەوە ، ئێستا ئیدی پەیوەست نەبوو بە ناوەندی وزەوە لە فەرەنسا. لەگەڵ کرانەوەیدا ڤاشتی هیوای تێگەڕا کە ماشێنەکە چاککرابێتەوە. تونێلە نیوە ڕۆشنەکەی بینی کە بەرەو دەرگەی دەرچوون و ڕزگاری پێچی خواردبوو. سەرێکی دەرکێشا و خۆی هاویشتەوە نێو خانەکەی، چونکە تونێلەکە پڕ بوو لە خەڵک – وەک بڵێی ئەم دوایین کەس بێت لەو شارەدا لە زەنگی مەترسییەکە وەئاگا هاتبێ. خەڵک پاڵەپەستۆیان بوو، وەک خەونێکی ناخۆش دەهاتە پێش چاوی، خەڵک لەسەر سک دەڕۆیشتن، دەیانقیژاند، دەستیان لەیەک دەدا، هەوڵی وەگرتنی هەوایان دەدا، زۆرێک کەوتنە بەر سکەی گالیسکەکان و لە تاریکاییدا دیار نەمان. هەندێک هەوڵیان دەدا زەنگی گالیسکەکان لێ بدەن تا بێن و بیانگەنێ، بەڵام چ گالیسکەیەک نەهات. هەندێک هاواری خۆکوژییان دەکرد و هەندێک هاواری ئامێری هەناسەدان. هەندێک ماشێنەکەیان بەنەفرەت دەکرد. هەندێک، وەک ئەم، لەناو دەرکی خانەکانیاندا واقوڕماو وەستابوون و نەیاندەزانی تیایدا بمێننەوە، یان بەجێی بهێڵن. لە باکگراوندی ئەو هەموو ژاوەژاوەدا، بێدەنگییەک هەبوو – ئەو بێدەنگییەی کە دەنگی زەوی و دەنگی مردوانی پێشوو بوو.

نا – خراپتر بوو لە تەنیایی. دەرگەکەی داخستەوە و دانیشت و چاوەڕوانی کۆتایی کرد. لەگەڵ زرمە وناڵەی سامناکدا، لەبەریەکهەڵوەشانی ماشێنەکە بەردەوام بوو. ئەو گیرانەی کە ئامێری پزیشکییەکەیان بەند کردبوو، ترازان و لە ساپیتەکەوە شۆڕبوونەوە. زەوییەکە داچوو و ڤاشتی لە کورسییەکەی

هەڵپلا. تیوبێک وەک مار بەرەو ڤاشتی چوو. دواجار ڕووناکی نەما و ڤاشتی زانیی ئەمە دوایین ڕۆژی ژیارییە.
ڤاشتی لە خانەکەیدا دەخولایەوە و ماچی کتێبەکەی دەکرد و نزای ڕزگاربوونی دەکرد و دەستی دەنا بە دوابەیەکی دوگمەکاندا. دەنگەدەنگی دەرەوە زیادی دەکرد و لە دیواری خانەکەیەوە دەبیسترا. هێدی هێدی ڕووناکایی لە ژوورەکەیدا نەما و نە دوگمە و نە کتێبەکەیشی نەدەبینی، هەرچەند توند لە دەستیدا گرتبووی. هێندەی نەدەبرد خانەکەی ڕووناک دەبووە و پاشان دەنگەدەنگی زۆری دەبیست و هەوا بە فشار دەهات و ڤاشتی وەک شێت دەخولایەوە و بە پەنجەی خوێناوییەوە لێکدا لێکدا دەستی دەنا بە دوگمەکاندا. بەم جۆرە دەرگەکەی کردەوە و لە بەندیخانەکەی هەڵات – لانیکەم من پێم وایە کە ڕۆحی ڤاشتی ڕزگاری بوو؛ بەڵام وەک جەستە پێم وا نییە توانیبێتی. بە ڕێکەوت دەستی بەر دوگمەی کردنەوەی دەرگەکە کەوتبوو، کاتێک هەوای بۆخنکی دەرەوەی هەڵمژی، زانیی لە بەردەم تونلێکەدایە، بەڵام ژاوەژاوەکەی پێشوو ئێستا تەنیا نرکەوناڵە بوو. بە سەدەها خەڵک لەو تاریکاییەدا دەمردن. چاوانی پڕ بوون لە فرمێسک.
فرمێسک بوونە وەڵامی.
بۆ مرۆڤ گریان، هەردووکیان، نەک بۆ خۆیان. نەیاندەتوانی بڕوا بەوە بکەن کە ئەمە کۆتاییەکەی بێ. بەر لە گەیشتنی بێدەنگیی سەرتاسەری، ئێستا ئیدی تێگەیشتن، تێگەیشتن کە چی لەسەر ئەم زەوییەدا گرنگ بووە. مرۆڤ گەشترین گوڵی گیانداران، ڕەسەنترین مەخلوق، مرۆڤ کە خودای لە وێنەی خۆی خولقاند و لە گەلەئەستێرەکاندا هێزی پێ دا. مرۆڤی ڕووت و جوان لەنێو دەستکردنی چنراوی خۆیدا دەخنکا و

لەناودەچوو. سەدە لەدوای سەدە ڕەنجی دابوو، ئەمەش دەرەنجامەکەی بوو. لە ڕاستیدا دەستکردەکانی لە سەرەتادا جوان بوون، ڕەنگی کولتووریان پێدا پرژێنرابوو، بە تەقەڵی نکوڵیلەخۆکردن دروابوو. جوانیش بوو گەر تەنیا بەرگێک بوایە و لەوە زیاتر نەبوایە، هەر کاتێک ویستبای دایکەندایە و بە جوانییە ڕاستەقینەکەی ناوەوەی خۆی، بە جوانیی ڕۆح، بە جەستەی خۆی بژیایە. گریان بۆ ئەو گوناهەی دەرهەق بە جەستە کردبوویان؛ ئەو هەموو ناهەقییانەی لەگەڵ هێزی بازوو و ئەو پێنج هەستەوەرەی کە تەنیا و تەنیا لێیانەوە وەردەگرین.

ڤاشتی وتی "لە کوێیت؟"

کونۆ لە تاریکاییەکەوە وتی "لێرەم."

"هیچ هیوایەک هەیە کونۆ؟"

"بۆ ئێمە نا."

"کوایت، لە کوێیات؟"

ڤاشتی بەسەر لاشەی مردووەکاندا ڕۆیشت، خوێنی کونۆ بە دەستیدا ڕژا.

"زووکە، وا دەمردم، بەڵام ئەوەتانێ قسە دەکەین و دەست لە دەستی یەک دەدەین، بەبێ ماشێنەکە."

کونۆ ماچی دایکی کرد.

"ئێمە گەڕاینەوە بۆ خودی خۆمان، ڕاستە وا دەمرین، بەڵام ژیانمان بەدەستهێنایەوە، وەک ئەو کاتەی لە وێسێکس یلفرێد دانیمارکییەکانی وەدەر نا. ئێستا ئێمە وەک ئەوانەی لەسەر ڕووی زەوی ژیان، وەک ئەوانەی کە لەژێر هەوری ڕەنگمرواریدا ژیان، تێدەگەین."

"بەڵام کونۆ، ئایا هەر بەڕاستی مرۆڤ هەن لەسەر ڕووی زەوی؟ ئایا ئەم ژێرزەوییە ژەهراوییە کۆتایی نییە؟"

کونۆ وەڵامی دایەوە:
"من بینیومن، قسەم لەگەڵدا کردوون، خۆشم ویستوون. ئەوان لەنێو تەم و گژوگیادا خۆیان حەشارداوە، تا ئەو ڕۆژەی ئێمە تەواو دەبین. ئەمڕۆ ئێمە بێلانەین، سبە---ینێ---"
ئۆهـ سبەینێ گەمژەیەک ماشێنەکە دروست دەکاتەوە."
کونۆ وتی "هەرگیز، ئیدی مرۆڤایەتی پەندی خۆی وەرگرت."
کاتێک کونۆ قسەی دەکرد، تەواوی شارەکە وەک شانەی هەنگ دارِما، گالیسکەیەک لە دەروازەیەکەوە خۆی کرد بەناو وێرانەکەدا و لەگەڵ نیشتنەوەیدا تەقییەوە. بۆ ساتێک، لەبەر ڕووناکییەکەیدا، تەرمی مردووەکانیان بینی و پێش مردنی خۆیشیان، گۆشەیەک لە ئاسمانی پاک و بێگەردیان بینی.

* ئێدوارد مۆرگن فۆرستەر (١٨٧٩ – ١٩٧٠)، ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی بەریتانی، زیاتر بە هۆی ڕۆمانی 'گەشتێک بۆ هیندوستان' ناسراوە. لە تەمەنی منداڵیدا باوکی دەمرێت و دایکی و خوشکەکانی باوکی بەخێوی دەکەن. دایکی کەسێکی لیبراڵ و کراوە و پوورەکانی کەسانی دیندار بوون و گرنگیی تەواویان بە ڕەوشتبەرزی دەدا. فۆرستەر لە نێوان ئەم دوو جۆرە لە خێزان و ئەم دوو جۆری پەروەردەکردنەدا، تێگەیشتنێکی قووڵ لە کێشە و ناکۆکیی خێزانیی پەیدا دەکات. 'ماشێنەکە دەوەستێت' چیرۆکێکی خەیاڵی زانستییە، تیایدا فۆرستەر وێنای سەردەمێک دەکات کە مرۆڤ بە تەنیا لە خانەی سەربەخۆدا، لە چینەکانی ژێر زەویدا دەژین. ئەم خانە سەربەخۆیانە تەنیا بە هۆی 'ماشێنەکە'وە بە یەکترییەوە بەستراون. ماشێنەکە تۆڕێکی تەکنەلۆجیی زەبەلاحە، کە هەموو پێداویستییەکانی دانیشتوانی نێو خانەکان دابین دەکات. هەموو پێداویستییەک، جگە لە خۆشەویستی و خەیاڵ. دوو پێداویستی، کە مرۆڤی ئەو سەردەمە بیری چووەتەوە، ئەمانە هەرە سەرەکیترین پێداویستیی ڕۆحین. لەو سەردەمەدا یەکەی خێزان بوونی نەماوە و کاری دایک و باوکایەتی لەدوای خستنەوەی نەوە، کۆتایی دێت. منداڵەکان لە دایەنگەی گشتیدا بەخێودەکرێن و دایەکان

بۆیان هەیە بەپێی ویستی خۆیان سەردانی منداڵەکان بکەن. دواتر، بەپێی سەرژمێریی ماشێنەکە، بۆ خانەی خاڵی دەنێردرێن، تا ژیانی سەربەخۆی خۆیان بژین. لە ڕێی ماشێنەکەوە خواردن و هەوا بۆ خانەکان دەچێت و دوگمەی تایبەت بە دابینکردنی موزیک و شیعریش هەن. بەڵام ئەمانە بۆ کونۆ بەس نین و داوای بینی ڕاستەوخۆ لە دایکی دەکات. ئەو دەزانێت ماشێنەکە لە ڕەهەندە مرۆڤانەکانی دابڕیون و چێژی هەستکردن بە مەودا و دووری و نزیکی و دەستلێدان و بۆنکردنی لێ سەندوونەتەوە. کونۆ لە ماشێنەکە هەڵدەگەڕێتەوە و هەوڵی دەرچوون دەدات، بەڵام کاتێک کۆمیتەی ناوەندیی ماشێنەکە، بەو سەرکێشییەی دەزانن، بۆ خانەیەکی تر دەینێرن و هەڕەشەی بێخانەکردنی لێ دەکەن.

# له وڵاتێکی تر

**ئێرنەست هێمینگوەی**

لە پاییزدا جەنگ هەمیشە و هێشتا حزووری هەبوو، بەڵام ئێمە ئیدی تیایدا بەشدار نەبووین. لە پایزدا میلان سارد بوو، زوویش تاریک دادەهات. چراکان دادەگیرسان و تەماشاکردنی شەقام لە پەنجەرەکانەوە خۆش بوو. حەیوانێکی زۆر بە دیوی دەرەوەی دوکانەکاندا هەڵواسرابوون بۆ فرۆشتن، بەفر بە خوریی ڕێوییەکانەوە دەمایەوە و بایەکە کلکیانی دەجووڵاند. ئاسکەکان قورس و وشکهەڵاتوو، شۆڕ بووبوونەوە، باڵندە بچووکەکانیش لەگەڵ شەپۆلی بادا، دەفڕین. پایزێکی سارد بوو، با لە شاخەکانەوە بەرەوخوار هەڵیدەکرد.

هەموو ئێوارەیەک ئێمە لە نەخۆشخانەکە بووین. لە ئێوارانی ناوشاردا چەند ڕێگەیەکی جیاواز هەبوو بەرەو خەستەخانە دەیبردیت. دوو لە ڕێگەکان بە کەناری چەمێکەوە بوون، بەڵام دوورودرێژ بوون. هەمیشە دەبوو بەسەر پردێکی سەر چەمەکەوە بپەڕیتەوە تا بگەیتە نەخۆشخانەکە. لەنێوانی سێ پرددا، هەڵبژاردە هەبوو. لەسەر یەکێکیان ژنێک کەستانەی برژاوی دەفرۆشت. ڕاوەستان لەپێش ئاگری خەڵووزەکەیدا

گەرمی دادەهێنای، کەستانەکانیش لە گیرفاندا گەرم و خۆش بوون. نەخۆشخانەکە زۆر کۆن و زۆریش جوان بوو. لە دەروازەیەکەوە دەچوویتە ژوورەوە و بە گۆڕەپانەکەیدا تێدەپەڕییت و لە دەروازەیەکی ترەوە دەهاتیتە دەرەوە. زۆر جار گۆڕەپانەکە پرسەی لێ دەگیرا. کەمێک دوورتر لە نەخۆشخانەکە بەرهەیوانێکی تازەدروستکراوی لێ بوو، هەموو پاشنیوەڕوانێک لەوێ یەکدیمان دەبینی و هەموومان زۆر بە نەزاکەت بووین و گرنگیمان دەدا بە هەر باسێک لە ئارادا بوایە. لەسەر ئەو ماشێنانە دادەنیشتین کە گوایە دەبوو بە هۆیانەوە دونیایەک جیاوازی لە تەندروستیماندا ڕووی بدایە.

دکتۆرەکە هاتە لای ئەو ماشێنەوە کە من لەسەری دانیشتبووم و وتی: پێش جەنگەکە، بە زۆری ئارەزووی چیت دەکرد؟ هیچ وەرزشێکت دەکرد؟"

وتم: "بەڵێ، فوتبۆڵ."

"چاکە، دەتوانی باشتر لە جاران یاریی فوتبۆڵ بکەیتەوە."

ئەژنۆم نەدەنووشتایەوە و لە ئەژنۆمەوە تا قولەپێم، لاقم باریک بوو, ماسوولکەی پووز نەمابوو. ئامێرەکە دەبوو یارمەتیی ئەژنۆم بدا بنوشتێتەوە و وای لێ بکات لە شێوەی پاسکیللێخوڕیندا بجووڵێت. ئەژنۆم هێشتا نەدەنووشتایەوە و کە دەگەیشتە ئاستی نووشتانەوەی ئەژنۆم، ئامێرەکە لەترێکی دەدا. دکتۆرەکە وتی: "ئەوە هەمووی تێدەپەڕێنیت. تۆ گەنجێکی خۆشبەختیت. ئەمجارە وەک قارەمانێک یاریی فوتبۆڵ دەکەیت."

لەسەر ماشێنەکەی تر مێجەرێک دانیشتبوو، دەستێکی بچکۆلەی وەک دەستی منداڵێکی ساوای پێوە بوو. دەستی لەنێوان هەردوو قایشی چەرمی ماشێنەکەدا دەهاتن و دەچوون و پەنجە ڕەقوتەقەکانی ئەویان دەجووڵاند. لەو کاتەدا

کە دکتۆر تەماشای دەستی دەکرد، مێجەر چاوێکی لە من داگرت و وتی: "منیش یاریی فوتبۆڵم پێ ئەکرێت، کاپتن-دکتۆر؟" ئەو شیربازێکی زۆر لێهاتوو بووبوو، پێش جەنگەکە لێهاتووترین یاریزانی شیرباز بوو لە ئیتالیادا.
دکتۆرەکە چوو بۆ ئۆفیسەکەی خۆی لە ژوورێکی پشتەوە و وێنەی دەستێکی بچووکی وەک دەستی مێجەری هێنا و دواتر دوای بەکارهێنانی ماشێن، کەمێک گەشەی کردبوو. مێجەر وێنەکەی بە دەستە باشەکەی گرت و زۆر بە وردی لێی ڕوانی. "برینداری جەنگ؟" پرسیی.
دکتۆرەکە وتی، "ڕووداوی کارگە".
مێجەر وتی. "سەیرە، زۆر سەیرە" و وێنەکەی دایەوە دەست دکتۆرەکە.
"بڕوات بە خۆت هەیە؟"
مێجەر وتی "نەخێر."
سێ لاوی دیکەش کە تەمەنیان وەک خۆم وا بوو، هەموو ڕۆژێک دەهاتن. هەرسێکیان خەڵکی میلان بوون. یەکێکیان بەنیاز بووبوو ببێت بە پارێزەر و یەکێکیان بە شێوەکار و یەکێکیان بەنیاز بووبوو ببێت بە سەرباز. کە لە ماشێنەکان تەواو دەبووین، هەندێ جار پێکەوە دەگەڕاینەوە بۆ کافێ کۆڤا. بە ڕێیە کورتەکەدا دەڕۆیشتین بەنێو شوێنی مانەوەی کۆمۆنیستەکاندا، چونکە ئێمە چوار کەس بووین، دەمانوێرا. خەڵکەکە ڕقیان لێمان بوو، چونکە سەرباز بووین. لە دوکانێکی شەرابەوە یەکێک هاواری دەکرد "مەرگ بۆ سەربازەکان!" کوڕێکی تریش جارجار لەگەڵمان دەهات و دەبووین بە پێنج، ئەو دەسرۆکەیەکی ڕەشی ئاوریشمی بە دەموچاویەوە دەپێچا، چونکە لووتی نەمابوو و بەتەما بوون بۆی دروست بکەنەوە.

لە ئەکادیمی سەربازیدا بووبوو، بۆ یەکەم جار چووبووە ڕیزەکانی پێشەوەی جەنگ و لە یەکەم سەعاتی پێکداداندا، پێکرابوو. دەموچاویان بۆ دروست کردبووەوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیبوو وەک خۆی لووتی بۆ دروست بکەنەوە. پێشتر لە ئەمەریکای لاتین، لە بانکێکدا ئیشی کردبوو. بەڵام ئەمە گەلێک پێش ئێستا بوو، ئێستا هیچمان نەماندەزانی دنیا چۆن دەبێ لە داهاتوودا. تەنها دەمانزانی کە هەمیشە جەنگ بەردەوام بوو، بەڵام ئێمە ئیدی بەشدار نەبووین تیایدا.

هەموومان هەمان مێدالی ئازایەتییمان هەبوو، جگە لەو لاوەی کە دەسرۆکە ئاوریشمە ڕەشەکەی بە ڕوخسارەوە دەبەست، ئەو هێندە لە بەرەی پێشەوەدا نەمابووەوە تا مێدال بەدەست بهێنێت. کوڕە سپیکەلە بالابەرزەکەی کە بەنیاز بووبوو ببێتە پارێزەر، سێ مەدالیای لەوانەی ئێمە هەبوو. ماوەیەکی زۆر بە مردنەوە ژیابوو و لە ژیان پچڕابوو. ئێمە هەموو پچڕابووین و هیچیش نەبوو پێکەوەمان ببەستێتەوە، جگە لەوەی کە هەموو پاشنیوەڕوانێک لە نەخۆشخانەکە یەکترمان دەبینی. هەرچەندە کە پێکەوە دەڕۆیشتن بۆ کافێ کۆڤا، لە شوێنە مەترسیدارەکانی شارەوە، لە تاریکیدا و بە لایتێکەوە و بە گۆرانییەوە لە دوکانی مەیەکان دەهاتینە دەرەوە و هەندێ جار ژنان و پیاوان قەرەباڵغییان لەسەر شۆستەکان دروست دەکرد و ئێمەش دەبوو پێکەوە تاو بدەینە خۆمان، تا بتوانین لێیان تێپەڕ ببین. هەستمان دەکرد ڕووداوێک پێکەوە گرێیداوین کە ئەو خەڵکانەی حەزیان بە چارەمان نەدەکرد، تێی نەدەگەیشتن. ئێمە خۆمان لە کۆڤا ئاسوودە بووین، شوێنەکی گەرم و گڵۆپەکانی زۆر زەق نەبوون، هەندێ کاتیش پڕ لە دەنگەدەنگ و دووکەڵ بوو. بە دیوارەکانەوە ڕۆژنامە هەڵواسرابوون و کچ

خزمەتی میزەکانیان دەکرد. کچەکانی کۆڤا زۆر نیشتمانی بوون، بۆم دەرکەوت کە نیشتمانیترین خەڵکی ئیتالیا، کچەکانی کافێ کۆڤا بوون – پێم وا بێ ئێستاش هەر نیشتمانین.
کوڕەکان یەکەم جار زۆر بە نەزاکەت بوون لەگەڵمدا و لەبارەی چۆنیتیی وەدەستهێنانی مەدالیاکەمەوە پرسیاریان لێ کردم. منیش کاغەزەکانم پیشان دان، کە بە زمانێکی زۆر جوان نووسرابوون و پڕ بوون لە وشەی برایەتی و گیانفیداکردن، بەڵام لە ڕاستیدا بەبێ ئاوەڵناوەکان، تەنها ئەوەیان دەوت کە مەدالیاکەیان داوە پێم، چونکە من ئەمەریکی بووم. دوای ئەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵمدا گۆڕا، هەرچەند هێشتا هاوڕێیان بووم، بەراورد بە دەرەکییەکان. من هاوڕێیان بووم، بەڵام هەرگیز یەکێک لەوان نەبووم، پاش ئەوەی کیتابەکانیان خوێندمەوە، چونکە جیاواز بوو لەوەی ئەوان، ئەوان شتی زۆر جیاوازیان کردبوو بۆ وەرگرتنی مەدالیاکانیان. من بریندار کرابووم، ڕاستە، بەڵام هەموو دەزانین کە برینداربوون لە ڕاستیدا ڕووداوێکی ڕێکەوتە. بەڵام من شەرمەزار نەبووم بە مەدالیاکانمەوە و هەندێ جاریش، دوای خواردنەوە، خەیاڵم دەکرد کە منیش هەموو ئەو شتانەم کردووە، کە ئەوان کردوویان بۆ وەدەستهێنانی مەدالیاکانم؛ بەڵام کە شەوان دەگەڕامەوەماڵەوە بە جادە چۆڵەکاندا و دوکان هەموو داخراو و بایەکی سارد هەڵیدەکرد، هەوڵم دەدا لە نزیک گڵۆپەکانەوە بڕۆم، دەمزانی هەرگیز ئەو شتانەی ئەوانم بۆ ناکرێ و هەر زۆریش لە مردن دەترسام. گەلێ جاریش بە شەوان لەسەر جێگەکەم ڕادەکشام و دەترسام بمرم و بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ چۆن بم گەر دووبارە بمنێرنەوە بۆ بەرەکانی پێشەوە.

سیانەکەی تر لە باز دەچوون، بازی ڕاوکردن. من باز نەبووم، هەرچەند بۆ ئەوانەی کە هەرگیز ڕاویان نەکردبوو، ڕەنگە منیش لە باز چووبم؛ بەڵام ئەوان، سیانەکەی تر، لە من زیرەکتر و باشتر بوون، بۆیە هێدی هێدی هاوڕێیەتیمان کاڵ بووەوە. بەڵام لەگەڵ کوڕەکەی کە زوو لە ڕیزی پێشەوە پێکرابوو، وەک هاوڕێ ماینەوە، چونکە ئەویش لای ئەوان هەرگیز وەک هاوڕێ قبوڵ نەدەکرا. من حەزم بە هاوڕێیەتیی ئەو دەکرد، چونکە پێم وا بوو ڕەنگبێ ئەویش هەرگیز نەیتوانیبێ باز بێ.

مێجەر، کە شیربازێکی مەزن بوو، بڕوای بە ئازایەتی نەبوو، ئەو کاتانەی پێکەوە لەسەر ماشینەکان بووین، کاتێکی باشی بە چاککردنەوەی ڕێزمانی منەوە بەسەردەبرد. پێیدا هەڵدام کە ئیتاڵییەکی باش قسە دەکەم. زۆر بە ئاسانی لەگەڵ یەکدی قسەمان دەکرد. ڕۆژێکیان گوتم کە ئیتاڵی زمانێکی هێندە ئاسانە بۆ من، چێژ لە فێربوونی نابینم. "بەڵێ،" مێجەرەکە وتی " کەوایە بۆ خۆت فێری ڕێزمانەکەی ناکەیت؟" بۆیە دەسمان کرد بە فێربوونی ڕێزمان. هێندەی نەبرد بۆم دەرکەوت ئیتاڵی زمانێکی هێندە گرانە، نەمدەوێرا لەگەڵ مێجەر قسە بکەم هەتا ڕێزمانەکەم لە مێشکمدا ڕێکدەخست.
مێجەرەکە بە بەردەوامی دەهات بۆ نەخۆشخانەکە. پێم وا بێ هەرگیز ڕۆژێک نەبووە، نەهاتبێ. هەرچەند دڵنیام باوەڕی بە ماشینەکانیش نەبوو. کات هەبوو هیچمان باوەڕمان بە ماشینەکان نەبوو، هەتا ڕۆژێکیان مێجەرەکە وتی ئەمە هەمووی گەمژەییە. ماشینەکان تازە داهاتبوون ئەو کاتە،

ئێمەی کە بۆ یەکەم جار بەکارمان دەهێنان، سەنگی مەحەک بووین. بیرۆکەیەکی گێلانە بوو، وتی "تیۆرییەکە وەک هەر تیۆرییەکی تر." منیش فێری ڕێزمانەکە نەبووبووم و پێی وتم من کەر و بێمێشکم و خۆشی بێئەقڵ بووە، کە کاتی بە فێرکردنی منەوە کوشتووە. مێجەر پیاوێکی بچکۆلە بوو، قنج دادەنیشت لەسەر کورسیی ماشێنەکە و توند دەستی بە دەسکەکەوە دەگرت و ڕاستەوخۆ تەماشای دیوارەکەی بەرامبەری دەکرد. قایشەکانیش زرموکوت سەروخواریان دەکرد، پەنجەکانی ئەویان دەهێنا و دەبرد.
"بەنیازیت چی بکەیت کە جەنگ تەواو بوو، ئەگەر تەواو ببێ؟" لێی پرسیم.
"بە ڕێزمانێکی باشەوە قسە بکەی!"
"دەچم بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان."
"ژنت هێناوە؟"
"نا، بەڵام هیوادارم."
وتی، "لەوەش کەرتریت کە ئەمزانی." پێدەچوو زۆر تووڕە بێت.
"پیاو نابێ ژن بهێنێ."
"بۆچی، سینیۆر ماجیۆرێ؟"
"پێم مەڵێ سینیۆر ماجۆرێ."
"بۆچی پیاو نابێ ژن بهێنێ؟
"ناتوانێ ژن بهێنێت. ناتوانێ،" بە تووڕەییەوە گوتی. "گەر هەموو شتێکیش بدۆڕێنێ، نابێ خۆی بخاتە ئەو هەلومەرجەی ئەوەیشی لەدەست بچێ. هەق نییە خۆی بخاتە حاڵەتێکەوە کە بدۆڕێ. هەق وایە شتێک بدۆزێتەوە، کە نەتوانێ لەدەستی بچێ."

زۆر بە توندی و تووڕەییەوە دەئاخاوت، ڕاست تەماشای پێشەوەی دەکرد کاتێک ئەمانەی دەوت.
"بەڵام بۆچی مەرجە لەدەستی بچێت؟"
"لە دەستی دەچێت،" مێجەر وتی. تەماشای دیوارەکەی دەکرد. پاشان بۆ خوارەوە لا ماشێنەکەی ڕوانی و دەستی لە قایشەکان دەرهێنا و توند کێشای بە ڕانیدا. "لەدەستی دەچێت!" وەک هاوارکردن وتی. "چەنە، لەگەڵ مەیە!" بانگی یەکێک لە سەرپەرشتیاری ماشێنەکانی کرد، "وەرە ئەم شتە لەعنەتییە بکوژێنەوە."
چووەوە بۆ ژوورەکەی تر بۆ وەرزشی ئاسایی و مەساج. دواتر گوێم لێ بوو داوای لە پزیشکەکە کرد کە تەلەفۆنەکە بەکار بهێنێ و دەرگاکەی داخست. کە هاتەوە بۆ ئەمدیو، من لەسەر ماشێنێکی تر دانیشتبووم. پاڵتۆکەی دابوو بە شانیدا و کڵاوەکەی لە سەر کردبوو، ڕاستەوخۆ بەرەو ماشێنەکەی من هات و دەستی خستە سەر شانم.
"من گەلێک پەشیمانم." وتی و بە دەستە باشەکەی چەند جارێک بە هێواشی کێشای بە شانمدا. "من هێندە بێحەواس نیم. ژنەکەم هێندە نابێ مردووە. دەبێ بمبووریت."
"ئۆه--" بە خەمەوە وتم، "زۆر بەداخەوەم."
بە پێوە وەستا و لێوی خۆی کرۆشت. "زۆر سەختە،" وتی. "خۆمم بۆ ئارام ناکرێتەوە."
بۆ دوور و ئەودیوی منەوە لە پەنجەرەکەی ڕوانی. پاشان دەستی کرد بە گریان. "بە هیچ جۆرێک خۆمم بۆ ئارام ناکرێتەوە" بە قوڵپی گریانەوە وتی. بە گریانەوە سەری بەرز کردەوە، فرمێسک بە هەردوو گۆنایەوە و لێوی خۆی دەگەزی،

ئەفسەرانە بەنێو ماشێنەکاندا ڕۆیشت و لە دەرگاکە چووە دەرێ.

دکتۆرەکە پێی گوتم، خانمی هاوسەری مێجەر، زۆر گەنج بووە و مێجەر نەیویستووە بیگوازێتەوە هەتا بە تەواوی دڵنیا بووە لەوەی بە هۆی برینەکەیەوە لە شەڕ ئازاد دەکرێ. خانمی هاوسەری بە هۆی هەوکردنی سییەکانیەوە گیانی لەدەستدابوو. تەنها چەند ڕۆژێک پێش مردنی، نەخۆش بووبوو، کەس پێشبینیی ئەوەی نەکردبوو دەمرێت. مێجەر ماوەی سێ ڕۆژ نەهاتەوە بۆ نەخۆشخانەکە. پاشان لە هەمان کاتی جارانیدا گەڕایەوە و قردێلەیەکی ڕەشی لەسەر قۆڵی جلوبەرگە سەربازییەکانی بەستبوو. ئەو کاتەی ئەو گەڕایەوە بۆ وەرزشەکان، چەند وێنەیەکی گەورەی لە چوارچێوەگیراو هەڵواسرابوون بە دیوارەکانەوە. وێنەی پێش و پاش برینداربوون و چاکبوونەوەیان بە هۆی بەکارهێنانی ماشێنەکانەوە. لەپێش ئەو ماشێنەدا کە مێجەر بەکاری دەهێنا، سێ وێنەی هاوشێوەی دەستە بریندارەکەی ئەو هەڵواسرابوون، کە دواتر چاکبووبوونەوە. نازانم دکتۆرەکە ئەو وێنانەی لە کوێ هێنابوو. من هەمیشە وا تێگەیشتبووم، ئێمە یەکەمین کەسانێک بووین کە ئەو جۆرە ماشێنانە وەکو چارەسەر بەکار بهێنین. وێنەکان بۆ مێجەر چ سوودێکیان نەبوو، چونکە ئەو لە پەنجەرەکەوە تەنها تەماشای دەرەوەی دەکرد.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | مێجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاڤ یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئیزرۆ ـ ئیریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵلا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | رەووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێڕان | میشل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | رەهەندەکانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چێخەف | دانا رەئووف | |
| ٨٢٥ | ستایش | سان ژۆن پێرس | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٨٢٦ | ریکلام و پەیوەندیی گشتی و بازارکردن | د. بەهادین ئەحمەد محەمەد | |
| ٨٢٧ | دیموکراسی و یەکسانی | ئیریک کیسلاسی | حەمە رەشید |
| ٨٢٨ | کوژرانی کابرای کتێبفرۆش | سەعد محەمەد رەحیم | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٩ | شاعیرە کوژراو و ستەملێکراوەکانی سەردەمی ئیسلام | حەسەن بارام | |
| ٨٣٠ | گەڕانەوە بۆ ماڵ | ولیەم سارۆیان | فاروق هۆمەر |
| ٨٣١ | قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ | | ئاسۆ کەریم |
| ٨٣٢ | ئۆزدەمیر و کورد | ئەحمەد باوەر | |
| ٨٣٣ | رێبازی دیکتاتۆرەکان | ئینیاتسیۆ سیلۆنێ | عەبدولخالق یەعقووبی |
| ٨٣٤ | سیکیولاریزم و دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیا | م. هاکان یاڤوز | عومەر عەلی غەفوور |
| ٨٣٥ | هەڵهاتن لە سیستەم | تۆنی سەغبینی | هەڵکەوت عەبدوڵلا |
| | | | |
| | | | |